کۆمەڵە چیرۆک

# نۆبەرەی مەرگم دیت

دڵشاد کاوانی

چاپی یەکەم ـ ٢٠٢٠

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵی کتێب. ژمارە ١٨**




**کتێب:** نۆبەرەی مەرگم دیت

**نووسەر:** دڵشاد کاوانی

**بابەت:** کورتە چیرۆک

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:** شۆڕش غەفووری

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

**چاپ:** دووەم

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (      ) ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوە.**

## پێشکەشە بە:

دانیا و داهێن و دانیاڵ، منداڵە چاوگەشەکانم

هاوسەری ژینم

بەوانەی لە ژێر سێبەری مەرگێکی قورسدا گیانیان سپارد

# پێڕست


| | |
|---|---|
| منداڵەکانی ئاگر | ٥ |
| نۆبەرەی مەرگم دیت | ١٠ |
| پیاوێکی ڕووت | ١٦ |
| تارای بوکی ئاشتی | ٢٢ |
| دوانزەهەمین بیرەوەری دوورترین شەوی دونیا | ٣١ |
| کۆماری حەسحەسە سوور و ڕەشەکان | ٤٠ |
| کوشتنی پشیلە لە ئاسمانێکی شەوێکی درەوشاوەدا | ٥٢ |
| ئیمپراتۆریای ژن | ٦٠ |
| سێبەری مەرگ لە مەملەکەتێکی | ٦٨ |
| گەڵای وەریو | ٧٥ |
| ماری ڕەش و داپیرەی ڕەش | ٨٢ |
| نمایشی پاڵەوانێکی دۆڕاو | ٨٨ |
| ڕازێکە سەخت | ٩١ |
| دواگەڕانەوە | ٩٣ |
| هەرگیز پاشگەز نابمەوە | ٩٧ |
| دووکەڵ | ١٠١ |
| ئاسۆیەکی ون | ١٠٣ |
| دێیەکی خاپورکراو | ١٠٥ |
| پیاوە هەژارەکە | ١٠٧ |
| نووسەری چاو پێڵاو | ١٠٩ |
| دادگا | ١١١ |
| ئەوەی نەموێرا بیڵێم نووسیمەوە | ١١٤ |
| لە پڕێك چۆن دەبێت بەکوڕێك | ١١٥ |
| لەبارەی نووسەر | ١١٦ |

# ١

# منداڵەکانی ئاگر

من ئێستا لە فیلاندم فێنك ترین شوێنی دونیا لە گەورەترین باخ و بێساتن لە نێو سەوز ترین و ڕەنگاو ڕەنگ ترین گوڵستانی بەهەشتی سەر ڕووی زەوی دام، بەدەم هاشەی ڕووبارو خوڕەی مەزنترین تاڤگەی بەرز هەندێ جار لەگەڵ هێزی پڕوشکەی ئاو دوولا دەبمەوەو لێوە لەرزێك دامدەگرێت گوێم لە چەقەی ددانم دەبێت. ناوە ناوە ماچێکی تەڕی پرتەقاڵی لە ڕووی گەشی شەنگە بێری تەنیشتم دەکەم و باسی چرقەی گەرمای شاری هەولێری بۆدەکەم.

ئەو کاتانەی لە گەڕەکی تەیراوە کە گەرما سوتێنەرەکەی گشت گیانی دەکردین بە ئاو ئارەقە، ئێمە پێنج منداڵی هەتیوی هەژاری بێ باوك بووین هەمیشە چاومان لە دەستی دەرو دراوسێ بوو، یانزە مانگمان هەژماردەکرد بۆ هاتنی مانگی ڕەمەزان تا پورە پەتییە زەکات و سەرفترەمان بۆ کۆکاتەوەو بۆمان بێنێت و یەکەو دوو تفی خەستیش بکاتە نێوچاوانمان و بەزمانە شیرینەکەی بڵێ هەی دواتان بڕێ، دەڵێی

کلۆنـە، گڵـحـۆو عاجباتیـن و سـن و کیسـەڵەن، بگـرن پـارەو سـەرفتە، چونکـە نەیدزانـی بـە باشـی بڵێـت سـەرفترە.

ئـەو مانگـەی ئێتسـا تێیدایـن هەمـان مانگـی تەمـوزی سـی و چەنـد سـاڵی پێشـە کـە رەمەزانـی تێدابـوو سـی و شـەش رۆژمـان تێـدا دەگـرت بـە شەشەکانیشـەوە ڕاسـتییەکەی نـان نەبـوو بیخۆیـن بـەڵام بەسـەر خۆمـان نەدەهێنـا، ئـەو ڕۆژەم بـاش لـە بیـرە کەوتبووینـە پانـزەی ڕەمـەزان لـە بـەردەم پانکـە مـل خوارەکـەی بـن سـەراپیتەی خانووچکۆکەمـان بـەردەوام وەك فرفرۆکـە بـە دەوری خۆیـدا دەخولایـەوە پێشـۆ کەپـو بەچڵمـی بـرام کـە بـە بیـردۆزە عەبقـەڕی جەهەنەمییەکانـی ناسرابـوو، یـان ڕوونـتر بڵێـم گـەورە ڕاوێـژکاری ماڵەکەمـان بـوو ئـەو دەیگـوت لـە باوکـم گوێـم لـێ بـووە ئـەم پانکەیـە زۆر کۆنـە و لـە سـەردەمی پاشـایەتیەو لەبـاوك و باپیرانمانـەوە بـە میـرات بۆمـان ماوەتـەوە «دەڵێـن کارەکـەرت بمـرێ، تەکبیرکـەرت نەمـرێ» داخـی گرانـم پێشـۆ عەبقـەڕی بـرام تەمەنـی زۆر کـورت بـوو ڕۆژێـك فایـزە گـوێ کورتـی دراوسـێمان خـۆی بـە ماڵـمان داکرد گوتـی شـادۆ پـێ بەقڕێـژ سـەیارەك وەسـەر پێشـۆی کـەوت چیقـڵاوی لـێ دەرهێنـا. سـاڵانێك بـوو دەیانگێڕایـەوە، دەیـان گـوت حاجـی فەرخـە بـە خاکەنـاس ماعیـدەو ریخۆڵـەی پێشـۆی خرکردبـوەو لـە تەلیسـێکی کردبـوو لـە دوای جەنازەکـەی ناردبوویـە گۆڕسـتانی شـێخ مـەلا رشـیدی بـە پـارە. کابـرای مـردوو نێـژ لـە بیـردەکات لەگـەڵ تەرمەکەیـدا بینێژێـت و سـەگێکی تـۆڕی لـەوێ ڕوو دەبێتـە تەلیسـکەو دەبیبـات بۆیـە ئێسـتاش لـەو وڵاتـەی کـە سـەگ بگـرە لـە مـرۆڤ بـە نرخـترە مـن هـەر ڕقـم لـە سـەگە.

جـا پێشـۆ هەمیشـە دەیگـوت لـە باوکـم گوێـم لـێ بـووە پانکـە بۆیـە مانـدوو نابێـت بـە حەفـت مەلایکەتـان دەیسـوڕێنن. ئـەو ڕۆژە نیوەڕۆبـوو بـێ پارشـێو بـە ڕۆژوو بویـن واتـا نەبـوو بیخۆیـن قـۆڕە قۆڕمـان بـوو، گەرمـا هێنـدە بـە تیـن بـوو دەتگـوت جەهەنـم بۆتـە دراوسـێمان و ڕۆژیـش هاتۆتـە سـەر بانـی ماڵـی ئێمـە، تـاو نـا تـاو جیقـۆ ڕشـکنی

خوشـکم تەمەنـی سـێ سـاڵان بووسـەری پڕبـوو لـە ڕشـك و ئەسـپێ لـە تـاو گەرمـا لـە چریکەژنـی دەداو دایکیشـم دەیگـوت جیقـە ڕشـکن دیسـان دەسـتیان لێوەشـاندەوە «ئـێ لەمـە چێـتران» دایکـم مەبەسـتی جنۆکەبـوو بـەڵام هەرگیـز لـە ژیانیـدا بـۆ جارێکیـش نەیدەوێـورا ناویـان بنـێ.

دایکـە تاقانەبـوو دەیگـوت نەنکـم یـەك جـار گوتبـووی جنۆکـە حەفـت کوڕیـان بـە جارێـك لێسـەندەوە سـەری خۆیـان ناوەتـەو جگـە لـە دایکـم وەچەییەکـی تـری بـۆ نەماوەتـەوە. لەنـاکاو بـێ یـەك و دوو لـە بـێ بەختـی و چـارە ڕەشـی خۆمـان پانکـە خۆشەویسـتەکەمان دووجـار بـە نـا بەدڵـی ملـی بـاداو لـەکار کـەوت ئیـتر بـۆ دواجـار نەسـوڕایەوە. ئـەو ڕۆژە دوای مردنـی باوکـم ئەمـە ناخۆشـترین ڕۆی ژیانمـان بـوو شـینمان دەگێـڕا لـەو کاتـەدا ناومـان لـە پێشـۆ نـا پێشـە درۆزن گوتمـان کـوا حەفـت مەلایکەتەکـەی پانکەمـان بـۆ بـادەدەن پێشـە بـەڕوی خـۆی نەدەهێنـا گوتـی بـۆ ئێـوە وا دەزانـن مەلایکەتـەکان سـەپانی ماڵـی باوکـی ئێـوەن دیـارە کـە چووینەتـە ماڵـە هەژارێکـی تـرو لـەوێ پانکـە بـادەدەن. هەروەهـا ئەمەشـی بـۆ خسـتە سـەر کـە ئەزازیـل و ساسـافیل هـەر دوو جنۆکەکـەی ماڵـی مـەلا خـدری بـە خورتـی دەسـتیان لە سـوتانی پانکەکەمـان دا هەیـە. ڕاسـتییەکەی پێشـۆ خـۆی کەیفـی بـە مـەلا خـدر نەدەهـات هـەر بۆیەشـە ئەمـەی بـۆ ڕێکخسـت.

ئـای چەنـد بـە درۆکانـی پێشـۆی ڕەحمەتـی دڵمان خـۆش دەبـوو، یاخـوا گـۆڕت پـڕ نـور بێـت بـرا خێـر لـە خـۆ نەدیوەکـەم. ئیـتر کـە پانکەکـە وەسـتا بـە تـەواوی بـێ چـارە بوویـن هەریکەمـان بەلایەکـدا کەوتیـن قیـژەی ئـەم کچـە تیمـەی خوشـکم دنیـای پـڕ کردبـوو لـە هـاوار، دایکـم نەخـۆش بـوو لەبـن جێـگا بـوو نـە دەجووڵایـەوە زۆرجـار شـەو نیـوە شـەو عـەزەی موزەمیـد ئـەو دەرزیانـەی بەسـەر دەچـوون دەهێنـاو لـە سـمتی دایکمـی دەئاژنیـن و دەیگـوت ئـێ خوایـە لێـت ببێتـە شـیفا.

بەهەرحـاڵ کـە دەچووینـە حەسارەکە سـەبەی کۆنکرێتـی و دیـوارە بلۆکە

سـواق نەکـراوەکان کـە پێشـۆ نـاوی نابـوو پەراسـوی بابـە گیـان سـوور دەبوونـەوەو برکیـان دەکـرد، بنـی پێـمان داغ دەبـوو، ناچـار بەڕاکـردن دەچووینـە ژوورەوە لـە حەمـام ئاوێـك بـە خۆمانـدا بکەیـن لەبـەر گەرمـی کـوڵاوی ئاوەکـە ناوێرایـن تەنانـەت دەسـتیش لەبـەر ڕاگریـن چونکـە تانکـی سـەربان سـوور دەبـوەوە وەك قوڕقشـم وابـوو دۆش دامایـن زۆر بـێ حـاڵ بوویـن. زۆر مانـدوو بوویـن غەمبـار بوویـن تاکـە هیوامـان پێشـۆی برامـان بـوو کـە سـەرکردەو گـەورەی ماڵەکەمـان بـوو، لەبـەر سـوتانی پانکـە ئەوەندەمـان پێگوتبـوو پێشـە درۆزن ڕوومـان نەبـوو داوای خوتەیەکـی جەهنەمـی تـری لـێ بکەیـن، سـەیرم کـرد ئەویـش زۆر بـێ هیـوا غەمگیـن دامـاو بـوو وابزانـم بیـری هـەر لـەلای حەفـت مەلایکەتەکە بـوو. منیـش خـۆم کۆکـردەوە تۆزێـك پەمپـم دا وورەم پێـدا، گوتـم دەی عەبقـەری بـرام چـی بکەیـن یـەك ڕاسـت قیـت بـووەو گوتـی ئاگر..ئاگـر دەکەینـەوە بـە ئاگـر خۆمـان ساردو فێنـك دەکەینـەوە! مـن شـۆك بـووم وام زانـی پێشـۆ تێـك چـووە خەلەفـاوە، بـە خـۆم گـوت رەنگـە لـە تـاو خـەم و بریسـییەتی و سـوتانی پانکـە چڵمنـی بـرام شـێت بووبێـت، ئاخـر لـەو چرقـەی گەرمایـەی مانگـی تەمـوزدا مـرۆڤ چـۆن بـە ئاگـر فێنـك دەبیتـەوە، لەبـێ چارەییـدا دەبوایـە بـۆ مانەوەمـان بـاوەڕ بـە هەمـوو درۆیـەك بکەیـن. پێشـۆ عەبقـەری ڕایکـردە سـەر بـان نـەورۆز ئاسـا بـە دارو چیلکـەو کۆنـە تایـە ئاگرێکـی گـەورەی کـردەوە هەموومانـی بـردە سـەر بـان و لـە دەوری ئاگـر کـۆی کردینـەوە، لـە بـەر تیشـکی ڕۆژ و گـڕی ئاگـر بەتـەواوی هەڵقرچایـن وەك مریشـکی برژاومـان لـێ هـات. دواتـر پێشـۆ عەبقـەری فەرمانیـدا سـەربازە ڕووتەڵەکانـی یـەك بـەدوای یـەك بـەرەو حەمـام ڕابکەیـن ئاوێـك بـە خۆمـان دابکەیـن، جـا لەتـاو گەرمـاو سـۆی ئاگرکـە ئـاوی حەمـام هـەر گەرماتـی نەبـوو، پاشـان کـە لـە گەرمـاو دەهاتینـە دەرەوە نەرمـە هەوایـەك لێـی دەدایـن، دەبـوو بـە کوێسـتانی کێڵـە شـین و فێنـك.. فێنـك دەبووینـەوە.

بــەم شــێوەیە پلانەکــەی پێشــۆ بلیمەتــی ڕەحمەتــی ســەری گــرت. ئیــتر ســاڵانێك بــەم جــۆرە ســەختی و کوڵەمەرگییــە گەرمــای شــاری هەوڵێرمــان بەرێکــرد. ئیڤێــڕا ئــەو کچــە شــوخ و شــەنگەی تەیشــتم بــە دەســت ئاماژەیکــرد. ئاگــر... پروشــکی ئــاو ئاگــری ئــەو جگــەرەی لا لێوتــی کوژانــدەوە.

**٢٠١٨**

۲

# نۆبەری مەرگم دیت

لە تەك شۆستەو لە پاڵ كەربەستۆنێكەوە كەوتبووم، نا لە لێوار كەناری دەریادا ڕاكشابووم، یان لە قوژبنە تەپ و تۆزاوییەكانی بیابان گینگڵم خواردوە، هەر ئەوەیە كە من دەزانم ئیتر مردووم.

لەو ئێوارەیەی تەرمەكەم لە ڕۆخ شۆستەی شەقامێكی ناو جەرگەی شاردا بە ئارامی خەوتبوو، وەرزی خەزانی گەڵاكان بوو لەگەڵ كزەبادا دەمەو مژی قووڵی جگەرەی دەستی حەمباڵێك چاوم لێ بوو ژمارەیەك گەڵا دەوەرین و دەكەوتنە سەر جەستەم، گوتیان ئەوەشیان فت تەنانەت كەس نەیدەوێرا تەرمەكەم هەڵگرێتەوە.

ئەو شەوەی لاشەكەم لە لێوار كەناری دەریایەكی ڕەش و بە حەشمەتی غەریبستاندا بەبێ نازی لە ناو بەستەڵەكدا كەوتبوو، لەگەڵ شەستە باران دەمم پڕ ببوو لە ئاو، هاشەی شەپۆڵەكان ماسی ووردیلەكانی دەخستە سەر ڕووم. هیچێك نەیان دەزانی من لە كوێم، ئەو نیوەڕۆیەی لە چرقەی گەرمای هاویندا لە بنمیچی سەنگەرێكی

سـەر سـنوردا جەنازەکـەم هەردەفابـوو بۆگـەن بوبـووم و هەناسـەم پڕبـوو لـە تـۆز، کـرم و مێـروو قـەپ و گەزیـان لێدەگرتـم و دەیـان کرۆشـتم و دەیـان خـواردم، مرۆڤێـکی نەناسرابـووم.

لـە ڕاسـتیدا هیچیانـم بـاش بیرنەمـاوە، تەنانـەت پێـش مـردن و پـاش مردنیشـم لێـڵ بـوو.

چاوم تەژی لە فرمێسك.

قورگم پڕ لە گریان .

هەناسە سوارم.

ئەوەنـدەی لـە تۆمـاری شریتـی زهنـم نەسـڕاوەتەوە و یادەوەرییەکانـی پـێ بەخشـیمەوە «ژینـەوس» ی هـاو مەرگـم بـوو، دەیانگـوت ئـەو قاڵتاغە لـە هەرێمـە دوورەکانـەوە لـە گـەڵ منـدا کـوژراوە، هەندێکیـش دیـان گێڕایـەوە لـە نـاو قووڵایـی دەریـادا لـە نێـو داشـقە بەلەمێکـی مافیاکانـدا بەیەکـەوە سـەرەو نگـووم بوویـن، هەندێکیـش وایـان لـە قەڵەمـداوە لـە ناوەنـدی شـەقامدا کەوتووینەتـە ژێـر یەخچـە یـەك و پڵیشـاوینەتەوە.

جگـە لــە مــەش هــەزاران چیرۆکــی هەڵبەســتراوی تــر ســەبارەت بــە مەرگـی مـن و ئـەو کەوتۆتـە سـەر زاری بونیادەمـە عەنتیکـە و لەوچـەو زمـان مقسـتەکانی ئـەو دونیایـە. ڕەنگـە ئێمـە هـەر یەکترمـان نـە ناسـی بێـت یـان ناسـیاو و گیـان دۆسـت بووبیـن یاخـود مـن ئـەوم کوشـتبێت و یـا ئـەو بکـوژی ڕاسـتەقینەی مـن بێـت، بـە تـەواوی لـە هیچیـان دڵنیـا نیـم بـەڵام چـۆن مـن پـێ بـە پـێ و دێ بـە دێ و شـار بـە شـار و هەرێـم بـە هەرێـم بـە دوای ئـەو ژینەوسـە نەفرەتییـەدا گـەڕام، ئەویـش پرچـك بـە پرچـك، بـەرد بـە بـەرد، گـرد بـە گـرد، لوتکـە بـە لوتکـە، چیـا بـە چیـا، دۆڵ بـە دۆڵ، دەشـت بـە دەشـت، بـە دوای منـدا گەڕابـوو هـەر دووکـمان گیـرۆدەی یـەك سـەربردەو نەزیرۆکـەو حەکایەتـی سـەر زارانیـن. دەشـێ هەردووکـمان دوای مـەرگ پیـاو چاکێـك بیـن و بووبیـن بـە نەزرگـەی بـە پەڕۆیـان، ژن منداڵـمان لـێ بخـوازێ و کـچ دڵدارەکـەی و کـوڕ دڵبـەرو

عەقڵ و چـاو دەسـت و قـاچ، بـۆ کوێـرو گێـڕو گێـل، دەکـرێ پیـاوی خراپیـش بیـن لـە نێـو گوفەکـەوە نێژرابیـن ژنـان تـف لـە گۆڕمـان بکـەن و منـداڵان گـوو لـە سـەر سـنگمان، پیـاوان میـز بـە کێلەکانمـان دابکـەن. ڕێـی تێدەچـێ هیـچ گۆڕیکیـش بوونـی نەبـێ و تەنانـەت ڕوفاتیشـمان نـە دۆزرابێتـەوە و تێکـەڵ بـە ئـاو بیـن و ماسـییەکان هەڵیـان کوڵـی وویـن یـان بۆگەنمـان لـە بیابـان بـەر بـادا ڕۆشـتبێ، یـا ئەوەتـە لـە حاویەیێکـی لا چەپـی شـار سـەگ و پشـیلە کەلاکەیـان خواردوویـن.

مـن لـە هەمـوو ژیانمـدا تەنیـا سـێ دیمـەن، سـێ چرکـە، سـێ جـار ژینەوسـم بینیـوە، کاتـێ لولـەی تفەنگەکـەم بینـی و هەڵسـایە سـەر پـێ شـیراندی بیانکـوژن، بیـان تۆپێنـن، بیـان خەسـێنن، ئـەو سـەگبابانە. جـاری دووەم کـە بینیـم بـە دەنگێکـی نووسـاو دەنووزایـەوە Helpe هەمووومـان دەخنێکیـن کەسـێك نیـە فریامـان کەوێـت. ئـای خودایـە تـۆ لـە کوێـی؟! دوایـن جـار بـە مەسـتی لەسـەر شۆسـتەی شـەقامێك دانیشـتبوو گۆرانـی دەچـڕی و قونـی بـادەدا. زۆر جـار لـە هەوڵـە نەزۆکەکانـی ئـەو رزگارم بـووە کـە پیلانـی کوشـتنی بـۆ مـن داڕشـتبوو، یاخـود کاتـێ سـیخوڕی بەسـەر منـەوە دەکـرد ڕیسـم لـێ دەکـرد بـە خـوری، ئـەو پێـی وابـوو مـن بوومەتـە هـۆی نـە هامەتـی بـۆ ئـەو.

تـا دواجـار لـە کۆبوونەوەیەکـی نهێنـی بەرزەخـدا ئـەوم بینیـەوە، پێـم گـوت مـن چ لـە گۆڕێکـی کاشـی سـیرامیك و گردێکـی زەبـەلاح و هـەزاران دۆلاری لـە پـاش بـە جێـماوت بکـەم ژێـر سـێبەری داری زەیتـون، قوفلـی دەرگای ئەلەمنیـۆم، ڕیـزە بۆتـگاردو پاسـەوانە شـان و مـل پانەکانـت بـە مـن چـی؟ هـەر لەکاتـی ناشـتنمدا سـەرە دیقانێیـان لەگـەڵ کچەکەتـدا دەکـرد و حەرامزادانـە قـۆڵ و باسـکە شـل و نەرمەکـەی خێزانەکەتیـان دەگوشـی و خۆیـان لـە سـمت و ڕانـی دەخشـاند. بەشـێکیان بـە دوای پـارەو هەندێکیـان شـین و شـەپۆڕی پلـەو پایەکـەت بـوون.

لـە بـڕی نـزاو تەلقیـن و کفـن و دفـن، هـەر زیـق و فیـق و چەپڵـەو

دەهـۆڵ لێـدان بـوو، فەرشـی سـوورو چڵـە زەیتـون و عەتـرو بخـوورت بـە مـن چـش؟ کـوڕە عینـگ وەشـێنەکەت لەگـەڵ کیـژۆڵان سـەرقاڵی سـیڵفی و سـناپ و تیکتـۆك و وێنەگرتـن بـوو. خوایـە ئەمـە چ مەڕاسـیمی ناشـتنێکە ئەمــە چ بــێ بەختییێکــە ئەمــە چ قەدەرێکــە لــە بــڕی قوربانــی ئــاژەڵ مرۆڤـت بـۆ سـەر بـڕن لـە بـڕی ئـاو بـە مـەی بتشـۆنەوە، لـە بـڕی کفـن ئـالات تێـوەر پێچـن. هەرگیـز ئـەوەم لـە دڵ دەرناچـێ نـەم زانـی ژینـەوس گەرەکـی بـوو شـتێ بڵێـی کەچـی زمانـی تەتەڵـەی دەکـرد گوتـم حەپـۆڵ دەڵێــی شیشــی ســورکراوەت خراوەتــە ســەر زمــان، پێڵاوەکانــی لــە پــێ کـردەوە سـەیرم کـرد زمانـی بـڕاوەو بـۆی کراوەتـە بـە نـاو کەفـی پێـڵاو. هـەر زوو ئەوێـم جـێ هێشـت سـەرێکم لـە کۆنـە گۆڕسـتانەکەی کاوانیـان دا لـە وێ چوومـە سـەر گـۆڕی خـۆم، مـام عـەودم بینـی ئارەقـەی ڕەش و شـینی کردبـوو لەگـەڵ بەرزکردنـەوەی پاچـە دەسـك شـینەکەی دەسـتی وەك سـەمای زۆمبـا بـکات بـە هانـە هـان دەیگـووت حـە حـە حـە ئـەم دەنگـە لـە بـەر گوێـم هنـدە ئاشـنابوو پێـم خۆشـترین سـەنفۆنیای جیهـان بـوو.

پاچەشــین هەمیشــە یەکــەم هێــماو نیشــانەی مردنــی کەســێکی ئاوایــی بـوو دوای بانـگ ڕاهێشـتن لـە مزگـەوت پاچەکـەش بـە غەمگینـی دەچـووە سـەر ملـی مـام عـەود. سـەیرێکی دارە بازەکـەی خـۆم کـرد هەمـان دارە بــازە کۆنەکــەی جــاران بــوو کــە لــە نــاو دەیــان دەســت بــە زەحمــەت دەســتێکم پــێ دەگەیشــت کــە هەڵــمان دەگــرت چیــڕە چیــڕی دەکــرد، ڕەنگـە ئـەو دارەبـازە سـوێندی خواردبـێ هەمووومـان یـەك لـە دوای ئەویـتر بـەڕێ بـکات.

لـە بییرمـە کـە منداڵ بـووم لـە گـەڵ هێمنـی هاوڕێـم بـە نـۆرە لـە نـاوی ڕادەکشـاین چاومـان دادەخسـت و متقـمان لـە خۆمـان دەبـڕی و خۆمـان دەمرانـد ڕەنگـە حـەزی مردنـی منداڵێـك فزوڵتریـن حـەزی دونیـا بێـت. نـاکام چـاوم کەوتـە سـەر خێزانـم بـە دوو ژن بـن باڵیـان گرتبـوو شـین

و شــەپۆڕی دەکــرد، لــە لایــك دایکــە کەنفــت و دامــاووم بــە چەفیەییێکــی سـپیەوە تەسـبیحە سـەت و یـەك دانەکـەی لـە ملـی ئاڵاندبـوو قورئانـی بـۆ ئاسـمان بەرزکردبـووەوە وەك ئـەوەی بیـەوێ ئاسـمان بـە قورئـان سـوێند بـدات.

خوشــکەکانم بــرا برایــان بــوو، براکانــم مــات و مەلــول بــوون باوکــم دەیگـوت ڕۆڵەگیـان پشـتم شـکا. پیرەمێردەکانیـش لـە دەوری ئاگـری ژێـر دار بەڕووەکـە بازنەیەکـی ئەلقـەی زکـری دەرویێشـیان دروسـتکردبوو باسـی سـاڵی هـات و نەهـات و سـن و کیسـەڵەیان دەکـرد. ژنـە ڕەش پۆشـەکانیش چەفیەکانیـان لـە دەمیانـەوە گرتبـوو چـاو بـە فرمێسـك بـوون گەنجەکانیش فیـت و هـۆڕی جگەرەیـان بـوو، گوێـم لـێ بـوو یەکێـك قورمانـدی و دەڵـێ قووڵـتری بکـەن وایدەزانــی بــاب کوشــتەی ئــەوم بــە مردوویــش دێمــە دەرەوە، خـاوەن قەڕزەکـەم خـۆی لـە سـەر چـۆك ڕانەدەگـرت، تریـژەی کچـە دراوسـێمان دەنووزایـەوە دڵنیابـوو دوای مـن کـە سـێکی تـر نامێنـێ دەسـتی بـۆ باخەڵـە خێـر لـە خـۆ نەدیوەکـەی ببـات و جلـەوی حـەزی بـۆ سـندم بـکات.

هەندێــك دیانگــوت حەیــف هــەزار حەیــف، هەندێکیــش دەیانگــوت ئۆخـەی، گەڵحۆیـەك بـە لاقرتێـوە تێیـەوە سروانـدی و هـاواری دەکـرد هەتا زووە بیشـارنەوە، خەریـك بـوو بـە ڕوویـدا بتەقمـەوەو بڵێـم سـەگباب تـۆ چ پەلەتـە کاڵـەك خـۆری یـان بیسـتان ڕنـی. باوڕتـان بێـت هێنـدە دڵتەنـگ بـووم هەڵێنجـم دەدا خەریـك بـووم بەسـەر تەرمەکـەی خۆمـدا بڕشـێمەوە، هێنـدە بـە بـێ نـازی بـە پەتۆییێکـەوە بـەرەوو قـوڵای گۆڕەکـەم شـۆڕیان کردمـەوە، ئـەوان خەریکـی خـۆڵ بـە سـەر داکردنـم بـوون ئـاگام لـێ بـوو دوو کــەس لەوبــەرو ئەوبــەری گۆڕەکــەم بــەرەو ڕوو دەســتی یەکتریــان گـرت و وەکـو گامێـش لەسـەر سـنگم هەڵدەپەڕیـن.

دواتــر بلۆکێکیــان لــە لای ســەرووی گۆڕەکــەم دانــا مــەلا لــە ســەرییەوە دانیشــت و بــە دەنگێکــی کــزو لەرزۆکــەوە خەریکــی خوێندنــەوەی

تەڵقینـم بـوو یەکێـك هـات سـەری هێنایـە پێشـەوە بـە گوێـی مـەلادا چرپانـدی دەڵێـن ئـەو نیـە یەکێکـی تـرە.

کەچـی مـەلا تەڵقینەکـەی نەپچڕانـدو بـەردەوام بـوو. دەیگـوت ئـەوە ئەتـۆی مـردی ئـەی کـوڕی ئـادەم دێنـە سـەرت دوو..دوو... بـۆی تـەواو نەکـرا. دواتـر بـە دەسـت هەنـدێ خوڵـی خسـتە سـەر سـنگم و هەڵسـایە سـەرپێ و لـە بـەر خۆیـەوە وورتەیەکـی کـردو تێگەیشـتم کـە گوتـی ئـەوەش تـڕو تـڕ ڕۆیـی.

خەریـك بـووم شـەرواڵە شـڕو دڕاوە تۆزاوییەکـەی داهێنـی کـوڕم هەڵدەکێشـایەوە بینیـم ئاپـۆڕی خەڵکەکـە هەموویـان پەرتەیـان کـرد گوێم لـێ بـوو داهێنـی کـوڕم بـە دوای دایکـی کەوتبـوو بـەدەم ڕاکردنـەوە دەیگـوت دایکـە.. دایکـە باوکـم لێـرە بـوو.

**ئۆکتۆبەر / ٢٠١٨**

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لەسـاڵی ٢٠١٩ خـەڵاتی یەکەمـی فیسـتیڤاڵی مـاَلی کتێبـی وەرگرتـووە.

# ٣

# پیاوێکی ڕووت

کەس بە درووستی نهێنی پیاوە ڕووت و سەوزاویکە نازانێت کە لە بەرزترین شوێنی ئەو شارە گیری خواردوە، لە شێوەی هەڵۆیەکەوە هەڵکورماوەو سەری خۆی بۆ خوارەوە بە سەر شارە سەوزەکەدا شۆڕکردۆتەوە، ڕیشە سەوزە گیایەکەشی لە شێوەی گوریسێکی هەزار سەرەوەو بەقەد درێژایی حەزیاییەکی زۆر گەورە بە بەژنییدا سوڕاوەتەوەو هەر وەك لاولاوە خۆی تێ ئاڵاندوەو بەرەو خواربۆتەوە، قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەژنۆکانی و خودکارە قامیشەڵانەکەی لە سەر لاپەڕە گەورەو زەبەڵاحەکەی کتێبەکەی دەستیدا لەنگەری گرتووە. خەڵکی شاری لە نگەروود بە ڕەمزی هەموو چاکەو خێرو خۆشی شارەکەیان دەزانن، پێیان وایە کە ماوەی دە هەزار ساڵێك دەبێت ئەو پیاوە بێ جوڵەو ماقوڵانە لە شوێنی خۆیدا ڕوونیشتوە، شاری لەنگەروودی لە هەموو خراپەکاریەکانی دنیاو چاوی ئیرەیی پاراستووەو چاودێری هەر ڕووداو ئەگەرەکانی ئەو شارە دەکات. کەچی خەڵکی شاری

سیاهکەل کـە تەنیـا یـەك چارێگـە ڕێگـەو سـەت و نـەوەت و دوو باڵـە فڕکە لـە لەنگـەروودەوە دوورە، رکابەریەتیـەکی بـێ وێنەیـان لەگـەڵ خەڵـکی ئـەو شـارەدا هەیـە بـە پێچەوانـەوە بـە دوژمنکاریەتیـەکی زۆرەوە تێـی دەڕوانـن، وای بـۆ دەچـن خراپتریـن کـەسی سـەر رووی زەویـەو سـەری هـەوران بنـی گەوارانــە، بۆتــە مایــەی هەمــوو خراپەکارییــەکانی دنیــا و مێژوکــەشی لــە شـومترین رۆژانی مرۆڤایەتیـەوە دەسـت پێـدەکات.

ڕەنگـە هیـچ لایەکیـان بـە درووسـتی لـە نێهێنـی و هاتنـی ئـەو پیـاوە غەیبانیەتـە نەزانـن، کـە چـۆن لـە یەکێـك لـە درێشـترین شـەوی زسـتاندا لـە کاتی لافـاو و زریـان کوتـان و ئافاتـدا، کـە تـەواوی دنیـای خسـتە ژێـر ڕکێفـی خـۆی بـۆ بەیـانی خەڵـکی شـاری لەنگـەروود لـە سـەر تەختـە و بـن کـەل و پـەل، سـەر دیـوارە داڕمـاوەکان و قـەدی درختـە زەبەلاحـەکان، لەنێـو قـاوغ و بەلەمـە نیـوە شـکاوەکان و کەشـتیە سـەرەنگومەکان، یـان ئـەو شـوێنانەی کـە ئـاو هەڵـی نەلوشـیوون ئـەو پیـاوە سـەوزاویەیان لـە بەرزتریـن لوتکـەی شـاری لەنگـەروود بینـی، کەوتبـووە سـەر «شـیەتانکێو» لـە شـێوەی قەڵایەکی زۆربـەرز بـە سـەر تـەواوی شـار دەیـروانی تاکـە بەرزایـی ناوچەکەبـوو، بـە بەرزتریـن و سـەر سـەخترین بنـاری دونیـا دێتـە هەژمـار، بـە سـەدەها بگـرە هەزارەهـا پەیـژەو چەندیـن ڕێچکۆکـە تەسـك و حاسـێکانی دونیـا لـە نێـو تاریکـە شـەوە دارسـتانییەکانی ئەوێـدا سـەر دەکەوێـت، تـەواوی پێغەمبـەران لــەوێ پەیامــی پێغەمبەرایەتیــان پێدەگەیشــت چونکــە نزکتریــن شــوێن بـوو لـە عـەرشی خـودا، هەمـوو فەیلەسـوفەکانیش لەوێـوە بیردۆزیەکانیـان دەسـوتاند، زانـاکان کەوڵدەکـران و پێسـتییان لـێ جیادەکرایـەوە، داهێنانەکان دەسـوتێندران، سـەرکردەو فەرمانـدەکان سـەرکردایەتی و فەرمانڕەوایەتیـان لـێ دەسـەندرایەوە، سـەربازو هێـزەکان پیـادە دەکـران، هەزارەهـا مـرۆڤ بـێ سـەر دەمانـەوەو سـەر بـێ جەسـتە، ژن بـێ مێـردو مێـرد بـێ ژن، کـوڕ بـێ گـون و گـون بـێ کـوڕ، کـچ بـێ حـەز و حـەز بـێ کـچ، لەشـکرە شـەوانی و شـەیتانیەکانیش هـەر لـەوێ کۆدەبوونـەوە بەرنامـەی ڕۆژانـە یـان

دادەڕشت، بۆیە شەوانە هەزارەها دەنگی غەریب و عەجیب، دوور لە بیستن و تێگەیشتن مرۆڤ دەهات، گرمەو تەپە، نەڕەو هۆسە، هاڕە هاڕ، سیکە سیك، قیژە قیژ، جیرە جیر، جیقە جیق، فیقە فیق، فیتە فیت، هاڕژنی بەهێز دەبیسترا، ئەو شەوانەی کە شەڕی چاکەو خراپە، ئاگرو ئاو، هەق وناهەق، خۆش و ناخۆش، تێرو برسی، پاك و گڵاو، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، دیندارو بێدین، ئەهرومەزو ئەهریمەن، خوداو شەیتان، دەستی پێدەکرد. هیچ کەس نەی دەوێرا لە نێو ماڵەکانیاند سەر دەربێنێت، مرۆڤ لە پێخەڤ، زیندەوارن لە کونەکانیان، چۆڵەکە لە هێلانەکانیان، هیچ کەس بەرگی خۆی دانە دەکەند و نەی دەتوانی بۆ دەرەوە ملە قوتەبکات و سەیری ئەو ناوچەیە بکات. تەواوی ئاسمان دەبوو بەگرمەو بروسك، هەورە تریشقەو ئاگرباران، تەواوی دنیا غەرقی بۆنی گەنیو و سۆتماکە و خۆێن و زیخاو دەبوو. تەنیاو تەنیا تەیری خەبەرنێر نەبێت، بەشەو لەم وێرانستانە رادەماو بەیانیش ڕاستییەکانی شەوی وەك خۆی بێ زیاد و کەم بۆ خەڵکی لەنگەروود دەگێرایەوەو دەیقریواند: هیچ کەس ناتوانێت لەوێ نزیك بێتەوە کۆتای هەموو شتێکە خاڵی دوای هەموو ژمارەیەکە هیچ کەس پەی پێ نابات، ئێوە نازانن چی ڕوودەدات چۆن ئەوانەی چوون و نەهاتنەوە، بۆ هەرگیز نایێنەوە، ئێوەمانان بۆ ناڵێن لە دوای ئێمە لە پشت ڕووداوەکان چی هەیە؟ جگە لە مرۆڤ کێی تر دژییێت، ژیانێکی تر، جیاواز تر، لەوەی کە هەیە. بۆ هەرگیز باوڕناکەن بەوەی کە هەیەو بەوەی کەمن دەی بینم، ڕاستە پێم وتراوە کە هەموو شتێك بێ کەم و زیاد بۆتان باس بکەم بەڵام من چاك دەزانم ئێوە ئێستا سەرتان دێشێت ڕۆرژانە بە سەدان بەستەو هەزارەها حەبی سەر ئێشە دەخۆن، گوێکانتان تەپ دەبێت و پەنجەی قلیچەکانتان تێوەر دەدەن، دەهۆڵی تێدا دەکوترێت، چاوەکانتان هەڵدەگلوڤن، ڕەشکەو پێشکەدەکات، سەرتان دەخورێنن وەك ئەوەی ئەسپێ چووبێتە کەوڵتان، هەر دەبێت بیگێرمەوە رەنگە ئەو

گێرانــەوەی مــن گوێکانتــان کــەڕ بــکات، چاوەکانتــان کوێــرو دەمتــان لاڵ، بــەلای کەمــەوە دەبێــت میــز بکەنــە بەر خۆتــان، ئەمــە هەموو ئەو ڕاســتیەیە دەبێــت هەمووتــان بیزانــن، کــە هــەر ئێوەنیــن و کەسێکی تــر هەیــە لــە ئێوە ســەر کێشــتر و ســەر ســەختر، هەمووتــان بــۆ ئــەو دەژییێــن و بــۆ ئەویــش دەمــرن. تاکــە کــەس تــوانی لــە شــەوێکی شــەڕانیەکان و لــە گرمــەی ئاگربــاران و هەوەســت بازییەکانــدا خــۆی بگەیێنێتــە ســەر بــەرزای «شــەیتانکێو» بــە ســەدان ســاڵ ســەر بکەوێــت و هەمــوو تەمــەنی بەڕێکردنــەوە ببڕێــت، بــۆ ساتێکی کــەم پشــوو نــەدات تاکــو دواین خاڵــی پاش ســفرەوە بچێــت، هەموو حەقیقەتــەکان وەك خــۆی بــۆ ئێــوە لــە ڕێگــەی مــن بگەڕێنێتەوە، عیســا ئاســا بارگــەی مرۆڤایــەتی بگرێتــە کــۆڵ، شــەڵاڵی خوێــن و پێــکانی شــاقەڵی بریــن بێــت و بــەدوای ڕاســتییەکان بکەوێت، پشــکی شــێری ئــازارو ئەشــکەنجە، خەم و وەهــم، تــرس و شــەکەتی ماندوبــوون، ئــاخ و ئــۆف و بڤــە و ســەر ئێشــە ببینێــت، مــن نازانــم ئــەو پیــاوە کێیــە؟ ڕەنگــە هەمــان ئــەو پیــاوە بێــت کــە لــە ســەر بــەرازی «شــەیتانکێو» کڕنــۆشی بــۆ قەڵــەم بــردووە، ڕیــشی تێکــەڵاو بەڕەگــی خــاك دەبێــت، ســەر بــۆ هەمــوو مرۆڤایيــەتی دادەنوێنێــت، یــان ئــەو پیــاوە هــەر خــۆی بێــت ئــەوەی کــە ئێمــە دەی زانیــن و ناوێریــن بیڵێیــن، کوێــر دەبیــن، کــەڕ دەبیــن، دەمریــن، دەژیــن، ڕووت دەبیــن، ڕەجــاڵ دەبیــن، پیــس دەبیــن، حیــز دەبیــن، یــان هەژارمــان دەکات، عیتابمــان لــێ دەگــرێ، غــەزەب بارانمــان دەکات، لــە هەمــان کات گوڵبارانمــان دەکات، نانمــان دەدات، بــارانی ڕەحمەتمــان بــە ســەردا دەبارێنێــت، دواتــر ســەرەو ژێرمــان دەکات، کوتــك ڕێــژ و ســینگ کوتراومــان دەکات، بــەڵام ئــەو ســوێندی خــوارد گــوتی: خۆیــەتی خۆیــەتی قەســەم بــە هەموو شــتێك خۆیــەتی، دەشــیگوت: ئیــتر کەس نازانێــت ئــەو ڕێگایــە ســەخت و هــەرە تەســکانە چیــن کە پــڕن لــە زەحەمەتی مــان و نەمــان، گەیشــتن و نەگەیشــتن، چــون و نەچــون، ڕاســت و چــەوت، بــن بەســت و بــەر بەســت، هــەزاری بــەر هــەزاری، هــەر ســەرکەوتن و پەڕینــەوە هــەر ڕێکــردن و خــۆ ڕنینــەوە، هەڵزنــان بەرزتریــن لوتکــە، پەڕینــەوە لــە ئــاو،

هەڵخشـان بـە باڵاتریـن دار باڵاتـر لـە هـەور و بورسـکە، ڕێکـردن بـە سـەر پـەڕی لاو لاواوەو بـەرەو قوڵایـی ئاسـمان، پـێ خسـتنە سـەر هـەواو بازدانـە لـە سـەر هیـچ، خۆشـۆڕکردنەوە بـە ڕەگـی خـاك و خلیسـکانێ لـە سـەر قـەدی تاڵـە مـووەکانی ڕێـشی پیـاوە سـەوزاوییکە، گوتیـشی: وامەزانـن ئـەوەی دەیبینـن تەنیـا بەردێکـەو بەشـێکە لـە خـاك و خـۆڵ و سـەوزایی هیچـی تـر، ڕاسـتە ناجوڵێـت و بەشـێکە لـە بـەرد، بـەڵام چـاوی بـە هەمـوو لایەکی شـاردا دەسـوڕێنی ئـاگاداری هەمـوو بـزەو پسـتەیەك و نیـاز و مەرامێـکی بـاش و خراپـە. ڕۆژانـە کـە هـەزارن کـەس بـە شـەقام و کۆڵانەکانـدا دێـن و دەچـن، ئەوانـەی کـە خەریـکی گیرفـان بـڕی، چەقـۆ وەشـێنی، بـێ ویـژدانی، قۆڵبڕیـن و سـیخوری کـردن، یاخـود ئەوانـەی خەریـکی خـۆ ئامادەکـرنی ئاهەنـگ و جـەژنی لـە دایکبـوون، ڕۆژی دایـك و بـاوکان و خـۆش گـوزەرانی، سـەفاکردن و مەسـت بوونـن، یـان ئەوانـەی ڕۆژانـە وەبـەردام بـازارو کوچـەو کۆڵانـەکان دێـن و دەچـن، سـەیری جامـە کریسـتاڵییەکانی شـار دەکـەن و بـە سـگی بـرسی لـە سـەر کارتـۆن و شۆسـتەکان دەخـەون، شـەوانیش ئـاگاداری هەمـوو ماڵێـك و خەوگایـەك، بـن هـەر دار و دیوارێـك و نێـو پـارك و هۆتێل، سـەر شـەقام و کۆچـەو کۆڵانـەکان، دزییـەکان، کوشـتنە پەنهانـەکان، تلیـاك خـۆرەکان، بارزگانـانی نیـوە شـەو، دزو حیـزو گـەوادەکان، سـەگ و پشـیلە، پۆلیـس و حەسحسـەو یاسـاوڵەکان.

تەنانـەت ئـاگاداری هەمـوو نووسـتە تەنهـاکان و جووتبوونەکانـە، بگـرە گوێبیسـتی پسـتە پسـت و مرشـە مـرشی بـن پێخەفـی ژن و مێـردەکانی شـاری لەنگـەرروودە، تـەواوی ڕاسـتییەکانی شارنشـینەکە دەزانێـت، هەمـوو مێـژوو و حەقیقەتـەکان وەك خـۆی دەنووسـێتەوە، کتێبەکـەی پـرە لـە سـەروەری و نهێنـی و ڕازی سـەر سـەخت. پێشـێلی و دەسـت درێژییـەکان بـن بڕینـەکان، تێبڕینـەکان، سـەر بڕینـەکان، گیرڤـان بڕینـەکانی قەرەباڵغـی نـاو شـار، ڕۆژان و شـەوان چاودێـری گەشـتیاران دەکات، جوڵـەو هەڵسـوکەوتی کـوڕ و کچـە تـازە وەخۆگەیـوەکان و هەمـوو ماچـە پەنهانـەکان، نیـوە ڕەحـەت بوونـەکان

و خـۆش پەڕینـەکان دەکات، ڕۆژانـە چەندیـن گەنـج لـە ژێـر سـێبەری ئـەو پیـاوە خەریـکی شـەڕە چەقـۆن، نێربـازەکان بـە خۆیـان ومنداڵـی لوسـکە، موعتـادو مـەوادی تـازە، هەمـوو بەیانییەك تەرمی کەسـێکی نەنـاسرا و، یاخود لاشـەی نیوەگیـان دەیـان کچـی تـەڕو ناسـك کـە لـە تاریکایـی شـەو خۆیـان لـە جەسـتەی ڕووتی پیاوەکـە دەخشـاندو دوو مەمکەکانیـان دەخسـتە نێـو دەم و دەسـتیان بـەلا ڕان و سـمت و نێـو گەڵـی دادەهێنـا، خوێـن لـە ئەعزای لەشـیانەوە فیچقـەی دەکـرد و تـووشی خوێـن بەربـوون دەبـوون. ڕۆژانـەش هـەزاران گەڕیـار سـەردانیان دەکـرد و وێنـەی یادگاریـان لەگـەڵ دەگـرت، خزمەتگـوزارو کەناسـەکان پـەڕو کاغـەزە دڕاوەکان و پـەڕۆ پسـبووەکان و پاشـماوەکانی گەڕیدەکانیـان پـاك دەکـردەوە، ڕۆژانـە شـەڕی مـان و نەمـانی لەگـەڵ ڕۆژو سـێبەر دەکـرد، هـەزاران ڕۆژی ئاوادەکـرد، بـووە شـایەتحاڵی هەمـوو ڕووداو گۆرانکارییـەکان، کودەتـا و یاخـی بوونـەکان، دووبـەرەکی و خـۆ خۆریـەکان، شـەڕو شـۆڕو نەهامەتییـەکانی شـاری لەنەگـەڕوود. تاکـو ئـەو ڕۆژەی دوایـن ڕاپەریـن دەسـتی پێکـرد، هەمـوو شـتێك گـۆڕدرا هەمـوو شـوێنەکی شـار کاوڵبوو، شـار بـە تەواوی سـوتێندرا، گـڕ بەری ئاسـمانی دەگرت و خوێـن سـەری مرۆڤـی دەبـرد، لـە هـەر لایـەك، هوتـاف و دروشـمی تـوڕەو یاخـی بـوون بـوو، بـە هـەزاران خەڵـك ڕژانـە سـەر بەرزایـی گۆڕەپانەکـەو بـە بـەردو گولـەو ڕاکێشـانی گوریـس و دوای ئۆتۆمبیـل خسـتن، پەیکـەرە زەبەلاحەکەیـان خسـتە خـوارەوەو کتێـب و قەڵەمەکـەی دەسـتیان ووردو خاشـکرد.

**لەنگەروود**

**تێبینی:**
ئـەم چیرۆکـە خـەڵاتی دووەمـی فێسـتیڤاڵی لاوانی ڕێکخـراوی ئـازادی لاوانی بـۆ سـاڵی ٢٠٠٩ لـە هەولێـر وەرگـرت.

٤

# تارای بووکی ئاشتی

دوای کوشتنی خاتوو ئینانا ویژدان نە هەژا خوا لە کەس زویر نەبوو ژیان تێك نەچوو شەڕیش بێ کۆتا نەبوو، هەموو خراپەکارییەکانی دونیا بەردەوامە تەنیا یەك شت مرد ئەویش جوانییەکانی روحی ئینانا بوو کە چۆن بۆ ئاشتی و بۆ رزگاری ژیانی مرۆڤەکان و لێقەوماوانی ئەو سەری جیهان تارای بوکێنی پۆشی.

ئەمە ئەو پارچە نووسینەبوو کە بەر لە خۆکوشتنی میرەی پەنابەری کورد لە ئۆپسەلا لە سەر زەلفی نامەیەکی بەتاڵ و بێ ناونیشان لە ژێر ناوی بۆ «بوکی ئاشتی لە هەرکوێیەکی ئەو دونیایە بیت» دۆزرایەوە، هەر چەندە چەند جارێك ئەم نامەیە لە لایەن پۆستە بەرەوە دەبردرا بەڵام بە هۆی نەبوونی هیچ ناو و ئەدرەسێك دووبارە دەگەڕایەوە هەمان ئەو سندوقەی کە میرەی پەنابەر نامەکەی تێ هاویشتبوو، پۆلیسی ئۆپسەلا هیچ زانیارییەکی تەواوی لە سەر چۆنیەتی کوشتن و هۆکاری خۆ کوشتنەکەی میرە بە دەستەوە نەبوو جگە لەو

نامـە بەتاڵـە نەبێـت کـە میـرە ڕۆژێـك بـەر لە خـۆ کوشـتنەکەی خسـتبوویە نێـو سـندوقێکی پۆسـتی نامـەی بـەردەم ئـەو باڵاخانەیـەی کـە تێـدا دەژیـا. میـرە کۆچبەرێـکی کـوردی عێراقـی بـوو جیـا لـەو پەنابـەرە کوردانـەی کـە تـازەی ڕوویـان لـەو وڵاتـە کردبـوو ئایندەیـەکی نـا دیاریـان بـە دەسـت مـافی پەنابەریـەوە هەیـە. میـرە دوای نسـکۆکەی سـاڵی ١٩٧٥ وە ڕووی کردبـووە ئەوروپا هـەر لـە سـەرەتاوە لـە شـاری ئۆپسـەلا دەگیرسـێتەوە و مـافی پەنابەریـەتی سیاسی وەردەگرێـت و خوێنـدنی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان لـە زانکـۆی سـتران بـۆرگ تـەواو دەکات، چەنـد جارێکیـش بـە مەبەسـتی سـەردانی کـەس و کاری دەگەڕێتـەوە بـۆ کوردسـتان، بەمـەش نهێنـی خۆکوشـتنەکەی میـرە سـەختر و دژواتـر دەبێـت هـۆکاری ڕووداوەکـە نـا دیارتـر خـۆی نیشـان دەدات، دوای ئـەوەی وێنـەی میـرە بـە کـوژراوی لـە هەمـوو ڕۆژنامـەو کەنـاڵ و ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدنی ئـەو وڵاتـە بڵاوکرایەوە، بـۆ مـاوەی یـەك مانـگ هیـچ کەسـێك لـە ڕووداوی کـوژرانی میـرەی نـە پێچایـەوە بۆیـە نهینـی خـۆ کوشـتنەکە هـەر وەك خـۆی مایـەوە، تاکـو دلشـاد نووسـەری ئـەم چیرۆکـە بـە مەبەسـتی تەواوکـردنی چیرۆکەکـەی چەنـد جارێـك لـە ڕێگـەی پەیوەنـدی تەلـە فۆنیەوە سـەبارەت بـە بیرۆکەی چیرۆکەکـەی قەسـە و گفتـو گـۆی لەگـەڵ میـرە دادەکات و سـێ نامـەی بەتاڵـی بەهەمـان ناونیشـان لـە لایـەن میـرەوە پێـی دەگات دواینیـان کـە ناونیشـان و پۆسـتی ئەلکترۆنیـی میـرەی تێـدا دەبێـت. ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە نووسـەری چیرۆکەکـە زیاتـر سـەرگەرمی ڕووداوەکانی نـاو چیرۆکەکـەی میـرە بێـت بـە تـەواوی سـەرنجی ڕادەکێشـێت. سـەرتای ناسـینی میـرە لـە لایـەن دلشـادە وە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە دلشـاد و میـرە بەڕێکـەوت لـە یانەییـەکی شـەوانەی خواردنـەوەدا، لـە ڕێـگای سـەرداری سـەنگەرپوورە وە یەکـتر دەناسـن کـە سـەردار یەکێکە لـە هاورێ کۆنینـەکانی میـرە لـە سـەردەمی شـاخ لـە گـەڵ میـرە بـە یەکـەوە دەبـن هـەر بـەم هۆیشـەوە سـەردار قۆڵێـکی لـە دەسـت دەدات، ئـەو کاتانـەی

لـە کوردسـتاندا دەبێـت زۆرتریـن نامـەی میـرەی سـەبارەت بـە ئینانـاوە پێـدەگات، دوای ئـەوەی لـە سـاڵانی دوایـدا لـە شـەڕی نـا وخـۆ لـە حیـزب تـوڕە دەبێـت، بـە ڕێـگای قاچـاغ ڕوودەکاتـە تاراوگـە هـەر لـەو ڕیَگایەشـدا دڵشـاد دەناسـێت، سـەردار کلیـلی هەمـوو ڕووداوەکانـە بـەڵام ئـەوەی کـە دەبێتـە ڕێرگـر لـە بـەردەم دلشـاد سـەبارەت بـە زانیارییـەکانی ئینانـا و هـۆکاری خـۆ کوشـتنەکەی میـرە، سـەردار دوای ئـەوەی لـە وڵاتی سـوید لـە وەرگرتنـی مـافی پەنابەرییـەتی بـێ ئومێـد دەبێـت دەگەڕێتـەوە کوردسـتانی دایـك و لـە یەکێـك لـە شـەڕەکان بـە دیـلی دەکەوێتـە دەسـت دووژمنـان و تاکـو نووسـینەوەی ئـەم چیرۆکـە بـێ سـەرو شـوێن دەبێـت، ئـەوەی تەنیـا وەك کردنـەوەی قفـڵ و گرێکۆڵەکـەی دەرگای چیرۆکـەکانی دلشـادە تاکـە ڕێگاچـارە ئـەو ئـەدرەس و پۆسـتی ئەلیکترۆنیەیـە کـە لـە دوایـن نامـە لـە لایـەن میـرەوە نـووسراوە و بـۆی ڕەوانکردبـوو. بۆیـە کاتـێ دلشـاد پۆسـتی نامـەی ئەلیکترۆنییەکـەی میـرە دەکاتـەوە نامەیـەکی بەتـاڵ تێـدا دەبینێـت بـە هەمـان نـاو نیشـانی نامـەکانی پێشـوو تـر ئەویـش نـووسراوە، بـۆ بـوکی ئاشـتی لـە هەرکوێیـەکی ئـەو دونیایـە بیـت» بـەڵام ئـەم جارەیـان بـە فۆنتێـکی زۆر ووردی لاتینـی یـەوە لـە ژێـر نامەکـە بـە تێبینـی نووسـیویەتی بـۆ دەسـتکەوتنی هـەر زانیارییـەك و پێزانیـن و تێگەیشـتن لـە پشـتی ڕووداوەکان و بـۆ تەنیـا سـەرچاوەیەك دەبێـت سـەردار ئازادبکریـت. بۆیـە دلشـاد نـا چـار دەبێـت ڕیَگـەی مـان و نەمـان بگرێتەبـەر، وڵاتی بەهەشـت وخـۆشی بـە جێبێڵێـت دووبـارە ڕووبکاتـەوە نیشـتمانی پـڕ لـە شـەڕ و ئـازار و مـەرگ جارێـکی تـر بـۆ حاڵـی بـوون لـە ڕوودا و سـەربردەکانی میـرە چەکی شـۆڕشـگێڕی بکاتـەوە شـان لـە چیـاکانی کوردسـتاندا بجەنگێـت، دلشـاد لـە چەندیـن داسـتان جوامێرییـەتی شـەڕەکان و کوشـتنە خـۆ خۆریـەکان و قارەمانەتییـەکانی سـەر سـنوور بەشـداری دەکـرد، هەمیشـە لـە پێشـەوەی بـەرەی جەنـگ بـوو، بـۆ دواجـار خـۆی خزانـدە نێـو دەسـتەی ئاگریـن کـە بـە هیزتریـن و دڕتریـن دەسـتەی شـەڕوانە کـوردەکان بـوو دەبوایـە لـە

هەمـوو شـوێنێك و بەرەیـەکی شـەرگەکەدا ئامادەبـن لـە کوێـدا شکسـت هەبێـت ئەوانـە لـە وێ دەجەنگـن چونکـە هێـزو وورەی پۆڵاینـی لـە شـکری چەکـدارەکان بـوون، دلشـاد هیـوا خوازبـوو تەنیـا شـەوێك بـە دیـدەنی سـەردار بگاتـەوە سـەیری هەمـوو کـوژراوەکان و زینـدە بـە چـاڵ و دیـل و گـۆڕە بەکۆمەڵکـراوەکانی دەکـرد لـە هەمـوو پڕۆسـەکانی ئاشـتی و گۆڕینـەوەی  دیلـەکان و کـوژراوەکان، هەتکـراوەکان، سـینگ تێ بـراوەکان، بـێ سـەر و گوێیـەکان، خنـکاوەکان، سـوتاوەکان، بـن گـۆم کـراوەکان، نـاوی سـەردار سـەرداری هەمووم‌ـان بـوو، بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەك سـۆراغی پەیـدا نەبـوو لـە دوایـن شـەڕ و پڕۆسـەی بـە نـاو ئاشـتیدا لـە یەکێـك لـە دورتریـن چۆڵگـەدا لـە نێـو هـەزار کـوژارا و گوللـە بارانکـراوە کانـدا دلشـاد سـەرداری بـە ڕیشـێکی درێـژ و پەڕۆیـەکی لـە نێوچـاوان بەسـتراوییەوە دۆزییـەوە، هەمـوو گیراڤانـەکانی کۆڵیـەوە  تەرمەکـەی هەڵگێـڕ و وەرگێـڕ کـرد تەنیـا دەفتەرێـکی بچـووکی یـادگاری دۆزیـەوە، سـەردار لـە دوای سـاڵی   ١٩٧٤وە ئـەم دەفتـەرە بچوکـەی خسـتبووە گیرفانیـەوە پـێ بـە پـێ، شـەرەکان و داسـتانەکان و شـەوانی کەمیـن و هودنـە و ئاشـتییەکان و خیانەتکارییـەکان، کـوژراوەکانی دۆسـتان و دووژمنـانی دەنووسـیەوە، بـە خەتێـکی شـڕە وە لـە سـەر بەرگـی دەفتەرەکـەی نووسـی بـوو «ئـەو کەسـەی ئـەم دەفتـەرەت دەکەوێتـە دەسـت چ دۆسـتی یـان دوژمـن، ‌بمکـوژە هەتکـم کـە هەنجـن بـە هەنجنـم بکـە تەنیـا ئـەم دەفـترە کـە پـڕە لـە ڕاسـتی ڕووداوەکان و میـژوو و حەقیەقەتـەکانی جەنـگ لای خـۆت بیپارێـزە تاکـو خـاوەنی خـۆی لـێ پەیـدا دەبێـت» زۆر نهێنـی گەلێـك گرنـگ لـە نێـو دەفتەرەکـەی سـەنگەرپوور دا هەبـوون بـەڵام بـا ئەوانـە بـۆ کاتی خـۆی لێگەڕێـن، دێینـەوە سـەر دوایـن بـەشی بیرەوەرییـەکانی سـەردار کـە تایبـەت بـوو بـە ژیـان و سـەربردە و نامـەکانی میـرە ڕەنگـە هـۆکاری خـۆ کوشـتنەکەشی تێـدا ڕوون ببێتـەوە، میـرە تـازە لـە سـەرەتای گەنجیـەتی بـوو تـا بڵێـی گەنجێـکی بـاڵا بـەرزی جـوان بـوو بـۆ یەکـەم جـار کـە پەیوەنـدی

بـە هێـزەوە کـرد، لـە نیوەڕۆییـەکی چرقـەی گەرمـی گەرمـە سـێرەوە هاتـە نێـو بـەرەی چەکـدران میـرە خوێندکارێـکی ئامادەیـی بـوو سـەرەتا لـە هێـلی رێکخسـتنی نـاو شـارەوە بـوو دواتـر بـە هـۆی پێشـەنگاییەتی لـە خۆپیشـاندێکەوە ئاشـکرا دەبێـت، شـەو سـەربازەکانی ڕژێـم هەڵدەکوتنـە سـەر ماڵیـان نـا چـار لـە گـەڵ هەلاتنـی چەنـد چەکدارێـك لـە پێـش دەرچوونیـدا دەکوژێـت ئینجـا لـە ڕێگـەی ناسـیا و خزمەکانیـەوە لـە شـار دەردەچێـت، بـەر لـە ڕۆشـتنی بـۆ دەرەوە دوو چـالاکی زۆرگـەروە ئەنجـام دەدات ئەویـش لێدانی پارێـزگاری هەولێـر و دزیـن و بارمتەکـردنی پسـپۆرە یابانیەکانـە، بـە مـەش میـرە نـاوی دەکەوێتـە نێـو لیسـتی داواکـراوە گـەورە یاخـی بـووەکانی ڕژێـم. کۆچـڕەوی لـە نـاکاوی میـرە هەموومـانی هەژانـد کـە لـە دوایـن شـەوی شـاخدا باشـم دێتـەوە بیـر لـە بەرزتریـن لوتکـەدا هەڵدەکشـاین ئـەم شـەڕە بـە گەورەتریـن شـەڕی مانـو نەمـان دەزانـرا مەزنتریـن سـەرکردە و بەرپرسـمان لـە دەسـتچوو ئەویـش ئاسـۆ ڕەش بـوو کـە بـووە هـۆی شکسـتەکی زۆرگـەورە تاکـو دوا ساڵەکانی شـۆڕش شـوێن پەنجـەی دیاربـوو ئەمـە تاکـە هـۆکار بـوو بـۆ چۆڵکـردنی سـەنگەر لـە لایـەن میـرەوە چونکـە ئاسـۆ ڕەش هـەم لـە شـارو هـەم لـە شـاخدا بەرپـرس و هاورێـی گیـانی بـە گیـانی میـرە بـوو، دواتـر میـرە لـە یەکێـك لـە نامـەکانی دوای ڕۆشـتنی هەمـوو شـتێکم بـۆ ڕووندەکاتـەوە بۆیـە منیـش وەك خـۆی پێتـانی دەڵێـم .

سـەردەمی ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـار ئاسـۆڕەش لـە بـەر دڵسـۆزی هەمـوو کۆبوونـەوە نهێنییـەکانی لـە ماڵـی میـرەدا دەکات، میرەش تـەواوی موتمانەی بـە ئاسـۆ ڕەش دەکات لـەم ڕێگەیـەوە ناسـکەی خوشـکی میـرە دەناسـێت و پەیوەنـدی سـێکسی لـە گـەڵ پەیـدا دەکات، تەنانـەت لـە شاخیشـدا ئاسـۆ ڕەش چەندیـن جـار بـە دزی دادەبەزێتـە نـاو شـار و دەچێتـە ماڵـی میـرە دواجـار میـرە لـە یەکێـك لـە چالاکییـەکانی نـاو شـار شـەوێك دەچێتـەوە ماڵـەوە ئاسـۆ ڕەش لەگـەڵ خۆشـکەکەییدا دەبینێـت، بـەلام

ناوێرێـت خـۆی ئاشـكرا بـكات بەبـێ دەنگـی دەگەڕێتـەوە شـاخ، دواتـر هەمـوو شـتێكی بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، پێشـەنگاییەتی خۆپیشـاندان و چاڵاكیـە گرنگـەكان سـپاردنیان بـە میـرە لـە لایـەن ئاسـۆ ڕەشـەوە تەنیـا مەبەسـتی بـە كوشـتدانی میـرە بـووە هیچیـی تـر، بۆیـە لـە دوایـن شـەڕدا میـرە ئاسـۆ ڕەش دەكوژێـت و بـەرەو تاراوگـە ڕادەكات. لـە دوا نامـەی میـرە كـە بـۆی نـاردووم بـاس لـە پەیوەنـدی و چۆنییـەتی ناسـینی لەگـەڵ ئینانـا دەڵـێ دوای ئـەوەی بـۆ ئەوبـەر پەڕیمـەوە لـە میلانـۆ بلیتـی شـەمەندەفەرم بـڕی و بەڕێكـەوت كەوتمـە تەنیشـت كچێـكی ئیتـالی بەڕەگـەز ڕۆژهـەڵاتی بـەرەو فەرەنسـا كـەو تنیـەڕێ سـەرەتا داوای ئـەو ڕۆژنامەیـەی لێكـردم كـە خـۆم پێـی خەریكردبـوو گەرنـا هیچـی لـێ تێنەدەگەیشـتم دواتـر بـە شـڕە ئینگلیزیـە خراپەكـەی هـەر دووكـمان كەوتینـە قسـەكردن، دوای نـاو پرسـین سـۆراغی یەكترمـان كـرد مـن بـە سـانایی زانیـم كـە خەڵـكی ئیتالیانۆیـە بـەڵام ئـەو بـە هیـچ شـێوەیەك لـە نـاوی كـورد و كوردسـتانی مـن حاڵـی نـە دەبـوو تەنیـا بـە و نەخشـەیە نەبێـت كـە لـە سـەر ڕۆژنامەكـەدا هەبـوو، ڕەنگـە بـۆ مـن ئـەوە یەكەمیـن عەشـق و ناسـینی خۆشەویسـتی بێـت بەرامبـەر بـە مێینەیـەكی قـژ زەردی چـاو كاڵـی گۆشـتن، بـەڵام بـەلای ئـەوە وە پەیوەندییـەكی تاڕادەیـەك سـارد و سـڕ و ئاسـایی بـوو، بـە هـۆی نەشـارازیی و دەسـت و پـێ سـپی خـۆم شـەو بـە زۆر بـووم بـە میـوانی ئینانـا بـۆ بەیـانی گـوتی بـۆ كوێـی ئـەم وڵاتانـە دەچیـت تاكـو هاوكاریـت بكـەم منیـش ناونیشـانی دۆسـتێكم لـە ئۆبسـەلادا تاكـو بڕینـی بلیـت و بەڕێكردنـم بـۆ وێسـتگەی شـەمەندەفەر لـە گەڵـم بـوو، دوای سـێ سـاڵ بەڕێكـەوت لـە زانكـۆی سـترانبۆرگ یەكترمـان بینییـەوە ئەمـە بـووە هـۆی دوورسـتكردنی پەیوەندییـەكی پتـەو لـە نێـوان مـن و ئینانـا ئـەم جارەیـان بـە نـاوی هەڵەبجـەوە بانگـی دەكـردم سـۆزێكی زۆرگـەرم و بەتینـی بەرامبـەرم هەبـوو تەنانـەت چەنـد جارێـك بـۆ دۆزی كـورد فرمێسـكی دەڕژانـد لـە زۆربـەری چالاكیـە كوردییـەكان وهەڵمـەتی

کۆمەکردنـەکان بەشـداری دەکـرد و تاکـە خـەون و هیـوای سـەردانی کوردسـتان و بینینـی قوربانیـانی کیمیابـاران بـوو، تـەواوی زانیـاری و کتێـب و سـەرچاوەی شۆڕشـەکانی کـوردی دەخوێنـدەوە، تاکـو تـەواو کـردنی زانکـۆ مـن و ئینانـای وەك دوو هاوڕێـی نزیـك لـە یەکتر لـە ژوورێـکی باڵاخانەکەدا دەماینـەوە، لـە دوایـن رۆژی دەرچووڼـان لـە زانکـۆ بڕیارمانـدا بەیەکـەوە لـە کۆمپانیاییـەکی ئەهـلی دابمەزرێـن، هـەر بـەم بۆنەیـەوە دوای ئـەوەی لـە ڕۆژی یـەك شـەمە کـە پشـووی کارمـان بـوو سـەردان و گەشـتێکی بچـووکی سـەر دەریامـان کـرد کـە بـە خۆشـتیرن ڕۆژەکانی ژیانـم دەژمێرێـت لـەکاتی زەردەپـەڕی رۆژ ئاوابوونێـکی شـاعیرانە داوای دەسـتی ئینانـام کـرد، کەچـی ئـەو پێکـەنی بـە گاڵتـەوە دەیگـوت «هەرچەنـدە مـن تـۆ لـە دوو فەرهەنگـی جیـاوازدا گەورەبوویـن بـەڵام بـە هەرحـاڵ مـن دەبمـە بـوکی کـوردان» ڕۆژێکـمان بـۆ زەماوەنـد و بەیـەك گەیشـتن دیـاری کـرد بـەڵام بـوو بـە ڕۆژێـکی نەفـرەتی لـە ژیـانی مـن و ئینانـا چونکـە یەکەمیـن ڕۆژی شـەڕی ناخـۆی کوردسـتان دەسـتی پێکـرد، بـۆ مـاوەی هەشـت سـاڵ لـە سـەریەك لـە پێنـاوی ئاشـتیدا ئاهەنگـی بـە یـەك گەیشـتنمان دواخسـت لـە سـەرجەم خۆپیشـاندان و مانگرتنـەکان و کـۆڕ و سـیمینارەکانی (ئاشـتی بـۆ کوردسـتان هەرێمێـك بـۆ ژیـان) تاکـو دەسـتپێ کردنـەوەی جەولـەی سـێیەم لـە رێکەوتنـەکانی لاهـای بـێ ئومێـد بوویـن بۆیـە بەیانییـەکی ماتەمـان هەڵبـژارد، ئـەو ڕۆژەی تۆپبارانکـردن و هێـرش کردنـە سـەر گوندنشـینەکانی سـەر سنوری کوردسـتان لـە لایـەن هـەر سێ وڵاتی ئێـران و تورکیـا و عێـراق ئینانـا بـەر لـە خـەو هەڵسـانی مـن ئـەو جلـە سـپیانەی کـردە بـەر تـارای بوکێنـی پـۆشی بـە بێدەنگـی بـەرەو شـوێنێکی نادیـار و ئایندەیـەکی وون چـوو، کاتـێ لـە خـەو هەڵسـام تەنیـا پارچـە کاغەزێـك لـە شـوێنی خـۆی جێهێشـت بـوو کـە تێـدا نووسـیبووی «لـە بیـرت نەچێـت مـن تەنیـا بـوکی تۆنیـم بـوکی کوردستانیشـم بۆیـە بڕیارمـدا بـەر لـە تـۆ بـە جـلی بوکێنـی سـپی هـەر لێـرەوە بـە پـێ تاکـو کوردسـتان بکەومـە

ڕێ بـۆ هێنانـەدی ئاشـتی و کۆتایـی هاتنـی شـەڕ، بـە هیـوای بـە یـەك گەیشـتنەوەمان خۆشەویسـتت ئینانانانـا» مـن کاتـێ نامەکـەم خوێنـدەوە هیچـم پـێ نەمـا جگـە لـە گریانـی و فیغانێـکی بـێ هـوودە، هـەر ئـەو بەیانیـە کەوتمـە گـەڕان هەواڵـی ونبـوونی ئینانـام بـە سـەرجەم بنکـەکانی پۆلیـس و قونسـوڵگەری و مافـەکانی مـرۆڤ و بنکـەی پۆلیـسی نێودەوڵـەتی گەیانـد، هەمـوو ئـەو وڵاتانـە گـەڕام کـە بـەر لـە مـن ئینانا پێیـدا تێپـەڕی بـوو، بـەڵام تـازە کار لـە کار تـرازاوە نـە شـەڕ دەوەسـتێت نـە ڕێکردنەکـەی ئینانـا هـەر چەنـدە ئـەم بڕیـارەی ئینانـا کتوپـڕ بـوو بـەڵام بـەلای مـن گەلێـك قـورس بـوو چـۆن کچێـك بەتەنیـا سـنور و هەرێمـی دەیـان وڵات بـە تەنیـا و بـە جلـی بوکێنـی دە پێـوێ لـە پێنـاوی ئاشـتییەك کـەس بەهـای نازانێـت و گوێـی لـێ ناگرێـت. دوای مانگێـك لـە بـێ سـەرو شـوێن بـوونی ئینانـا. هەواڵێکـم لـە یەکێـك لـە ڕۆژنامـەکانی سـوید پێگەیشـت کـە تێـدا هاتـووە دوای ئـەوەی کچێـکی تەمـەن سی سـاڵان بـە نـاوی ئینانـا خەڵـکی ئیتالیایـە بـۆ مـاوەی یـەك مانگـە لـە سـویدەوە بـەرەو عێـراق بـە پیـادە بـەڕێ کەوتـووە بـە جـلی بوکێنـی لـە پێنـاوی وەسـتانی شـەڕ و هاتنەکایـەی ئاشـتی بـۆ هەمـوو جیهـان. دوای ئـەوەی سـنوری وڵاتی ئیتالیـا دەبڕێـت بـەرەو وڵاتی یۆنـان دەچێـت لـە شـاری کۆمەتینـی یۆنـانی لـە لایـەن چەنـد قاچاغچییـەکی عەرەبـەوە هەوڵـی دەسـتدرێژی دەکرێتـە سـەر لـە تـرس قاچاغچییـەکان ڕادەکات پەنـا دەباتـە بـەر ئۆتۆمبیلێـکی بارهەڵگـر کـە شـوفێرەکەی بەرەگـەز فارسـە سـەر دەخرێـت لـە بـڕی ئـەوەی شـوفێرەکە یارمـەتی و هـاوکاری مرۆیـی ئـەو خانەمـە بـکات و بیگەیێنێتـە جێـگای پێویسـت بـە زۆرە ملـێ پەلکێـشی یەکێـك لـە دارسـتانە چـڕو پـڕەکانی نزیـك شـاری ئەسـتەنبولی تورکیـای دەکات نـاو بـراو لـە لایـەن شـوفێرەکەوە دەسـت درێـژی سـێکسی دەکرێتـە سـەر و دواتـر بـە چەقـۆ دەکوژرێـت و تەرمەکـەی فرێـدە دەرێتـە دارسـتان بەداخـەوە تاوانبـاری کوشـتنی ئینانـا ڕایکـردووە تاکـو ئێسـتا دەسـتگیرنەکراوە و پۆلیـسی تورکیـا ئامـادەی

هاوکاریکـردن نیـە و تائێسـتا هیـچ زانیارییـەکی لـە سـەر ئـەم تاوانـە نـە داووە» ئەمـە کۆتایـی دوایـن نامـەی میـرە بـوو کـە بـۆ سـەرداری سـەنگەر پـووری هاورێـی ناردبـوو، لێـرەوە دوای ئـەوەی کـە میـرە هەواڵـی کوشـتن و دەسـت درێژییەکـەی بـۆ سـەر ئینانـا دەبیسـتێت، جگـە لـەو دوو نامەیـەی بـە نـاوی تـارای بـووکی ئاشـتی بـۆ مـن و سـەردار دەنێرێـت، دواتـر فیشـەکێکی دەمانچـە بـە کەللـەی سـەری خۆیـەوە دەتەقێنێـت. تەنیـا نامەیـەکی بەتـاڵ کـە لـە دوای میـرە بەجـێ دەمێنێـت ئەمەیـە «دوای کوشـتنی خاتـوو ئینانـا ویـژدان نـە هـەژا، خـوا لـە کـەس زویـر نەبـوو، ژیـان تێـك نـە چـوو، شـەڕیش بـێ کۆتـا نەبـوو، هەمـوو خراپەکاریـەکانی دونیـا بەردەوامـە تەنیـا یـەك شـت مـرد ئەویـش جوانیـەکانی رۆحـی ئینانـا بـوو، کـە چـۆن بـۆ ئاشـتی بـۆ ڕزگاری ژیـانی مرۆڤـەکان و لێقەومـاوانی ئـەو سـەری جیهـان تـارای بوکێنـی پـۆشی».

**هاوینی / ٢٠٠٨**

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە خـەڵاتی باشـترین چیـرۆکی لەلایـەن شـێرزاد حەسـەن لـە ڤێسـیفاڵی لاوانی سـۆران بـۆ سـاڵی ٢٠١٣ پـێ بەخـشرا.

هەروەهـا لـە گۆڤـاری نووسـەری نـوێ لقـی هەولێـری یەکێتـی نووسـەرانی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە.

٥

# دوانزە هەزارەمین
# بیرەوەری دورترین شەوی دونیا

کاتێ پێڵووی چاوەکانت هەڵێنا کەمێك خۆت لە سەر تەختە بەندەکە ڕاست کردەوە، بە زەحمەت سەرت بەملاو ئەو لای ژورەکەدا هێناو برد هیچ نەکەوتە بەر دیدەنی چاوەکانت، تەنیا و وڕو گێژ لە جێگای خۆتدا هەڵکوڕمابوویت نە تدەزانی ئێستا لە کوێی نە دەشتزانی ئەو شەوە چیت بە سەر هاتووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆت لێرەدا بینیوەتەوە، بەڵام ئەمانەت بەلاوە گرنگ نیە یەك شت نەبێت ئەویش دەفتەری یادگاریەکانتە.

باشە تۆ بڵێیت لە کاتی ڕاکردنەکەدا لە بەردەم کۆخەکەماندا نەکەوتبێت، نا.. باوڕ ناکەم تاکو نزیك پاسگا و تەقو تۆقەکە هەرلام بوو، ئەی کاتێك لە ڕێچکۆکە تەسکەکەدا دەڕۆیشتین ئەویشیان نا.. باشە لە کوێ ووردتر دیمەنەکان بێنە بەر چاوت، مەگەر بەم تاریکە شەوە نەفەرەتیە چۆن بزانم لە کوێ جێم هێشتووە، تاکو سەر ڕووبارە سەر شێتەکە، کە سەری سەدان گەنج و لاوی تازە

وەخـۆ گەیـوی گوندنشـینەکانی ئـەم ناوچەیـەی خـواردووە و هەڵـی لوشـیوون، دێتـەوە یـادت کـە منـداڵ بوویـن میزمـان دەکـردە نێـو گـۆم و گێژاوەکـە، ئـا... دەی لێـرە بووەسـتە، چونکـە مـن لێـرە بـەو لاوە هیـچ شـتێکم نایەتـەوە بیـر، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە دەسـتی نوخشـەی خێزانـم و بـە دەسـتێکم دانیـای کچـم بـە سـنگمەوە نوسـاندبوو، ئـەی کەواتـە دەفتەرەکــەم بەچــی هەڵگرتبــوو، کەمێــك شــێلوو دێتــەوە بــەر چــاوم ئـەو شـەوە چیـم لـە بـەر کردبـوو، نـە چاکـەت و نـە هێلـەگ، تەنیـا کراسـێکی سـپی، چونکـە جـاران لـە سـەردەمی پاکیەتیـدا هەمـوو کتێبـە پـڕ بەهاکانـم، لەوانـە ئەرسـتۆ، نیچـە، پاولـۆ کۆیلـۆ، عەزیـز نەسـین، دەم خسـتنە گیرفـانی پشـتەوەی پەسـتەکە کـەم، ئـەم جارەیـان نـا هـەر بـە پەلـە لـە تـرسی ئـەو هـەڵاو بـەزم و شـەڕە جنێوانـەی باوکـم کـراس و پانتۆڵـە سـادەکەم لـە سـەرخۆم هەڵکێشـا، کەواتـە دوای ئـەوەی لەگـەڵ هێـز و تینـی شـەپۆڵەکان کـە نـەم زانـێ نـە نوخشـە و نـە دانیـا بـۆ کـوێ چـوون و چیـان بەسـەر هـات؟ کەواتـە هـەر لەوێـوە وونـم کـردووە، چـۆن ناکـرێ ئەمـە بـزر بکرێـت چونکـە ئەمەیـان شـەڕی نوکـە قەڵەمـە ترسـنۆکەکان و چڵـکاو خـۆرە کۆنـە خـۆ فرۆشـەکانی کـردووە، خۆزگـە بمردبـام و دەسـتەکانم ووردو خـاش بووبـان تەنیـا و تەنیـا ئـەو دەفتـەرەم لەدەسـت نەچووبایـە، ئاخـر ئـەو ڕۆژانـەی ئـەوەی نـەم وێـرا بیڵێـم نووسـیمەوە، بـەڵام چـش؟! کەواتـە هەروەکـو ئـەو ترسـنۆك و مشـەخۆر و ورگ زڵانـەم بەسـەر هـات، کـە شـەڕە جوێنیـان لـە سـەر ڕووپـەری ڕۆژنامـە درۆزنـە بـاوەڕ بەخـۆ نەکـردووەکان دەکـرد. یـان ئـەو قەسـابە بـێ ویژدانانـەی، کـە بـە ڕۆژی نیـوەڕۆ هەڤـاڵ و هـاو نەتەوەکانیـان دەکوشـت و پاشـان دەسـتدرێژیان دەکـردە سـەر مـاڵ و منـداڵ و پـاو پـووزی ژنەکانیـان هەڵدەگوشـین و بـەژن و باڵایـان دەلێسـتنەوە، تەڕاتییەکانیـان هەڵدەمژیـن و وشـکیان دەکـردن و زاوێریـان دەکـردن، بـەڵام مـن هەرگیـز وەك ئـەو بابەتـە کەسـانە نیم..نـا، بۆیـە نەمتـوانی لـەم شـارەدا وەك ئـەوان بژییـم

چونکـه دز نەبـووم، گەنـدەڵ چیەتیـم نـەدەزانی، ماسـتاوی ساردیشـم بـۆ کـەس نەدەکـرد، هـەر بۆیـە نێـوی موشـیر خشـیمم پێـوە نووسـا، چونکـە مـن جیـا لەوانـەی تـر ڕاسـتبووم پێـم وابـوو دەبێـت هەمووەمـان لـە ئاسـت پۆسـت و کارەکانمـان بەرپرسـیارین، دەبێـت ئێمـە چینـی خوێنـدەوار و ڕۆشـنبیر گـۆڕان درووسـت بکەیـن، نـەوەك وەك کۆنـە خـۆ فـرۆش و مرۆڤ فـرۆش و شـەڕەف فرۆشـە خـۆ بـە زڵ زان و هەوەنتـە دەسـتکەوتەکان بیـن، بۆیـە شـانازی بـە شـۆڕەتەکەمەوە دەکـەم، خەڵـکی بـاش دەزانـن ئـەو نووسـینانەی موشـییر خەشـیم دەینووسـێت جیـاوازی چیـە لەگـەڵ ئەوانـەی تر..وانیـە، مەگـەر ناهەقمـە.! شـارێك نیـە لـەو دونیایـە بـە قـەد شـارەکەی مـن دزی تێـدا بژییـت، وڵاتیـك نیـە هێنـدەی وڵاتـی دایکـم خیانەتـکاری تێـدا سـەروەر بێـت، نیشـتمانێك وەکـو ئـەو نیشـتمانەی ئێمـە مانـان پیـاو کـوژ و دزو جـەردە و چەتـەی لـە باوەشـدا نەگرتبێـت، هـەر بـەرد و گـرد و دوڵ و لوتکـە و شـاخێك، پشـت هـەر دیوارێـك و دیوەخـان و تەکیەیـەك، یانـە و فەرمانگـە و خۆشـگا و دادگاو مەلاوانگـە، مزگـەوت و بـارەگا، کۆمپانیـاو نووسـینگە، دایانـگاو وەحشـیەتگایەك، نیـە کەسـێکی دزو مشـەخۆرو گەنـدەڵ و خـۆ پەرسـتی تێـدا نەبێـت، بۆیـە زوو درکـم بـەو ڕاسـتیە کـرد، کـە دەبێـت ئـەو نوخبەیـەی پاکیـن و مانـای درۆ و خیانـەت و نەمیمـی و فیسـکە فیسـك نازانێـت، دەبێـت کـۆچ بـکات دوور لـە خراپـە کاران، هەرێمێـك دوور لـە هەموو پس و پۆخڵانـەی وەك زەردە واڵە دەوری شـاریان داوە بژییـت، ژیانێـك نازکـتر لـە گـوڵ، جوانـتر لـە پەپولـە و سـادەتر لـە هەمـوو گوندیـەکانی سـەر ڕووی ئـەم دونیایـە، هـەر بۆیـە بڕیارێـکی سـەر گەرمانەمـدا، کـە دەبێـت شـوێنێك هەبێـت بـێ خـەوش تـر لـەو بـە دیانـەی کـە چەرخـی زەمانـە لەگـەڵ خۆیـدا ڕاپێچـی کـردوون بـە ویـژدان تـر لـە سـێکسی سـەتەلایت و عـەشری ئەنتەرنێـت و تـڕ و تەشـقەرەی مۆبایـل و بلۆتـۆزی نەگریـس، کـە بـە هـەزاران کچـی شـوخ و شـەنگی بـەر نەفرەتـدا مەرگـی بلـۆکی پـێ نیشـاندابن، بۆیـە ڕێگـەی گوندێـکی

دووره دەست و لاچەپی سەر سنوورم گرتەبەر، ڕاستە من خەڵکی ئەو گوندەم بەڵام هەرگیز بۆ ڕۆژێك لەوێ نەژیاوم، تەنانەت ئەوە نەبێت دەمهەوێت ڕابکەم لە هاوڕێ و دۆست و ناسیارو هاوشارو هاوپیشەو هاوخەمەکانم، دوورکەوم لە هەموو خووە ناشیرنەکانی شار، لە خۆم لە هەموو جیهان، ناچار ئەو ڕۆژەی کە زۆر لە دەستی دووکەڵی گزۆز و هۆڕنی ئۆتۆمبیل و تەق و هۆڕی تەنەکە چییەکەی دراوسیمان، بۆن چیقنەی مریشك فرۆش و گرم و هۆڕی نانەوا خانەکەی بەردەمان و هەڕاجی هەرزان فرۆشەکان، نەڕەی سێ سەدو نەودو دوو مزگەوت، فیتەی مرور و شەڕە شەقی گەنجە ملوانکە لە ملەکان، قاو قیژی ژنە هاو خانوونشین و تەپەی نەهۆمی دووەم، وورتە وورتی پیرەژنی خاوەن خانووم، پێم ناڵێن ئەمە کەی ژیانە منی کرێچی تێدام، هەر کوێی ئەم شارە دەکەم بۆ خانوو، دەبێ تەواوی ناو و شۆرەت و کارو پیشەم و دەستکەتوو لە دەست چوو بزانرێت، پرسیاری سەر خێزان و بێ میوان و خانەدان و خانەخوانەم لێدەکەن، جگە لەوەش هەموو مانگێك پارەی کرێمان لە سەر زیاد دەکرێت، کەس فزەی لێوە نایێت نە ئەنجومەنی مووچە خۆرەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە بە ناو مرۆڤ دۆستەکان، کە ڕۆژانە وەبەردەم ئەپارتومانە بەرزەکانی شاری خەوەنەکان دێم و دەچم، کەچی منی هەژار و کڵۆڵ خەونیشی پێوە نابینم، ئەو ڕۆژە دەستی منداڵەکانم گرت بەرەو تەرمیناڵ بەرێکەوتم، پاشان سواری پاسی دورترین شارۆچکەی سەر سنور بووم، لە وێشەوە چەند سەعاتێك بە مێکزەمین و چەند سەعاتێکی تر بە سواری هێستر ئەو ڕێگا سەخت و پێچاو پێچانەمان دەبڕی، کە پڕ بە سیەکانم هەوای پاك و بۆنی گوڵ گژو گیایە سەوزو دۆڵایی ڕەنگاو ڕەنگاکانی لێوار چیایە سەر سەختەکانم هەڵدەمژی، ئیتر ئەوکات زانیم ئەوەی من ساڵانێکە وێڵ و سەرگەردانیم ئێرەیە هەواری پاك نشینەکان و جێگای مرۆڤە سادەکان، ئینسان ویستەکان و ڕەگەز پارێزەکان و بەها

دۆستەکانە، ئێوارە درەنگانێك گەیشتم هەموو خەڵکی گوندنشین هاتنە دیدەنم ئەو شەوە بەخۆشترین و پڕ مەشرەبترین شەوەکانی ژیانم دێتە هەژمار، کە تەواوی گوندیەکانم کۆمەکیان کردم، ڕێزیان گرتم، خۆشیان ویستم، گوێیان بۆ وتە پڕ سەیر و سورهێنەرەکانی شار و نەهامەتیە قۆڕەکانی بەلاشاوە و بن قەڵات، پۆتیاناوە و چیقناوەم بۆ دەکردن، پێدەکەنین، پڕ بەدەم دەیان شیڕاند، هەندێکیان هەر وەکو گا دەیانبۆڕاند، ئەم شەوە شەوی قریتە قریتی کچە چاو لە دەرەکان و کورە بۆن ئارەقەکان، پیرەژنە ترشاوەکان و پیرە مێردە گون شۆڕەکانی گوند بوو، هەندێك بە بزە و هەندێکی تر بە پستە پست و هەندێکی تریش بە دەنگێکی بەرز دەیانگوت» بەزمی مامۆستا خەشیم گەلێك خۆشە» هەر ئەم شەوە دەمگوت « کار... دەمەهەوێت کار بکەم وەك هەر کارگەرو جوتیارێکی تر، یەکێك دەیگوت» شانی پانە، یەکێکی تر ژنی جوانە، ئەوەی تر ملی بە قەد گایەك ئەستوورە، کەچی هەموویان فەرمانیاندا، کە دەبێت جێگایەکم بۆ بکەنەوە هەر ڕۆژە و لەلای یەکێك کار بکەم تاکو کەسیان بێتاقەت نەبێت، بۆیە دوا بڕیاری خۆمداوە نابێت دەست بەرداری بیرەوەری و یاداشتەکانم ببم، ئەو شەوەش دوانزە هەزارەمین بیرەوەریم لە گوندێکی قەد پاڵ شاخێکی مەزن، ئێجگار سەخت و بەدەم هاتنە خوارەوەی کڵۆ بەفرە سپییەکانی بەرزترین لوتکەی ئەم جیهانەم نووسیەوە، هەموو شتێك وەك خۆی هەنگاوەکان و جوڵەکان، گۆڕانەکان و هەواڵەکان، خەبەرە دوورە دەستەکان، ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان، خیانەت، ئیرەیی، مێژوو ڕەشەکان، چوار چێوەی دیوارە پتەوەکان، زیندانە پەنهانەکان و کوشتنەکان و سەر بڕینە قەسابیەکان، دزەکان، حیزەکان، گەوادەکان، خەمەکان، بەدبەختەکان، سەرەوەکان، سواڵکەرەکانی نیوەشەو، مەفرەزە و دز و جەردەکانی ڕۆژی نیوەڕۆ، لە بەرەبەیانی یەکەم و دووەمدا، بڕیارمدا کۆتایی بە بیرەوەریە ڕەشەکانم بێنم، لە دوو توێی بەرگی

دووەمـدا بیرەوەرەیـە سـپیەکانم تۆماربکـەم ، بـەڵام زوو هەرەسـم هێنـا سـپیەکان زۆر لـە ڕەشـەکان ڕەشـتر بـوون، پاکـەکان زۆر لـە نـا پاکـەکان، نـا پاکتربـوون، ڕاسـتیەکان زۆر لـە ناڕاسـتیەکان، ناڕاسـتر بـوون، گوندیـکان زۆر لـە نـا گوندیـەکان بـۆ گەنـتر بـوون، شـەوە تاریـەکان شـەوەی قاچـاغ و پەڕیەنـەوە بـۆ ئـەو دیـوی هیڵـی سـوور و بەزانـدنی سـنورە دەسـتکردەکان، تێکشـکاندنی بەهـاکان، فرۆشـتنی شـتە ڕەشـەکان، بڕینـی گیرفانـە نیمچـە بەتاڵـەکان و بەکرێـدانی ژنی ڕێبـواران و گۆڕینـەوەی چـەك و تفـاق و مـادە بێهۆشـکەرەکان، بەکوشـتدانی گەنـج و منـداڵ و هێسـتر و ڕەشـە ووڵاخەکان، گرمـەی بـازارە نسـتووەکان بـوو، بۆیـە خێـرا خێـرا ئەمانـەم دەنوسـیەوە، ئیـتر لێـرەوە زانیـم هەرێمێـك نیـە لـە پـاکی، سـنورێك نیـە، دوور لـە دوایێنـی پیـسی مـرۆڤ ، وڵاتێـك نیـە، خاڵـی لـە خـووە ناشـیرەنەکانی مـرۆڤ، دارسـتانێك نیـە، (بـە جـوانی دەور درابـێ، لـە دیـواری خۆشەویسـتی کۆشـك و تـەلاری بـۆ سـاز کرابـێ، ڵـق و پۆپـی درەختـەکانی لـە عیشـق ڕوابـێ، پیـرۆزی تێیـدا پادشـابێ، هەژاریـش لـەوێ گەدابـێ) مەگـەر تەنیـا خۆمـان درووسـتی بکەیـن، هـەر ئـەو شـەوە ڕامکـرد، ڕاکـردن لـە خـۆم لـە ڕەگـەز، لـە بونیـەی مـرۆڤ، لـە ژیـان، لـە واقـع، لـە ڕووبـە ڕوبوونـەوە، لـە یاریکـردن بـە ئاگـر، هەمـوو ئـەوەی لـەو ماوەیـە دوور و درێـژەکانی کاسـبیە قوڕسـەکاندا، لـە چـاوی شـێردا لـە هەرێمـی میـن و گـورگ و تاریکـە شـەودا، پەیـدام کردبـوون وەکـو ئـادەم و حـەوا جێـم هێشـت.

ئـەو شـەوە نەمـزانی چـۆن بـوو لـە نێـو بـەزم و کەیفـی شـەوانە و بـاس و خـواسی حـەز و زەوق و مەسـتەکان، تریقانـەوەی پێکەنینـە بلحەکانـدا، توانیـم دەسـتی نوخشـەی ژنـم و دانیـای کچـم بگـرم بـەرەو تاریکایـی شـەوە زەنـگ ڕێبکـەم، لـە تـرسی سـەڕڕەو خۆمدایـە باریکـە ڕێگەیـەکی نێـو خـوارەوەی دۆڵەکـە، کـە هـەزاری بـەر هـەزار بـوو، ڕەنگـە هەمـوو بونەوەرێـکی تێدابێـت تەنیـا مـرۆڤ نەبێـت، خێـرا خێـرا ڕێـمان دەکـرد، ئـەو ڕێگایـەی لـە تەلانێـکی سەرسـەخت و ئاڵـۆزی نێـوان دوو سـنور و دوو

وڵات و دوو نەتـەوە، دوو هەرێمـی یەکجـار دوور بـوون، ڕێگـەی قاچـاغ و پـردی سـیرات و ڕێـگای جـن و شـەیتان بـوو، دەنگـی هـاژەی شـەپۆڵە سـەر شـێتەکانی ڕووبارەکـە و حەپـە حەپـی سـەگ و لـوورەی گـورگ و ڕێـوی و هەناسـە برکێـی نوخشـە و گریـانی دانیـای کچـم بـە تـەواوەتی هەراسـانیان کـردم، تـرسی میـن و بۆسـەی پاسـدار و جەندرمـەکان و چەتەو جـەردەکان، سـەرکەوتنی هـەروازە سـەر سـەختەکان زۆر زەحمـەت تربـوو، بـەڵام دەبێـت هـەر بەردەوامبـم گـەر بازرگانـانی تلیـاك و قاچاغچیـانی سـەر سـنوور بـە هەڵاتنـمان بزانـن ڕیسـمان لێدەبێتـەوە خـوری پەڕمـان لـێ بـە بادەکـەن، کاتێـك زریـان و ڕەشـەبا دەسـتی پێکـرد، وەك چـۆن هەمـوو ئـاوی ئاسـمان بـە سـەرمان بێتـە خـوارەوە ڕێگـەی بـەر دەمـان وونکـرد کەچـی لـە ڕۆیشـتن نـە دەکەوتیـن لـە سـەر سـگ و قونە خشـکە و دەسـت ڕاکێشـان بـە سـەر گـرد و دوڵـەکان دەکەوتیـن، لـە باسـکە سـەختەکان پێچـمان دەکـردەوە، هـەر وەك دارەبـەن و بـەڕو مـازی سـەرچۆپی و شـاییان بێـت، هـەر جـارە و بەلایێکـدا دەکەوتیـن لـق و پۆپیـان وەك کچۆڵـەکان لـە بـەردەم ڕشـەباو زریانـدا پەخـش و بڵاودەکـرد.

ئـەو شـەوە بـە ناخۆشـترین شـەوەی دونیـا و تـەواوی بیرەوەرییەکانـم دەزانـم، کـە تەنیـا سـێ کـەس لە نیـوە شـەوێکی تاریکدا، لە سـەر سـەخترین بنـاردا، بـە دەم زریـان کوتانـەوە دەڕۆیـن، کـە خۆشـمان نازانیـن بـۆ کـوێ دەچیـن، ڕەنگـە ئـەم شـەوە بـە درێژتریـن شـەوەی دونیـا بزانرێـت، کـە شـەوی یەڵدایـە هەرگیـز نـەم دەزانی لـە بەختمـدا نـوسراوە، لـە یەکێـك لـە شـەوەکانی ژیانـم دا وون دەبیـن، کـە هیـچ کـەس پێـمان نازانـێ بـە بێدەنگـی سـەر دەنێینـەوە، نوخشـە هەمیشـە دەیگـوت پیاوەکـە مـن شـەوانە خەوێـکی زۆر ناخـۆش دەبینـم، بـەردەوام  بـە پەیـژەکانی ئاسـماندا هەڵدەخشـاین و زەوی دەمـی وەکـو ئەژدیهـا کردبـووەوە تاکـو هەڵـمان لوشـێ، نـەزەوی بەناخـی خۆیـدا شـۆڕی دەکردینـەوە، نـە ئاسـمانیش بـەرەو بەرزایـی خـۆی هەڵیدەکشـاندینەوە، نوخشـە کچـی یەکێـك لـە

خۆشـزدەكانی شـاری باهـۆز بـوو، هـەر لـە منداڵیـەوە ڕەشـەبا و گـەردە لـوول لـە دوور تریـن مەملەكەتـدا ڕاپێچیـان كردبـوو، لـە شـەوێكی قـوڕ بارانـدا لـە گـەڵ هـەور و تریشـقەكاندا، لـە نێـو یەكێـك لـە لافـاوەكانی كـۆڵانی تەیـراوەی هەولێـر دۆزراوەتـەوە، بۆیـە هەمیشـە لەگـەڵ عەشـقی گەردەلوولـدا دەژیـا منیـش زۆر شـەو هەبـوو لـە زینـدە خـەودا خـۆم ون دەكـرد، وەك دێوەزمـە بـەرۆكی بەرنـادام.

ئێسـتاش بـە هیـچ شـێوەیەك خـۆم نـا ناسـمەوە، هەندجـێ جاریـش سـێبەرەكەم لـە مـن ناچێـت، زۆر جاریـش لـە ئاوێنـەدا ڕەنگـی خـۆم نەناسـمەوە، لـە بـەردەم خۆریشـدا سێبەرەكەم لـە مـن ناچێـت، ئەم شـەوە دەنگـم هـەڵ دەبـڕی كـەس نابیسـێت كـەس نازانـێ بۆچـی گـەڕام بۆچـی ژیـام بـۆی گریـام بۆچـی دەمـرم، مـاوەی چەنـد كاتژمێرێـك نوخشـەم بـە دوای خـۆم داكێشـا كاتێـك لـە بەرەزتریـن شـوێنی ناوچكـە سـەركەوتین، تارمایـەك وەكـو سـەراب دەهاتـە بـەر چـاوم، وام زانی خـدری زندەیـە پیـری لاسـە شـێخی مەمـە، یـان ئەوەتـە فریـادڕەسی خەونەكانمـە، كـە هەمیشـە نامـۆ لـە شـێوەی تارماییـەكی ڕش دەهاتـە بـەر چـاووم، هـەر كـە لێـی وەنزیـك كەوتمـەوە، زانیـم داری جولەكەیـە ئـەو دارەی هەمـوو شـەوانی جەژنـە دێهاتییـەكان جولەكەیەكییـان تـا بەیـانی لـەوەێ دەبەسـتەوە و سـەرڕەویان تـێ بـەردەدا، بـۆ بەیانیـش بـە سـتڵێ ئـاو دارەكەیـان لـە خۆێنـی گڵاوی جولەكـە پـاك دەكـردەوە، ئینجـا زانیـم كـە لـە كوێـی ئـەم زەمەینـەو هێڵـی سـنوری جوگرافیـا دایـن، بـوونی خۆمـان سـەلماند و دەسـت و زمـان و چـاو و گـوێ و جەسـتەو نـاخ و تەنانـەت بیـرو هەسـت و سـۆزی خۆمـان دۆزیـەوە، كـە دوورتریـن شـوێنە لـە عـەرشی خـودا.

بـە درێژایـی بیسـت وپێنـج گوندمـان بڕیـوو، بـۆ قوڵایـی نـاو نشـتیمان شـۆڕ دەبووینـەوە، مـن هـەر لەوێـوە دەسـتم بـە نوسـینی بیرەوەرییـەكانی شـەوی تـاڵ كـردەوە و نوخشـە لەژێـر دارجولەكـە لـە هـۆش خـۆی چـوو، دانیـاش تاكـو یاداشـتكردنی ئـەم بیرەوەریـە تائێسـتا نازانـم چـی بەسـەر

هاتــووه، ناچــار لــە ژێــرداری جولەکــەدا ماینــەوە نــە ڕۆژ و نــە دووان نەمانــگ و نەســاڵ دوو هــەزار و حەووســەت ســاڵ بیرەوەرییەکانــم لــە نێــو یاداشــتنامەکەدا هەژماردەکــرد، ئــەو کاتــەی دەســتم لــە بیرەوەرەییەکانــم هەڵگــرت هەمــان ڕووبــار و هەمــان و شــوێن، هەمــان زریــان کوتــان بــوو، بــەڵام ســەیری نوخەشــم دەکــرد نیــوەی لــە قــوڕ و نێوەکــەی تــری لــە تیشــکی ڕۆژ بــوو، دانیــاش نازانــم چــی بەســەر هاتــووە. کــە خــۆم لــە قــەرەی ڕووبــارە بــە تینەکــەدا تــا ئەژنــۆ پاشــان تاکــو نێــوك هــەردوو دەســتم یەکەکیــان نوخشــەی قــوڕو لیتــە ئــەوەی تریــان دانیــای کچــم، تاکــو ئێــرە نازانــم دەفتــەری یادگاریەکانــم بەچــی هەڵگرتــووە، چەنــد هەوڵمــدا کچەکــەم بــە دســتێکم بــە باوشــمەوە بنووســێنم بەدەســتەکی تــرم نوخشــەی خێزانــم وون نەکــەم، بــەڵام شــەپۆڵ و گێــژە لووکــە زۆر لــە مــن بــە هێزتــر بــوو، بــەرەو خــوارووی قووڵایــی قووڕاوەکــەی دەبردیــن، کاتێــك دەم و گوێ و چاوەکانــم پــڕ لــە قوڕبــوون ئیــتر دونیــا شــێلوو دەهاتــە بــەر چاوانــم، تــا ئــەو کاتــەی هەمــوو شــتێك تەنیــا بــوو بــە قــوڕ. لــەو کاتــەدا یەکێــك هاتــە ژوورەوە لــە ســەرخۆ و بــە نیگەرانییــەوە گوتی زۆر بــە داخــەوە دوای گــەڕان و ســوڕانێکی زۆر. مەلەوانەکانمــان هیچیــان چەنــگ نەکــەووت جگــە لــەو زەلفــە پێچــراوە نەبێــت، کــە ئەویــش دەفەتــەری بیرەوەرەکانتــە، تــۆش بــە ئاســپای دەســتەکانت بــۆ درێژکــرد و بــە هێمنــی خســتە ژێــر ســەرت و چاوەکانــت بــۆ هەمیشــە خســتە ســەر یــەك و بــە ئارامــی خەوتیــت.

**پاییزی / ٢٠٠٧**

**تێبینی:**

ئــەم چیرۆکــە خــەڵاتی یەکەمــی بــۆ چیــرۆکی لاوانی کوردســتان لە ڤێســیفاڵی لاوانی هەولێــر بــۆ ســاڵی ٢٠٠٨ وەدەســت هێنا.

هەروەها لە گۆڤاری واتە ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٨بڵاوکراوەتەوە.

٦

# کۆماری
# حەسحەسە سوور و ڕەشەکان

ماوەیەك بوو خۆت خزاند بووە نێو کۆشکی کۆماری مێشکم بە دوا مەنزڵی ئەفسووناوی خۆت دەزانی وەکو زریان و ڕەهێڵ کاکی بە کاکی دەشتایی پڕ لە گوڵزاری شادەمارەکانی بیرکردنەوەت دەکووتام، پایز ئاسا خۆت بە دیوارە بەردینەکانی ناخم دەخشاند، سەرم وەك چەرخ و فەلەك بە دوای گەردە لوولی چیرۆکەکەت گەڕاپێچی دەدا.

گیرانەوەی تۆش لە ((کۆماری حەسحەسە سوور و ڕەشەکان)) تێکەڵ بە دەریای سەدان ڕوودا و و کارەساتی ئەم گێتییە شوومە و لێڵە دەبێت، تا مرۆ لە ئاووسی ترسی هەمبانەی ووشە بێ دەسەڵاتەکان رزگاری بێت، ئەوا لە نووکەوە دەینووسمەوە، جا گرینگ نیە چ نێوویك هەڵدەگرێت، دەق، چیرۆك، نۆڤلێت، ڕۆمان، یان هەر ژانرێکی تر کە مەیلی مرۆڤی بۆ دەچێت. بۆ هەیڤێك دەچوو هەموو ئەو شوێنە گشتیانەم لا قێزەوەن بوون، کە حەشاماتی خەڵکی لێ دەبینران بۆ دابینکردنی پێداوستییەکانی بژێووی ژیان و کۆکردنەوەی پارەو پووڵ

و ڕۆژ بە ڕێکردن، تێرکردنی حەزەکانیان یاخود بۆ پەیداکردنی لەتێ نان ڕوویان تێدەکرد. هەرا و زەنای مرۆڤ لە هەموو جێگای ئەم شارە دەبیستریێت کۆڵان و بازێر جمەی دێت گەرماش بە تەواووی هێزی لە بەر بڕیووم، هەر بۆ خۆ لە بیر چوونەوە. بەدەم هەنگاونانەوە، کەوتمە ژماردن و خوێندنەوەی تایتڵ و تابڵۆ ڕەنگینەکانی سەر دوکان و بازارەکان و ئەپارتمانەکان کە هەندێکیان بە بۆیەی نەشاز و هەندێکیشیان بە بلحیەوە نووسراون ((نانەواخانەی سارداو، ساردەمەنی گەرمیان، گەرماوی فێنك، کارگەی سەهۆڵی ئاگرین، دار تاشی بەردین، ئاسنگری نەرمین، پەڕە چی پۆڵا، خەڵووز خانەی بەفرین، سکرابچی ژیان، بەنزینخانەی ویژدان، قەسابخانەی ڕاستی، چێشتخانەی دڵی دڵم، چاوی چاوم، جەرگی جەرگم، مزگەوتی پیرێژن، شیرنەمەنی حەمەلاو، باخچەی منداڵانی شەهید موعتەسیم کە لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا قارەمانانە گیانی سپارد، حزبی وانێك تەنیا لە ڕۆژێکدا چوار کەرەت نێووی گۆڕدرا...کۆمپانیای وڵات بۆ بەڵێن دەرایەتی دەسەڵات و چاکسازی و بازرگانی و لەکۆڵ بردنی کۆمەڵایەتی)).

هەر چۆنێك بوو خۆم لە کۆنە چایخانەکە نزیکردەوە کە ناوییان نابوو لاتخانە، کەوتبووە لاپەڕگەیەکی شار لە بەرزای دار چنارێکەوە دەیڕوانیە نێو شەقامە چۆڵ و بێدەنگەکەی بەردەمی، تاکو تەڕا خەڵك ڕوویان لەم لاتخانەیە دەکرد ئەویش ڕێبوارە ماندووەکان بوون بۆ حەسانەوە و پشوو وێستگەیەکی ئارام بوو، بەردەوام نیگای چاوەکانم پاسەوانی لاتخانەکە بوون بە دوای هەنگاوی قاچی گەڕیدەکان هاتوو چوویان دەکرد، لە چاوەڕوانی ئەو پیاوە باڵا بەرزە دابووم کە هەمیشە بە کردەوە نا ئاساییەکانی سەرنجی ڕادەکێشام بە تەواووی کەوتمە گێژاووی نهێنیەکانی لە هەموو ڕێگایەکەوە لە پێشمەوەیە من هەنگاوەکانم خێراتر ئەو خێراتر دەبوو، لە ڕاکردنیشدا دەتگوت برووسکە بە چرکەیەك لە چاوان وون دەبێت، خدری زندەیە، پیری

لاسـە، شـێخی مەمـە، لێـی تێناگـەم تۆبڵێـی چـی بێـت؟ بەڵـێ ئەمـە سـەرابی بیابانـە خـاوەن حەقیقەتێـکی وونـە دەبـێ بیدۆزمـەوە.
((هەمـوو خـەون و خەیاڵـم وەکـو پیـرە دارێکـە پایـز هەمیشـە خەراباتێکـە گـەڵاکانی دەوەرێنێتـە سـەر زەوی یـەك بـە دوای یـەك ڕیـز دەبەسـتێت وەکـوو کچێـکی نیمچـە پـۆشراوی شـەرمن خـۆی نیشـان دەدا)) مـن هـەر لـە بازنـەی بیرکردنـەوە دابـووم کاتـێ پیـاوە قەڵافـەت دارەکـەم بینـی، خـۆی بـە لاتخانەکـەدا کـرد جیـا لـە جـاران کـە بـە جـلی شـڕ و دڕاوەوە دەمبینـی چاویلکەیـەکی ڕەشی گـەورە و جووتـێ کڵاشی سـپی و قاتـێ بـوزووی تـازەی کردبـووە بـەر، لـە لایـەکی لاتخانـەدا هەڵکورمـا تەسـبیحە قەزوانـە سـەت و یـەك دانەکـەشی بـە پەنجـە هـەر جـارێ بـە لایەکـدا دەسـوڕاندەوە، هـەر هێنـدەی مژێـکی قووڵـی جگـەرە توتکـەی کـرد بێدەنـگ خـشی چـووە دەرەوە دەسـتەکانی وەکـو یاسـای سـەربازی هەڵـدەدا و سـەری بـۆ سـەرەوە بـەرز دەکـردەوە، هەندێـك جاریـش لـە بەرخۆیـەوە وەرێنەیـەکی دەکـرد ((هـەر چۆنێـك بێـت دەبـێ بیدوێنـم بـە دوای بکـەوم بـی دۆزمـەوە هەمـوو کوچـە و کۆڵانـەکانی شـار بـە دوایـدا تـەی بکـەم ..نەخێر..مەگـەر مـن ڕاپـۆرت نوسـە بـە شـەڕەفەکانی لای خۆمانبـم بـە دوای خەڵـك بکـەوم )) لاتەچییەکـە لـە بەردەمـم ئامـادە بـوو ((مامۆسـتا ئەمـرۆ داوای هیچـت نەکـرد))
دوای کەمێـك خـۆ خافڵانـدن بیـرم کـردەوە ئـێ خـۆ دەرفەتێـکی باشـە بـە کابـرام گـوت
((تۆ ئەمە دەناسی))
ئەویش بێ یەك و دوو کامە پیاو؟.
خوودان چاوویلکەی ڕەش:
بـە پێکەنینـەکی بلحاوویـەوە ((ئەمـە چـۆن نایناسی دەڵـی لـەم شـارەدا نەژیـاوی کـێ هەیـە فێریـارە شـێت نـە ناسـکات)).
بـۆ ڕۆژی دوواتـر خـۆم گەیانـدەوە لاتخانەکـە لە شـوێنی خۆم دانیشـتمەوە

ئەویش لە جێگای خۆی دەتگوت دوێنێ لە ئەمرۆ کۆپی کراوە ((تۆبڵی خاوەنی وێنەکە خۆی بێت؟ نەخێر باوەڕ ناکەم ! ئەویان جووتێ سمێڵی زڵی ڕەش و لووتێکی مام ناوەندی دوو گۆنای خڕپن، کەچی ئەمەیان ڕوو مەتێکی قۆپا و لووتیشی لە شێوەی دەنووکی هەڵۆ بە سەر سمێڵە ماش و برینجیەکەی دا شۆر بۆتەوە، بەڵام چاوەکانی هەمان ئەم دووچاوەن کە لە وێنەکەدا سەیری دەکردین بە هەر لایەکدا دەچووین تیلەی چاووی تێ دەگرتین دەیزانی ئێمە حەرامزادەین بە پارەیەکی کەم دەخزێینە باوەشی گەرمی خێزانەکەی)) پەنجەی ئەسپێ کوژەت هێندە بە تامەزرۆوە دەکرۆشت ئاگات لە مام شەهابیش نەمابوو

((لە ژیانم دا بۆ یەکەم جارە شتی وام بە سەر داتێپەرێت ئەو ڕۆژە لە بازاری هەرزان فرۆشەکاندا تێدە پەڕیم لە بەردەم دوکانێکدا مامەرەتی هەوار کراسێکی ژنانەم دەکرد ئاسۆ خوولە بێ شەرمانە سەری ڕاوەشاند: هەمانە هی زۆر لەمە جوانترمان هەیە ((منیش بە دڵ سافیەوە لێم پرسی کامانە)) ئاسۆی بەدفەر لالێوێکی گەست ((بەژن زراڤ، مەمك لیمۆ، نازکتر لە لاولاوە، پەپولەیە، گوڵڕەنگ خان)) ئەوسا لێی تێگەیشتم ئاهێکم هەڵکێشا، کەچی ئەو درێژەی بە باسەکە دەدا ((هەر ئەوەندە ببینی گەنم ڕەنگی گەردن زەردێکە برای خۆی عەشقی دەبێت، هەر بۆ خۆی پەرییەکە خواوەند ڕەووانی کردووە)) خەمی پارەشت نەبێ تەنیا نرخی لوقمە نانێکی سەر پێیە، هەر هێندە گووێم بۆ شڵکرد گازی مێرد منداڵکی کرد بە گوێیدا چرپاند ((مامۆستاش میوانە، بڵێ خزمەتێکی باشی بکەن)) من هەر لە بیری ڕاپۆرتەکەمدا بووم ((ئەمە بابەتێکی باشە تۆبڵێی دەستی بەرپرسێکیش لە مەدا نەبێت کێشەمان بۆ بنێتەوە)) کوڕە وەپێشم کەووت منیش گالیسکە ئاسا بە دووایەوە بەلادا دەهاتم قاچەکانم تێك دەئاڵان ئەو کەوتە گوورگە لۆقە زۆر بە گوڕ چەند کۆڵانەکی پێکردم دەکەووتینە

بـەر تانـەو تەشـەری ئـەو ژنانـەی کـە لـە نێـو دەرگاکان بـەدەم بنیشـت جوینـەوە خەریـکی بـژاردنی مـاش و برنـج بـوون یاخـوود لـە چـاوەڕوانی مێردەکانیانـدا بـوون یـان ئەوەتـە لـە تاقیبکـردنی هاتـن و چـوونیماڵـە دراوسـێیەکانیاندا سـەنگەریان گرتبـوو، لـە گـەڵ دەنگـی تەڕەقـەی زارۆیەکانـش ڕادەچڵەکیـم لامـان دایـە کووچەیـەکی کـۆن و پـڕ لـە قـووڕو چرپـاو کـوڕە دەسـتی بـە لووتیـەوە گـرت منیـش هـەروا تاکـو لـە بۆگـەنی زبڵخانەکـە ڕزگارمـان بـوو لـە وێشـەوە پێچێکمانـدا گەیشـتینە بـەردەم خانوویـکی بـە کـەر پـووچ دووربسـت کـراو خشـتەکانی لـە شـێوە دەنـدەی سـینگی مرۆڤێـکی لـەڕوو لاوازی نەخـۆش دەرکەوتبـوون، دەرگا داریینـە کۆنەکـەشی لـە سـەر پشـت کەوتبـوو دەتگـوت تـرسی نەخشـەی نینـۆکی هـەزاران مرۆڤـی شـەهووەت بـازی بـە سـەرەوەیە، خۆمـان خزانـدە نێـو ماڵەکـە دوو لاوی تـر بـە هێـواشی لـە بەردەمـان چوونـە دەرەوە لـە کـوڕەم پـرسی ئەمانـە؟!... ئـەو دەیگـوت ((ئەمانـە وەك تـۆن)) کـە پێـم خسـتە ژوورەوە وام زانی هەنگاوێـك بـەرەو بـە هشـت هەڵکشـام مرۆڤێـکی بـێ گیـان وەکـوو داریـکی ڕەق هەڵاتـوو لـەم شـوێنەدا وشـك بـووم لاڵ بـووم، شـەت بـووم، مێـرد مندڵەکـە داوای بـە خشـیشی کـرد دەسـتم بـە گیرفانەکانـم دا هێنـا چەنـد عانەیـەك و خەرجییەکـم کـردە دەسـتیەوە ئـەو بـۆی دەرچـوو.

منیـش کەوتمـە بـەر تاقیکردنەوەیـەکی زۆر مـەزن لـە بـەردەم توحفـەی پیـرۆزدام ڕەنگـە پێکـێ شـەڕاب بوایـە بـە فڕێـك هەڵـم قوورتانـد بایـە، یاخـود نوقڵـێ بووایـە شـیرینی دوو لێـوە نەخشـینەکانم دەکرۆشـت، سـنگ و مەکێـکی گرمۆڵـە و قیـت، قەشـەنگ بـاڵا نازکـتر لە شـەنگە بێـری، هەرگیز لـە زهنـم ناچێتـەوە ئارەزووەکانـم دوو پشـیلەی خڕپـن و دەسـتە مۆبـوون لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـە لـە سـەر چـوار پاکـەدا کفـت دانیشـتم جـوانی لـەش و لاری لـە نـاو ئاوەڵکراسـە تەسـك و تریسـکەکەیدا هێنـدە جـوان خـۆی نیشـاندەدا دەتگـوت (عەینـەت و مەرزایـە) لـە لامـەوە دانیشـت.

دوو کۆتـری سـەر براوبویـن دوو مامـزی بیرنـدار شـەپۆڵی بیرکردنەومـان هـەر یەکـە و لـە زەریایـەکی بـێ بنـی تاوانـدا لـە پەلـە قاژەیـەکی نیـوە خنـکاودا بوویـن، بلبیلـەی چاوەکانمـان سـوور هەڵگەڕابـوون بـە چووتـە لـە نێـو دۆزەخێـکدا بوویـن، دوو داری سـووتاو بوویـن هـەر یەکەمـان لـە دارسـتانێکی چـڕی تـرس و شـەرمدا بوویـن چەندییـن ڕازو و نیـازی قـوڕس خـۆی لـە پەناگـەی ناخمانـدا مەڵاسـدا بـوو دوو نێچیـری بـێ ڕاووکـەر لـە سـەر خوانێـکی داوێـن پیسـیدا خاڵـی یەکـتر گرتنەوەمـان بـوو، گـۆم شـلەقا بـە دەنگێـکی نـازك و نیمچـە تـووڕە وە، دەرگای مەنزڵـی چاوەڕوانی خسـتە سـەر پشـت هـەوار کراسـەکەی بـەرەو بەرزایـی چیـا بەفرینەکـەی هەڵدەکـرد چ ڕەشـەبایەك بـوو چ زریـان و کڵـۆ بەفرێـك بـوو، ڕان و لەشـە سـپیەکەی خسـتە بـەر نیگای چاوەکانـم دەیقیژانـد ((دەی لە باوەشـم بگرە پەلامـارم بـدە ڕزگارم کـە ئۆقـرەم نەمـا)) ئـای چ گەردەلـوول و ڕەشـەبایەك بـوو هەڵیکـرد چ گـڕکان و زەلزەلەیـەك بـوو ناخـی نـاوەوەی هەژانـدم تەپۆڵکـە شـاخێك بـووم داڕمـام لـە بەردەمیـدا چۆکـم دەدا. نووزامـەوە ((مـن نـە هاتـووم بـە لاولاوەی بەژنتـدا هەڵگەڕێـم مەکەکانـت بگوشـم لیتاوەکانـت هەڵمـژم، مـن هاتـووم زامەکانـت سـارێژبکەم، هاتـووم لـە ژانـەکانی مەنگـی ژیـان شـتێك فێربـم، لـە ئۆخـەژنی مرۆڤـە تـازەکان تێبگەم، بـە دووای تەتـەری بەختیاریـدا دەگەرێـم ئاخـۆ بـۆ سـووچی کامـە لای شارنشـین چـووە، بـە دەسـتی کام جـەلادی ئـازار چێنـدا سـەر بـراوە یـان لـە سـەر تەختـی کامـە شـاهانە پاڵکەوتـووە لـە ئـاوی چ حەزێکدا لێـوەکانی تـەڕ دەکاتـەوە)) ژنـە گـورج هەڵسـایەوە سـەرپێ بـەرەو ڕووی پەنجەرەکـە چـوو دەسـتە گۆشـتنە سـپیەکانی بـە سـەر گوڵـی نێـو ئینجانەکـەدا دەهێنـاو دەیلاوانـدەوە، دەتگـوت لـە ژێیـەکانی ڕۆحمـدا دەخشـێنێ ماڵـیم دەکات بە نیمچـە ئامۆژگاریەکـەوە سـەر زەنشـتی گوڵەکـەی دەکـرد (( دەزانـم تاکـو لـە هەنگووینـی جوانیـمان تێـر دەخـۆن و بۆنمـان دەکـەن تـا سـەرچاوە شـیرینەکانمان ووشـك دەکـەن خۆشەویسـتین)) گوڵـی نێـو ئینجانەکـەی

بەرزدەکردەوە سەمای لە گەڵدا دەکرد ((هەر هێندە بژین تاکو وەك تاڤگە تەڕین دەست لە ملانێی خاك بین بە لێوارەکانی دا بخشێین تۆ پەروانە گوڵەکانت دەوەرێت و منیش خاو دەبمەوە ووشکەڵۆ دەبم دەبمە دڵۆپێ ئاو دەڕژێمە نێو زەڵکاوەکانی مێژووی داوێن پیسەکان)) نا هەرگیز باوڕناکەم تۆ سۆزانی نیت تۆ لە گەمژەکانی کللتور نیت تۆ پەپولەیت تۆ ڕووناکی شەو ڕەوێنی دێجوورییەکانی تاریکستانی، من دەمەوێت بڵێمەوە دووهەزار ساڵ بڵێمەوە.

((نەخێر تۆش لە درۆزنە ئەحمەقەکانی مێژووی ئەم کۆمەڵێت کە نازانن مرۆڤی شەکەت هەنگاو بۆ کوێ دەنێ، گەر ڕاست دەکەیت بڕۆ گوێ لە درزی دیوارەکان بگرە بزانە چیت پێ دەڵێن سەر لە پەنجەرەی ماڵەماندووەکان هەڵکێشە پەنجەکانت بە دەرگا بێ زەنگەکان بکێشە سەیری ڕشانەوەی مرۆڤی نەخۆش بکە بە دوای پاشماوە و نایلۆنی سەر زبڵەکان بکەوە، خۆت کووڕکەوە بە نێو مەزرا و ئاوەڕۆکاندا بسوڕێ، بۆنی خۆڵی کوچەو شەقامەکان بکە بە گردۆڵکە و لووتکە شاخ و چیایە هەڵدێرە بەرزەکاندا هەڵزەنێ لە کۆنە ڕەبیە و ڕێچکە لارێکاندا لە سەر ڕێگای ژووانی دڵداران و ڕێبوار و گەحدە لاچەپەکاندا لە دزوو جەردە و چەتەکان بپرسە بزانە چیت پێ دەڵێن ؟!!.ئیتر منی سۆزانی هیچ هیواو ئاواتێکم بەم ژیانە نیە خۆزگە هەر چی زووترە بە دەستی ناموس پارێزان دەکوژرام یاخوود بەر فتوای کوشتنی سەر مینبەرەکان دەکەووتم ، هیچ جوانییەك لە ڕۆژگاری تەمەنم بەدی ناکەم وا دەزانم ئەم ئاسمانی جیهانە تاریکە بە سەرماندا دەڕوخێ بە شەو لە تاریکی و بێ دەنگی گووناهەکانم دا دەمرم بە ڕۆژیش لە بەر ڕووناکی شەرم دامدەگرێت بەدەیان کوڕ و پیاوی ئەم شارە مەی دەخۆنەوە و سەرخۆش دەبن کەشتی حەزە گڵاوەکانیان لە باوەشی منی بێ مەفەردا لەنگەر دەگرێت و دەگەڵم دا چووت دەبن، دەی زووکە چیتر کاتت نەماوە بە دیارمەوە

دەستەو وەستان دابنیشیت ئێشکگربی مێ بازەکانی تر لە دەرەوە چاوەڕێمانن)) ئیتر لە ڕۆژەوەی ئەوێم جێهێشت هەموو بەیانیان لە بەردەم دوکانەکانی سیسەی گەواد، قۆیتاس، ئاسۆ خولە پارەی خۆم دەدا و هەرزەکارانە نۆبەتم دەگرت لە دەرگای ژوورە بچووکەکانی ناوەوەی لەنگە فرۆشەکان دەچووینە ژوورەوە بە خەستی تێکەڵی بازاری لەشفرۆشان بووم هەموو ئەو سەربردانەیان دەگێرایەوە شۆخان، شیلان، ڤیان، هودا...هتد، ڕازەکانیان بۆ هەڵدەرشتم منیش دەمنووسیەوە بەڵام هاوڕێیەتییەکان تەمەنیان زۆر کورت بوو، دواتر یەکە یەکە دەمدیتنەوە لە بیمارستان، مردووستان و نوێژگاکان، هەندێکیشیان لە مانشێتی ڕۆژنامە نیمچە سەر بەخۆکان هەواڵم دەبیستن کە لاشەکانیان لە معەسکر ڕشید کەوتوون، فەرهەنگی کووشتنەکانیان بریتی بوون لە بیور، تەور، پاچ، چەقۆ، کندر، گوللە، شۆخان هەمیشە دیگوت تەنیا و تەنیا تۆ لە ژیان و سەر گوزشتەی پەیوەندی نێوانی ئێمە و حیز و گەوادەکان وبەرپرسە باڵا دەستەکان دەزانی دەبێت تۆش ئەم نهێنیانە بپارێزی گەرنا ڕەنگە هەموومان تێدابچین )) دوو دڵ نیم لەوەی ئەو وێنەیەی لە لای شۆخان بوو هەمان ئەو وێنەی کە پەڕۆیەکی ڕەشی بە بنمیچەکەیەوە بوو لە ماڵی گوڵڕەنگ هەڵواسرابوو هەمان ئەو پیاوە قەڵافەت گەورەکەی لاتخانەکەش بوو کە شۆخان زۆر بەرێزەوە تیی دەڕوانی دەشیگوت ((من بەرپرسی بەشێکی گرنگی نێو شانەی ڕێکخستنەکانی ناو شارم بەڵام خاوەنی ئەم وێنەیە لە سەرووی هەموومانە فرێریاری ئێمەیە، ببوورە ڕنگە تۆ نە توانی بە ئاسانی ببینی دونیایەکە لە غەیب لە پایزی وەرزەکاندا وون بوو تاکو ئێستا تارماییەکە لە مردووستاندا دەبینرێت بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە. شۆ دەشیگوت ((هەموو نەهامەتییەکانی لەشفرۆشی من لە نویژخانەی مەزارگەکەوە دەستی پێکرد ئەو کاتە تەمەنم لە دووازە بەهارەوە تێنەدەپەڕی کاتێ کە دایکم دەستە

خڕپنـەکانی دەگرتـم بـە دوای خـۆی دا پەڵکێـشی نویژخانەکـەی دەکـردم دەیگـوت ((کچـم ئـەم پیـاوە نەزەرگەیـە مرۆڤێـکی مەزنـە ئـاگاداری هـەر هەنگاوێکـە کـە مـرۆڤ دەیهاویژێـت خەڵـکی بینیویانـە کـە دوو باڵـی سـپی هـەن شـەوان بـۆ ئاسـمان دەفڕێـت دەچیتـە لای فریشـتەکان لـە بەیانیشـدا دەگەڕێتـەوە، بـاوکی خولێخۆشـبووت نـەزۆك بـوو تـۆم لێـرە خواسـتووە تەنیـا ئـەو دەتوانـێ کچـە تاقانەکـەم بپارێـزێ لـە چـاوی پیـس وحەسـوود هەمیشـە دەیگـوت : هەمـوو دێـو و درنجـەکانی زنجیـر کـردووە کلیلەکـەشی لـە دیـووی نـاوەوەی محرابەکەوەیـە هـەر کاتـێ ئـەوەی گـوتی گوێرایـەڵ نەبیـت دەرگاکان دەکاتـەوە دەکەونـە گیانـت)) منیـش سـەیرم لـێ دەهـات هـەر کاتـێ ڕوومـان لەوێدەکـرد لـەرز دەیگرتـم ئفلیـج دەبـووم شـەوانەش ئـەو دێـوو درنجانـە ئەوێـم هەمیشـە لـە ئاسـمانی سـەربانی ماڵەکەمـان دەبینـی بـە هەمـوو حێزمـەوە دمقیژانـد، قـژی سـەرم دەڕنیـەوە، بـۆ یەکـەم جـار لـە ژووری تاریکەکـەی خـۆی داینـام سـەرێکی لـە دایکـم ڕاوەشـاند دایکـۆك چـووە دەرەوە، ئیـتر کەوتمـە جیهانێـکی ئیختیسـابیەوەکە بـە خـەون و خەیالـش نـەم بینیبـوو بـە دەنگێـکی کەمێـك بـەرز شـتێکی دەخوێنـد وورتـە وورتی دەکـرد، بـە پەنجەکانیـشی گەمـەی بـە هـەر دوو لێـوە تەنکەکانـم دەکـرد هێنـدە ترسـام خەریـك بـوو زیقـم دەکـرد. دەسـتە بچووکـەکانی گرتـم بـەرەو سـەرووی ژووری دووهەمـی بـردم لەپێـکی بـە سـەر سـینگە تەخـت و ڕاسـتەکەی داهێنـام دوواتـر بـە سـەر زگمـەوە بـۆ نـاو ڕانـە نـەرم و شـلەکانم بـە نەرمیـەوە گـوتی ((پاشـان فێـر دەبیـت .. ڕادێیـت... مەترسـە، پاڵکـەوە)) دەمـی هێنـدە لێـم نزیـك کـردەوە هەناسـە برکێـم بـوو هـەردوو قاچـەکانی گرتـم خـۆی پێداکێشـام زیـڕەم لـێ هەڵسـا، لێـی دوور کەوتمـەوە خـۆم لـە بنمیچـی ژوورەکـە گلدایـەوە، ئـەم جـارەش درێـژی کردمـەوە هـەر چۆنێـك بـوو کەڵـو کۆڤـی ئـارەزووەکانی دامرکانـدەوە لـە گەڵمـدا سێکسـا، دواتـر بـە دایکمـی گوتبـوو ((ئـەم کچـە بەرگـەی هەمـوو شـتێك ناگرێـت!)) دەبـوو هەفتانـە چەنـد

جـارێ تەشریـمان بـۆ لای ئـەو زەریـف زادەیـە بردبایـە))
هــەر چەنــدە ســەرێکم دەهێنــا و ســەرێکم دەبــرد نەمــدەزانی چــۆن بیدوێنـم لـە چیـەوە دەسـت پـێ بکـەم لـە بـەردەم مێـز و کورسیەکەیەوە وەسـتام سـڵاوم لێکـرد نـەوەك تەنیـا وەڵامـی نەدامـەوە بەڵکـو وەکـو هەندێــك لــە فەرمانبــەرەکانی میــری هــەر ســەریشی بــەرز نەکــردەوە، منیـش بـێ چـاوەروانی و دوو دڵیـەوە لێـم پـرسی ((بـە یارمەتیـت هـاورێ نامناسـیتەوە )) کەچـی ئـەو زۆر بـێ باکانـە بـە نەخێـر وەڵامـی دامـەوە، کەمێـك شـلەژام بـە هـەر حـاڵ بـە سـەر خـۆم نەهێنـا هـەروەك بڵێـی هەڤاڵێـکی دێرینـم بێـت ((چـۆن نـام ناسـیەوە مـن فریادڕەسـم)) دەسـتێکی ڕاوەشــاند زۆر بــە تووڕەیــەوە ((کابــرا دەڵێــی ئەقڵــت وونکــردوە یــان شـەرم پـێ دفرۆشـیت، گوتـم ناتناسـم ئەوەنیـە لەبـەر چاوانمـی، گـەر تـۆ مـن دەنـاسی ئـەوا کێشـەی خۆتـە)) هـەر زوو کەوتمـە خـۆ گـەر نـا کار وا بـڕووات ڕەنگـە خـراپ بکەوێتـەوە، نـا چـار بەڕوومـدا هێنـا (( نا..نـا... بەرێزتانـم لـە مەوبـەر نەبینـوە بـەڵام بـە دوای پاڵـەوانی چیرۆکـە کەمـدا دەگەڕێـم گوتـم مەگـەر جەنابتـان ...)) هێنـدەی تـر گرژبـوەوە شـرقەی لـە مێزەکـەوە هەڵسـاند ((بەڵـێ تـۆ لێرەیـت بـەڵام زەحمـەت نەبێـت عەقڵـت بـە تەتـەر بـۆ کـوێ ناردوە..یـان ئەوەتـە خەوتوویـت مەگـر خەووتـن لـەم جـۆرە بێداریـە باشـتر نەبێـت کەتـۆ و کەسـانی تـر تێـدا دەژیـن، هیـچ کات بــە چــاوی ویــژدان بیرناکەنــەوە بەڵکــو بــە دەروونێــکی پیــس و گڵاوەوە دەڕوانــە جــوانی ژیــان، ئێــوە مانــان بــە خەیاڵیــش بــەلای ڕاســتیەکانی ســەر ئــەم زەمینــەدا تێناپــەڕن، کەچــی جیهــان هێنــدە بچــووك بۆتــەوە نــەوەك گوونــدێ بەڵکــو لــە چوارچێــوەی چــاو گــوێ و مێشــکدا گلبۆتــەوە، لــەم گەردوونــە پــڕ لــە جەنگەڵســتانە فرەیــە، ســەیرکە کۆمەڵــی مــرۆڤ چــۆن لــە پێســتی مرۆڤاییــەتی دەرچــوون، لــە نێــو زینــدەوەر و بوونەوەرانــدا کەڕوومــان هەڵێنــاوە بوویــن بــە ئەژدیهــا، دێــو، درنــج، هەمــوو ڕاســتی و حەقیقەتاکانمــان ناشــیرین کــردووە، هەمــوو شــتێکمان بەرهــەم هێنــا

فەلسەفە، ئاین، زانست، تەکنەلۆژیا، پێشکەوتن، بە هەمان شێوەش ترس، شەرمە، عەیبە، حەرام، حەلاڵ، دزی درۆ و فرتوفێڵ، جا گرنگ ئەوەیە بتوانین چۆن لە بەها یاسایەکانی سرووشت سوودمەند دەبین، ئەو کارەکتەرەی کە تۆش چیرۆکەکەت پێ گرێ دەدەیت سەرەتا مەلۆتکەیەکە دەمی بە شیری خاو ئاو دەدرێت، دواتر لەگەڵ سورانەوەی میلی تەمەن ژمێری کات بە دەوری بازنەیەکدا لە بەردەم قیبلە نومای غەریزە و حەزەکان گەشە دەکات و ململانێی ڕاستەقینەی ژیان دەست پێدەکات ئنجا یان ئەوەتە پاڵەوانێکی نەزۆکە و بە کەڵکی ژین نایێت یاخود ویژدان و ڕەگەزی مرۆڤ دەپارێزێت)) کەمێک دۆشداما منیش بە شاگەشکەییەوە لێی چوومە پێش دەپاڕامەوە دەکروزامەوە ((ئەی فێریار و مامۆستای مەزن لێکدانەوەی هەموو ڕاستیەکان لە لامدا چەکەرەبووە ساڵانێکە وێڵ و سەرگەردانی حەقیەتم منیش یەکێکم لە دێوانەکانی تۆ)) کەوتمە سووژدە لە بەردەم خواوەندی ڕاستیەکان ئەو فرچکێکی بۆ هەڵدا بەدەم ڕێکردنەوە دەیگوت ((نا...نا...تۆ ماوتە نا توانی بە ئاسانی بەرگی مرۆڤ لە خۆت داماڵی، جیهانی ئەو زندەوەرە بێ نرخانە جێ بهێڵیت)) ئەو هەنگاوی گەورەی هەڵدە هێنا منیش بە دوایەوە دەڕۆیشتم ((بیربکەرەوە ووردە ووردە بیر لە سەردەمانی کۆن و چیرۆکەکانی ژیان بکەوە، لە بەردەم باڵاخانەکان و کوچە و کۆڵان، چایخانە و لاتخانە و مەیخانەکانەکان بگێرەوە، ئیتر لەمە بە دوواوە ڕەنگە لە مانای و حەقیقەتی بوونی خۆت تێبگەیت، کە تۆش خۆپەسندی و پاوانکار و منۆکێیت)) هەموو گەڕەکانی شار و ئاوەدانیم بە دوایدا بڕی تاکو بەردەم مردووستانەکە لە وێوەش بینیم چۆن سواری سەر پشتی پەپولە ووڵاخینە زیوەکە بوو، جووتەی دەکرد و لە شەقەی باڵەکانی دەدا کۆمەڵێ ئەستەرە برۆنزییەکانی بە دوواوە دەکشایەوە، دواتر وون بون بوونە ڕەشە با بە ئاسپایی ئاسماندا بەرزبوونەوە، ئینجا

گەردەلـوول و گێژاوێـك هەمـوو داری جەنگەلسـتانی نێـو مردووسـتانەکەی هەڵـوشی، پاشـان پێچـی بـۆ نـاو شـار کـردەوە هەمـوو دەرگـەو پەنجـەرەی ماڵـە هـەژار و جوتیـارەکان و کـۆخ و سـاباتی دێیـەکانی هەڵگـرت و بـەرەو قووپایـی ئاسـمانە توورەکـە هەڵکشـایەوە.

خـۆر بارانێـك کورتـەك و شـەرواڵ و لیچکـە جامانـە، سـوخمە و دەرپـێ و مەمـەی منـداڵانی دەباراند، بـووە لافاوێـك تـەواوی وولاتی چۆڕانـدەوە خەڵکەکـەش هـەر یەکـەو بـە جـۆرێ چیـرۆکی ڕەشـەباکەی دەگێڕایـەوە، دەڵیـن لـە عـەر عـەرەوە هاتـووە، هەندێکیـش دەڵێـن لـە بـەرەی جەنگـەکانی بیابانـەوە، هەندێـکی تـر لـە کوشـتنی هابیـل و قابیلـەوە... تـاد، لـەم ڕۆژە بـە دوواوە چیرۆکـە ڕاسـتەقینەکەی ژیانـم بـۆ خەڵـك دەگوتـەوە لـە دەرگای ئاودەسـتەکانی نوێژخانـەکان و لـە سـەر دیـوار و زارکی ئەشـکەوتەکان و شـوێنە پەنهانـەکان دەمنووسـیەوە بـە خەتێـکی کاڵ کاڵ تـر لـە سیمای مرۆڤـە ماندووەکان.کەچـی بـۆ دواجـار کەسـیش گووێـی لـێ نەگرتـی.

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری سـابات ژمـارە (٢ و٣) ی سـاڵی ٢٠٠٦ بـڵا وکراوەتـەوە.

٧

# کوشتنی پشیله
# لە ئاسمانی شەوێکی درەوشاوەدا

ئەو شەوە بۆ یەکەم جاربوو لەنێو ئاپۆڕی خەڵکێکی وا بێ شوماردابێت و سەرێکی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە لە هەموو لایەکی شارەوە ئاگرباران بوو، قیژە، پێکەنین، هەڵپەرین، ئەم شەوە لای هەرکەیان جۆرێکە لە دڵخۆشی و یادکردنەوە و تێپەڕبوونی ساڵێك لە تەمەن، خۆشترین شەوی سەری ساڵ بوو، کەچی بۆ ئەو ئەو شەوە بەدواین شەو و تارکترین شەوی بەدبخترین شەوەکانی شەڕ و نەهامەتی و هودنەکانی وڵات دێتە ژمار، کە لەلایەن شەڕوانان بەدایکی شەوەکان ناوزەند دەکرا، شەوی هەرواز و سەرسەختییەکان و شەوی بەزاندنی حەرەمەکان، شەوی کوشتن و بڕینەکان، شەوەی هەڵمەت و چوونە پێشەوە، سەرکەتن و بردنەوەکان بوو، ڕشتنی ڕق و قینە، شەوی مان و نەمان، شە وی کڕینەوەی شەڕەف، شەوی دەست و بازوو، شەوی ئاگر بارن، گوللە باران، هەورە تریشقە، ئاسمان ڕووخان، هەراو نوزە و قیژە و گریان، هەریەکەو لەلای خۆیەوە شیرە و هاواریەتی.

قوربانتـان بـم دەی بیانکـوژن، باینبـڕن، بیانبـەن، بیانسـوتێنن، بیانهەژێنـن، بیانتەپێنـن، بیانخەسـێنن، بیانڕووخێنـن، بیانڕزێنـن، بیانفڕێنـن، بیانگێـن. ئیـتر هەریەکـەو لـەلای خۆیـەوە لـە سـەرووی بەرزاییەکـەوە دەسـتەو ڕێژنـە و بەسـەمایەکی گـەرم وگـوڕ لوولـەی تفنگەکانییـان بـە بڵێسـەی ئاگـرەوە ڕووە و خـوارەوەی شـار شـۆڕد ەبوونـەوە. نەوسـتن، نەگەڕێنـەوە، نەپنگێنـەوە، نەحەسـێنەوە، نەێنـەوە، بـەرەو ئاڕاسـتەی نـاو شـار شـۆڕد ەبوونـەوە، کـەس نەیـدەزانی لولـەی تفەنگەکـەی ئاڕاسـتەی کـێ دەکات کەسـیش نەیـدەزانی شـار چـی بەسـەر هاتـووە، گرنـگ ئەوەیـە ئەمـە دوایـن شـەوە، شـەوی هیمـەت وسـەرکەوتنە، شـەوی کۆتایـی هاتنـی نەهامەتییـەکان و خۆکڕینـەوەو پاراسـتنی قیـەم و سـەروەرییەکانە، چەنـد جارێـك لـە بـای غـارەوە بـەدەم کەوتـن و هەڵسـانەوەی نێـو قـوڕ و چڵپـاو و شـیڵتاوی بەفرخۆرکـە کـەدا تەکانێـکی گورجـتری بەخـۆی دە دا. هـاواری دەکـرد دەی سـەگبابینە، نەوکـەون، هەڵسـنەوە، خێراکـەن، خێراتـر، خێراتـر لـە بەفـرو هـەروە تریشـقە، بـا دەرنەچـن لـە دەسـتمان نەچـن، رزگاریـان نەبێـت، لـە هـەر لایەکـەوە هێـرش لـە دوای هێـرش، هەنـگاو لـە دوای هەنـگاو، دوای چەندیـن دەسـت ڕێـژ چەنـد گوللەیـەکی گـردار بـە ئاسـمانەوە دەگیرسـایەوە، لەگـەڵ بینینـی هەرەیـەك لـەو گوللەیـە لـە خۆشـایاندا هـەم دەگیـرا و هـەم پێدەکـەنی خێراتـر دەبـوو زیاتـر هـاواری دەکـرد، دەسـتان خـۆش، چاوتـان خـۆش، گونتـان بخـۆم، ئەمەیـە پیـاوەتی ئەمەیـە قارەمانییـەتی، ئـەو شـەوەم بـاش لـە بیـرە کـە ئـەوان بـۆ سـەر شـاری (س) هاتـن چیـان کـرد دەسـتیان لـە هیـچ نـە دەپاراسـت چـۆن ئاگریـان لـە شـاربەرداو هەمـوو لایـەکی ئـەم شـارەیان کـردە ئاگربـاران، چـۆن کوڕیـان لـە بـاوەشی دایـك و مێـرد لـە سـەر جێـگای ژن و ژنەکانیـان بەقـژ ڕاکێشـان و بـێ ویژدانانـە گوللەیـان ئاڕاسـتەدەکردن، دەیانگـوت «بیانکـوژن حیـز بابانـە» ئاگریـان لـە ماڵەکانـدا بـەردەداو لاشـەی کوژراوەکانیـان دوای سـەیارەکان دەخسـتن و پیاوەکانیـان دەخەسـاندن و

هێللکـەی گونیـان دەتەقانـدن و دەسـت درێژیـان دەکـردە سـەر ژنەکانیـان. هەمیسـان بـە گریانـەوە و دەیگـوت نەوەسـتن، تێکـدەن، کاوڵکـەن، ئـەوەی پێتـان دەکرێـت بیکـەن، ڕامەوەسـتن، لەگـەڵ هـەر چوونـە پێشـەوەیەك چـاوی تیژتـر دەبـوو گورگـە لۆقـەی دەکـرد، بیـری قوڵـتر دەبـوو، حـەوت سـاڵ لەمەوبـەر بـە هەمـان شـێوەو بـە هەمـان ڕاکـردن و بـە هەمـان جـۆر ئێـرەم جێهێشـت، هەمـان سـیناریۆ بـەڵام ئەوەیـان ڕۆیشـتن، ئێسـتا هاتنەوە، ئەمیـان دۆڕان، ئەمەیـان بردنـەوە، ئـەوکات زەللیـل ئێسـتا سـەر بـەرز.

تـازە خێزانەکـەم سـفری ڕاخسـتبوو، سـەرجەم منداڵەکانـم دەوریـان دابـووم، منیـش پشـتێنەکەم شـل کردبـوەوە یاریم لەگـەڵ منداڵـە بچووکەکـەم دەکرد، کـە خێزانـم پرسـیاری کـرد، گـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان بەدڵتـان نەبێـت چـی دەکـەن، چـی دەکەیـن چـوار سـاڵی تـر هـەر بەدڵـمان دەبێـت، یەکـەم شریخـەی دەسـترێژ هەمـوو جامـی پەنجـەرەکانی هێنایـە خـوارەوە، لـە تـاو گریـانی قێـژەی منداڵەکانـم هـەر ئەوەنـدەم بۆ کرا دەسـت بدمـە تفەنگەکەم خـۆم بگەیێنمـە سـەربانی ماڵەکـەم. ئـەم جارەیـان ڕۆشـتنەکەی خێراتـر کـردو بـەرەو لای کۆنـە گەڕەکـەی منداڵـی و نزیـك چایخانەکـەی کـە کاری تێـدا دەکـرد ڕێـڕەوەی هێرشـبردنەکەی گـۆڕی و تـازە لـەوێ تـەق تـۆق دەنگـی تەقـە دەبیسـترێت، پێدەچێـت ئـەوان لـەوێ هـەر مابـن، کاتـێ دەسـترێژی دەکـردە سـەر گەڕەکـەی لـە ناخـی دڵـەوە پێـی ناخۆشـبوو، دەیگـوت دەبێـت بـەر کەسـێك نەکەوێـت یـان.. هـەر زوو پەشـیمان دەبـووەوە بـا بمـرن ئەوانیـش هـەروەك ئـەوان وان ئـەوە نەبـوو لـە گەڕەکـە کـە منیـان بـە برینـداری لـە سـەر بـان هێنایـە خـوارەوە بـە بەرچـاوی هەمـووان ژن و منداڵەکەمیـان فڕێدایـە سـەر شـەقام و ماڵەکەیـان تاڵانکـردم پاشـان سـوتاندیان، کەسـیان نوقەیـان لێـوە نەهـات، یـەك دوو دەسـت ڕێـژی تـری بـە سـەر ماڵەکانداکـردو ئـەو شـوێنەی کردبـوە نیشـان کە هێشـتا بەخەسـتی بەرگـری کـردنی تێـدا مابـوو، هـاواری دەکـردو دەیشـیڕاند، ئەوانـە زاڵمـن بـێ ویژدانـن، خائینـن، زۆردارن، لـە هیـچ ناگەڕێنـەوە، بـێ شـەڕەفن، بـێ تەڵاقن،

کافری حـەوت مەزهەبـن، دوو کـۆڵان لـە پشـتەوەی ماڵەکـەی خۆیـدا خۆی خزانـدە بـن دیوارێـك کـە نیـوە دارمابـوو لـە شـێوەی حەشـارگەیك مابـوەوە، هەروەکـو گورگێـکی هـار خـۆی بـۆ نێچیرێـکی پێـش وەختـە مەلاسـدا، لـە تەنیشـتی لای راسـت دوو لاشـەی بینـی کـە لـە خوێنـی خۆیانـدا گەوزابـوون، بـە لای چەپیشـیدا شـوینی یـاری منـداڵان بـوو.
چەنـد سـاڵ لەمەوبـەر بـەرداوام منداڵـەکانی خـۆم بـۆ ئێـرە دەهێنـا تاکـو ئێـوارە درەنگانێـك لـە نێـو ئـەم باخچەیـە دەمانـەوەو خەریـکی یـاری کـردن بـوون. لەودیـوی کۆڵانەکـەی خۆیانـدا تارماییـەکی بینـی لەبەرچـاوی ئـەودا تارماییکـە هێنـدە گەورەبـوو پـێ دەچـوو سـێبەری دەیناسـور یاخـود ئەشـدیهایەکی زۆر مـەزن بێـت بۆیـە بـێ یـەك دوو لێکـردن یـەك دەسـترێژە گوللـەی لـە سـەر ئەژنـۆوە بـۆ کـرد، نەڕانـدی: پێـکام، کوشـتم، کۆتایـم پێهێنا، لێـم نەگـرا دەسـت بکاتـەوە، هـەر لـەدوای ئـەو یـەك دوو چەکـداری تـر دەسـترێژیان لێکـرد بـە هەمـان شـێوە خەڵتـانی تـۆزو خۆڵیـان کـرد. خـۆی خزانـدە سـەر سـنگ لـە سـەر سـگەوە کەمێـك خـۆی خشـاندە ئـەو بـەری شۆسـتەی شـەقامەکە کابـرا هیـچ وەڵامدانەوەیـەکی نەبـوو، لەدڵـی خۆیـدا گـوتی، وێرانـم کـرد، وای خسـتەبووە بەرچـاوی خـۆی دەبێـت ڕەنگـە ئـەو کەسـە نێچیرێـکی بـاش بێـت چەنـد ڕسـتەیەکی بیکـەسی پێبێـت وچەکێـکی زۆر قـۆڕسی هەڵبگرتبێـت، بۆیـە خـۆی خزاندۆتـە ئـەم قوژبنـە لا بەلایـەو هەمـوو ئـەو بەرگریکردنەکـەش هـەر ئـەو کەسـە بێـت کـە ئـەو پێکاویـەتی زۆر دڵخۆشـبوو. تـاوەکی تـری بـە خـۆی دا لـە سـەر چـۆك خـۆی دایـە پـاڵ ئـەو بەرمەیلـە زبڵـەی کـە پـڕ لـە خاشـاك بـوو، دواتـر لـە سـەر ئەژنـۆ چـوار مەشـقی ڕوونیشـت، پاشـان بەپەلـە و بـەدەم ڕاکردنـەوە خـۆی گەیانـدە ژێـر ئـەو دیـوارە بـە کەرپـۆچ درووسـتکراوەی کـە لەوشـێوەی سـینەی مرۆڤێـکی هـەژار دەچـوو، کـە لایـەکی بـە تـەواوی کەوتبـووە ژێرتاریکایـی سـێبەری دیوارەکـەو هێشـتا تـەپ و تـۆزی گوللـەکان نەنیشـتبوەوە دەسـتی کەوتـە نێـو تەڕایـی خوێنـی کوژراوەکـە بۆیـە لـە دیوێـکی دیوارەکـە بەتـەواوی خـۆی

توندکـردو بـۆ ماوەیـەك هەناسـەی لەخـۆی بـڕی، دواتر یـەك دوو دەسـترێژی تـری بــۆ دڵنیابــوون بــەرووی هەمــان شــوێنداکرد، پاشــان وەك ئــەوەی مزگێنـی سـەرکەوتن بـە هاورێیـەکانی بگەنێـت هەڵسـایە سـەرپێ و بـەرەو لای شـوێنی کـە سـەکە چـوو بـێ ئـەوەی دەمـی بپچڕێـت بەواقوڕمـاوی و حەپەسـانێکەوە سـەیری شـوێنەکەی دەکـرد ئـەوەی کـە ئـەو چـاوەڕوانی نەدەکـرد ئەوەبـوو کـە نێچیرەکـەی تەنیـا پشـیلەیەکی خرپنـی ڕەش و سـپی لـە خوێنـی خۆیـدا دەگەوزێـت هیچـی تـر نەبـوو. ئـەو لەژیانیـدا بەدرێژایـی ئـەو شـەڕەی کـە ڕوویـدا تەنیـا دوو جـار هەسـتی بـە پشـیمانبوونەوەو خـۆی بـە تاوانبـار دەزانی، یەکیـان کوشـتنی پشـیلەیەك بـە ناهـەق دووەمیان بەناهـەق دەرکـردنی ئـەو پیـاوەی بـە خـۆی خێزانەکـەی لـە سـەر مـاڵ و حـالی خۆیـدا، کـە لـە شـەوێکی سـەرماو سـۆڵی زسـتاندا لـە شـاری (س) دا لـە تۆڵـەی تالانکـردن و دەرکـردنی لـە ماڵەکـەی خۆیـدا لەلایـەن تاقمێـك چەکـدار، سـەرجەم کـەل و پـەل و شـت و مەکەکـەی خسـتە سـەر شـەقام و خەڵـك فەرهـودی دەکـرد.

باشــم دێتەوەبیــر کــە چــۆن ئــەو بەســتە زمانــە تەنیــا خــۆی و بەرگــی منداڵـەکانی بەبـێ هیـچ شـتێك ماڵەکـەی جێهێشـت، ئـەو شـەوە ئـەو کابرایە زۆر پاڕایــەوە، بــەدەم گریــان فیغانــەوە خــۆی دەخســتە ســەر پێڵاوەکانــم تەنیـا بـەم شـەوە سـاردو پـڕ لـە ترسـە تاکـو بەیـانی لـە ماڵەکـەی خۆیـدا بمێنێتــەوە، کەچــی مــن زۆر دڵرەقانــە پێــم گوت»کاتــێ کــە مــن و مــاڵ و منداڵەکەمیـان لـە شـاری (هـ) وەدەرنـا نـەوەك میوانداریـان نەکردیـن بەڵکـو تێـرو پڕیـان تێهەڵدایـن و شـەڕەف و کەڕامەتیـان شـکاندین، گـەر زۆریـش رازی نیـت بـەو دەردەت دەبـەم کەمنیـان پێـبرد.

بـە هەمـان دیـوار خـۆی هەڵخاشـند کـە کەتبـوە دیوەکـەی تـری کۆڵانەکیـان لـە سـەربانی دوو سـێ ماڵـی دراوسـێیان بازیـدا خۆی گەیانـدە سـەرئەو بانەی کـە کەتبـووە پشـت ماڵەکـەی خـۆی، هـەر زوو بیرکـردەوە کـە ئـەو نازانێـت لەنێـو ماڵەکـەی خۆیـدا کـێ هەیـە یاخـود چەنـد چەکـداری تێدایـە بۆیـە

بیری لە وەدەکردەوە گەر لە سەر بانەوە بۆ ناو خانوەکەی بچێت بە هەر جۆرێك بێت هەرکەسێك رووبەڕووی ببێتەوە بێگومان ئەو براوەیە، خۆی لە سەر پەرژینەی سەربانەکەیان ئاودیوکرد. خێزانەکەم هەمیشە لێرە کوللەیەکی هەڵدەواسی شەوانە لەژێریدا دەخەوتن و دەست گەمە و کاری ژن و مێردایەتیمان لە ژێریدا ڕادەپەڕاند. لە سەر بانەکەیاندا کەمێك بەبێ دەنگ مایەوە سەری بە سەر حەوشەکەدا شۆڕکردەوە لەبەر ساباتی مێوەکە هیچی نەبینی، کەوا دیاربوو بە هۆی بێ خزمەتی لق و پ وپەکانی پیرب ووبێت. بە تەواوی ئەو مێوەم وەك قژی خۆم خزمەت دەکرد و بەردوام بە خەڵکم دەگوت»خانووی بێ ساباتی دارمێو وەك سەری کەچەڵ وایە» ئەم جارە بیری کەوتەوە کە لە دالانی دواوەی بانەکەی دەلاقەیەك هەیە دەتوانێ بە ئاسانی خۆی بخزێنێتە نێو نهۆمی دووەمی خانوەکە. ئەو شوێنەی بەردەوام پەرسێللکەکان لێوەی دەهاتنە ژوورەوەو هەڕاسانیان دەکردین. بەبێ خشبە و پێلاوەکانی داکەندو یەدەکەکانی لێکردەوە ئەو یەدکانەی جاران ئاسا شرقە شرقیان لەبەر پشتی دەکرد هەمیشە خۆی پێ بادەداو لە هەردوو تەنکێشی نەرمە سەمایەکی شێتانتەیان دەکرد لەکاتی هێرشبردنەکاندا، دوای ئەوەی زۆر بەزەحەمەت قوڕسایی جەستەی خۆی لەنێو دەلاقەکە بردە ژوورەوەو خۆی بە دیواری ناوەوەی دالانەکە شۆڕکردەوە توانی بە خۆ فرێدانێکی بەهێز کە خۆی بۆ نەگیرایەوە گلۆری خوارەوەی ماڵەکەی ببێتەوە هەست کرد کە هەردوو ئەژنۆکانی شکاون بەڵام هەر چۆنێك بوو لەترسان خۆی کۆکردەوە چەکەکەی هەر بەدەستەوە بوو لە لایەکی ژورەکەدا خۆی ماتدا، بێ دەنگ مایەوە لە دەرەنجامدا دەنگی هیچ کەسێك و خشپەی پێی کەسی نەبیست، بۆیە لەوە دڵنیابوو کە پێ ناچێت لەو ماڵەدا رۆح لەبەرێك هەبێت، لە پەیژەکانی سەرەوە وردە وردە چووە خوارەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوی دڵنیابێت بە لوولەی تفەنگەکەی هەموو دەرگا نیوە کراوەکانی ژوورەکانی دەخستە سەرپشت و تەنیا چەند

پەتوییێك و سەرین و چەند قاپ و قاجاغێکی فافۆنی بەتاڵی تێدا بەدیکرد، تاکو بە دەرگای پێشوازی میوانان گەیشت، دواتر هزری بۆلای ئەو ژێر زمینە چوو. دەبوایە بەرلە هەمووان بیرم لێرەبکردایە چونکە هەموو ئەوکاتانەی کە لە سەردەمی شاخدا دەگەرامەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی ناو شار چەند ڕۆژێك لە ماڵەکەی خۆمدا لێرە خۆم حەشاردەدا، یان لە کاتی فیراری سەربازیدا شوێنی دەرو دروازەکانمان بوو جگە لەوەی ژن و منداڵەکانیش لە ترسی بۆ مبارانکردنی فرۆکە جەنگییەکان خۆیان تێدا دەشاردەوە. زۆر بە هێواشی خۆی گەیاندە لای دەرگاکە بە هەمان شێوە دەرگاکەی کردەوە لە پێ پلیکانەکانەوە چووەخوارەوە، چاوی بە ژنێك چەند منداڵێك کەوت کە بێدەنگ لە سوچێکی ژوورەکەدا خۆیان گلدابووەوە بێ ئەوەی هیچ وورتەیەکیان لێ بێتە دەرەوە، بە چاوی مۆڵەق پڕ ترسەوە سەیریان دەکرد، لای ئەو دیمەنێکی زۆرسەیر بوو ئەو بێ دەنگیەی ئەوان ترساندی کاتێ بۆ دواوە ئاورێکی دایەوە، لە تاریکایی ژێر پلیکانەکانەوە لولەی تفەنگەکیان ئاڕاستەکرد، کابرا گوتی«نەجووڵێت زەڵام» ئەویش بەدەست و برد خۆی وەرچەرخاندو بە هەمان شێوە لوولەی تفنەگەکەی خستە سەر نێو چاوانی پیاوەکە و پێی گوت«تۆش نەجووڵێت» کابرا بە تورەیی و باوەڕ بە خۆ بونێکەوە بە سەریدا نەڕاندی «تۆ کێت بەم نێوە شەو هاتوویتە سەرماڵی من»ئەوەیش بە هەمان شێوە بێەوەی خۆی تێك بدات پێی گوت «ئەی تۆکێی هاتویتە سەر ماڵی من داتکوتاوە» هەردووکیان لولەی تفنگەکانیان لە سەرسنگی یەکتر توندتر کردو یەکتریان فشار دەدا بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بتوانێ ئەوەی تر زۆتر بترسێنێت و چەکەکەی پێ دابنێت، بەڵام بۆ هیچێکیان کەڵکی نەبوو، دەیانەوێت لەکورترین کاتدا بزانن کامەیەن دزن یان پیاو کوژو ڕێگرو جەردەن چیان لەیەکتر دەوێت بەم شەوە ئەویش بەبێ سڵمینەوە دەیگوت»من نەپیاو کوژم و نە دزم خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو ماڵەم» بەڵام تۆ هاتیوویتە سەرماڵی من ئێستاش هاتووم هەقی خۆم

وەربگرمەوە من بە زۆر لە سەر ماڵ حاڵی خۆمدا دەریانکردووم، کابرا ئاهێکی هەڵکێشاو پێی گوت «منیش وەك تۆ نا پیاوێك ماڵی داگیرکردووم شار بەدەریان کردوم، بۆیە ناچاربووم لە پێناوی ماڵ منداڵی خۆم ڕوو لێرە بکەم» بێ ئەوەی یەکیان موتمانە بەوەی تر بکات دەستیان لە تفەنگەکانیان شل ببوو بەڵام هەر یەکەیان ئەوەی تری بەرە و ئەو کڵاو ڕۆژنەیە پاڵدەدا کە تروسکایی مانگەشەوەکەی تێدا دەهاتە ژورەوە. لە ناکاو نێو چاوانی کابرا کەوتە بەر ڕووناکایی مانگە شەوەکە، ئەو خۆشی نازانێ چۆن دەستی لە تفەنگەکەی بەتەواوی شلبوو بە تاسان واقوڕماویەوە هاواری دەکرد. ئەو ناپیاوە من بووم ئەوە شەوە غەدرم لێکردیت ماڵم وێرانکردیت، بم کوژەو خێراکە تۆڵەی خۆتم لێ بکەوە» چەکەکەی بە ئاسپایی خستە سەر زەوی، کابراش سەری لەو ڕێکەوتە سوڕمابوو نەیدەزانی ئەمە ڕێکەوتی خێرە یان شەڕ چۆن لەم تەنگانەداو لەم نێوە شەوە شەڕانگێزیەدا ئەو دووژمنەی لە ئاسمانان لێی دەگەڕا لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بۆ خۆی دێتەوە بەر دەستی، کەمێك دۆشداما زۆر بەتین چەکەکەی بەرەو سنگی تەکاندا، پاشان بە هەمان شێوەی ئەو چەکە کەی دەستی فڕێداو باوەشێکی بەتینی پێداکرد، دەستیان کرد بەگریان، هیشتا دەنگی تەقەش بە تەواوی لە دوورەوە هەر دەبیسترێت ئەوانی بەڵێنیان بە یەکتردا بۆ هەتا هەتایە وەك برابن و چیتر چەك بۆ هیچ کەس و لایەنێك هەڵنەگرنەوە.لەگەڵ دەنگی تەقینی قومبەلەیەکی تر ڕاچڵەکی و سەیری ئاسمانی کرد بە تەواوی درەوشاوەتەوە.

**تێبینی:**

ئەم چیرۆکە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری شەقڵاوە و کۆمەڵەی ڕشنبیران و پێشکەوتنخوازانی شەقڵاوە لە ساڵی ٢٠١١ خەلاتی ڕێزلێنانی چیرۆك نووسی «مەم»ی پێ بەخشرا.

# ٨

# ئیمپراترۆڕیای ژن

دوای ئەوچەند ڕۆژەی بە پرچە ئاڵۆزکاو سگی برسی و لاشەی نیوە خوێناوییەکەت بڕیارتدا دواین نوێژی پاك بوونەوەی ئابڕوو چوونەکەت لە بەردەم یەکێك لە ماکەوە چیایە حەبیسەکان بکەیت، کە بە قورمەی ڕاوچیکەوە وەکوو خۆت نیوە گیان لە ژێر دەونەکەدا لە خوێن سوورکرابوو: منی نەزان و کڵۆڵ پاش لە دەستدانی تەواوی خەونەکانی هەفرەسە بڕیاری خۆم داوە هەموو شتێك دەربارەی زانیاری ڕاپەڕینە مەزنەکانی ژن و یاخیبووەکان لە بەردەم دادگا زۆرە ملێکانی پیاودا هەڵڕژم  چون ئێمە مانان شایەنی ئەوەین، بمان چەوسێینەوە، بکڕدڕێن، بفرۆشرێن، یان بمان سوون ، بمان خووزن، یاخود بە هەر لایەکدا بمان جوونەوە، چونکە هیچێك لە مانای ڕۆژگاری حەسرەتە ماندوەکانی سەردەمی کۆن تێ نەدەگەیشتین، وەبەردەم وەرزە ڕەنگینەکانی سروشتدا تێدەپەڕین تەنیا نیوە ئاوڕدانەوەیەکی خێراشمان بۆ دواوە نە دەدایەوە، لە حەقیقەتە تڤتەکانی ژین حاڵی نە دەبووین،

هەمیشـە بـۆ تێرکـردنی غەریـزەکانی پیـاو دەچەماینـەوە تڤـمان تێکـەڵ بـە شـەهوەتە پەمەییـەکان خۆمـان دەکـرد، دەلەوچاینـەوە، دەپووکاینـەوە، سـوژدە بەرانـە بـۆ مرۆیـەکان دەڤیچاینـەوە، بـە حەشـمەتێکەوە دەکرووزاینـەوە، تـا بـە بـەژنی حـەزە گڵاوەکانی پیـاو، هەڵخشـاین، بـێ باکانـە لـە هەمـوو قۆنـاغ بەندیـەکانی زاوەزێـدا، ئـەوان ڕەزگیـان دەنایـن و کەرگۆشـیان دەکردیـن. ئێمـەش پەسـیرە ئاسـا خۆمـان خۆشـمێ تـر و شـیرین تـر دەکـرد.

ئـەو یەکـەم ژن بـوو کـە خولیـای سـەیر سـەیری لـەلا درووسـت ببـوو، هەمـوو نهێنیـە مەزنـەکانی ژنـی دەپاراسـت، درۆ زەبەلاحـەکان و نـازە بـێ حەشـوەتەکانی پەردەپـۆش دەکـردن، هەمیشـە دەیگـوت: ژن کائینێـکی مـەزن و تـووڕە و یاخیـە، بـەڵام قـەدەر وایـە بـە هەمـوان دەڵێـن ژن. کەچـی ئێمـەش بێوەشـمانە پیێیـدا دەتریقاینـەوە، ڕۆژگار گشـت ڕازە قووڵـەکانی ئەویـان بـۆ ئاشـکرا دەکـردم، کـە هیـچ شـتێکی لـە ئێمـە و لـە فسۆسـەکانی تـر نەدەکـرد، گووناهێـك بـوو ناویـان نابـوو ژن گەرنـا مەخلۆقێـکی جیابـوو لـە مـرۆڤ ! بـەردەوام بـەرەو بەرزایـی دژ بـە هـەوەرە تیـرو سەرشـێتەکانی کـوڕان و بـرا و مێـردەکان و بـاوان هەڵدەکشـا، ئێمـە دەمانگـوت: تـۆ پاسـەوانی خوایـت بـە سـەر پیـاوەوە، کەچـی ئـەو دەیگـوت: سـەرەتای درووسـت بـوونی پیـاوان بەشـێك بـوو لەفرتـو فێـڵ و تەڵەکەبـازی شـەیتان. ئـەو پێـی وابـوو خۆشەوسـتی ئێمـە بـۆ پیـاوان گەورەتریـن خیانەتـە دەرهـەق بەڕەگـەزی مـێ دەیکەیـن هەرگیـز هیـچ ڕۆژێ بـۆ تەنیـا پیاوێکیـشی خۆشنەویسـتووە، تەنانـەت دەیگـوت «مـن لـە کاتی شـەیتانی بوونیشـمدا پیـاوم نەبینیـوە» هەمـوو گوناهـەکانی ئێمـەشی دەخسـتە مـلی دایکـمان کـە وەچەیـەکی باشـیان نەناوەتـەوە بۆیـە دەیگـوت « گشـت نەهامەتیـەکانی ئێمـە لـە ئەسـتۆی حـەوا خـان دایـە نـە دەبـوو بـە سـانایی خـۆی دەقەبـەڵ باوکـە ئـادەم بـکات و کچـەکانی بـە هابیـل و قابیـل بفرۆشـێت، خیانەتە...خیانـەت..؟!.» ڕقـی لـە هەمـوو

نازکیـەك و جوانییـەك دەبـووەوە دەیگـوت « کچـان جـوان و نـازك نیـن ئەمـە گەورەتریـن درۆیـە بۆمـان هەڵبەسـتراوە بـە چارەمـان گرێـدراوە» قـەت حـەزی بـە جـل و بـەرگ و ئاڵتـون و جـوانی لـەش و لار و قـژ، بۆیـە، گـوڵاو، ئارایشـت، نـە دەکـرد، ئەحـەی سـەر ژنانـەش دەیگـوت» ئارامتـان هەبێـت هەمـوو ئـەو وەسوەسـیانەی هەفرەسـە بـۆ ژنـان هەیـەتی لـە ئێوارەیـەکی درەنـگ و بێدەنـگ لـە بـەردەم مانگـە شـەوێکی ئەنگووسـتە چـاوودا دەبینرێـت مانـای خەونـەکانی دێتـەدی « ئەحـە سـەر ژنانـە یەکـەم پیـا و بـوو پەیوەندییـەکی قووڵـی لـە گـەڵ هەفرەسـدا هەبێـت جێـگای خـۆی لـە دڵـی ئـەودا بکاتـەوە، ئەویـش بـە هەمـوو ئـەو کـردارە ژنانـەی کـە ئەنجامـی دەدا قژێـکی درێـژی خـاو و ملوانکـەو دەسـت و بازنـە و ئەنگوسـتیلەکانی پەنجـە باریکـەکانی جگـە لـەوەی خـۆی بەنایـەکی دەسـت ڕەنگیـن بـوو لـە مەکـرو فیـزی کچانـەی کـە نیشـانی دەدا، لـە سـەرووی هەمووشـیەوە نەبـوونی دەمـاری پیـاوەتی جێگـەی لـە دڵـی هەفرەسـدا کردبـووەوە دەشـیانگوت» ئـەو ماوەیـەی کـە لـە ڕۆژئـاوادا ژیـاوە مێـردی بـە یەکێـك لـە قووڵـە ڕەشـەکانی باشـور کردبـوو « بـۆ یەکـەم جـار کاتـێ ئەحـەی ژنانـەم بینـی لـە یەکێـك لـە ئارایشـتگەکانی شـاردا بـوو، کـە مەسـتانەی ڕووخـۆش قـژی بـۆ خاودەکـردەوە منیـش زۆر سـەیرم لـێ دەهـات چـون پیاوێـك لـە ئارایشـتگای ژنانـە پـۆڕی دەبرێـت « کەچـی مەسـتانەی ڕووخـۆش دەیگـوت « ئەمـە پیـاوە بـەڵام نـا لـەو پیاوانـەی کـە تـۆ دەیـان بینـی» پاشـان لـە زۆر ئـەو شـوێنانەم دەبینـی کـە تەنیـا بـۆ حافـرەت شـیاون دوا جـار دوو ڕۆژ بـەر لـە ڕووخـانی ئمپڕاتۆریـەت لـە یەکێـك لـە گەرمـاوەکانی ژنـان چـاوم پێکـەوت گـوتی هەمـوو شـتیك تـەواوو دوایـمان هـات خـۆت دەربازکـە، هـەر چەنـد گوتـم ئـەی هەفرەسـە، مەسـتانە، گوڵدانـەی حەمامچی...هیچێـك، ئـەو بـەر لـە بوونیـاد و ڕووخـان هەمـوو پێشـهاتە چـاوەڕوان نەکـراوەکانی بـۆ لێـك دەداینـەوە، خولایایـە سـەیرەکانی هەفرەسـەی شـیتەڵ دەکـردەوە.

ئـەو کـوڕی یەکێـك لـە پیـاوە دەوڵەمەنـدەکانی شـار بـوو کـە بـۆ بـازرگانی زۆربـەی وڵاتـانی هەرێمـە دوورەکانی بینـی بـوو تێکـەڵ بـە چەندەهـا ژنـانی خـاوەن جـۆرە ژیانێـکی تـرو مەحیشـەتێك و نـاز و نیعمەتێـکی تـر ببـوو، گوڵدانـە لـە دانیشـتنە نهێنیەکانـدا دەیگـوت ڕەنگـە هەمـوو بیرۆکـەی گرتنـە دەسـڵات و کێبڕکێکـە هـی ئـەو گێڕانـەوە بـە تـام بـۆکانی ئەحـە سـەر ژنانـە بێـت کـە بـاسی لـە ڕەفاهییـەتی هەرێمـە دوورەکان وەهمیـەتی چێـژو سـەر بەسـتیە عەدەمیـەکانی ژنـانی دەکـرد. وەلـێ مـن لـە یەکـەم ئاهەنگـی یەکـتر ناسـینی دانیشـگادا هەسـتم بـە چرپـەی هەفرەسـە کـرد لەگـەڵ کوڕیژگەکـەدا بـە ئەسـتەم و لـە لاچەپـەکان دەدوا دوو دڵنیـم لـەوەی لـە یەکـەم دیـداردا نەخشـەیان بـۆ کارێـکی مەترسـیدارِ دا دەڕشـت، هەفرەسـە بـە هـۆی ئـەوەی لـە هیـچ بۆنـەو ئاهەنگێـك دا خـۆی بەمیکیـاژ و بۆیـە سـوواق نـە دەدا ئـەو وەکـو ئێمـە هەرگیـز نەدەکەوتـە بـەر سـەرنجی کوڕان و نەیـان دەدوانـد تەنانـەت ناویـان نابـوو کچـە وەحشـیەتگەرەکە، ڕۆژ بـە ڕۆژ بـە شـێواز و شـێوەی جیـاواز ڕاو تێبینیـەکانی خـۆی لە کۆڕ و سـمینارەکان دەخسـتە ڕوو وتـەی سـەر سـوڕهێنەری وەك پـەلار دەیدایـە بـەردەم پیـاوان، سەرپەرشـتی چەندیـن یاخیبـوون و خۆپپیشـاندانی دەکـرد، بـە کۆمـەڵ کچـە تـازە پێگەشـتووەکان و قەیـرە ترشـاوەکانی لـە دەووری خۆیـدا کـۆ دەکـردەوە هانـی دەدان جگـە لـەوەی بـەردەوام لـەو شـوێنە باوانـەی کـە ئیـش و کاری ژنکـەکانی لـێ بەڕێـوە دەچـوو دەبیـنرا. هەرگیـز خـۆشی وەکـو ڕێکخراوێـکی ئافرەتـان نـە دەخسـتەڕوو بەڵکـو وەکـو شۆڕشـێکی کۆمەڵایـەتی نوێگـەر و فریـادرەس نیشـان دەدا، تەنانـەت گومـانی لـە تـەواووی هەنـگاوەکانی پیـاوان دروسـت کردبـوو بۆیـە دەیگـوت دەسـەڵاتی نێـرەکان سیسـتەمێکی بۆگـەن و بەسـەر چـووی نێـو کۆمەڵـگان هیـچ خزمەتێکیـان بـۆ مرۆڤایـەتی نیـە، ئەوان زۆر بـێ دەسـەڵاتن دەرهـەق بـە ئافـرەت ئێمـە خـاوەنی هێز و وزەی ڕاسـت و ڕەوانیـن هەمـوو ئـەو پیاوانـەی سـەرکووت دەکـرد کـە باسـیان لـە ژیـان و گـوزەرانی ژنـان دەکـرد، لـە کاتی کردنـەوەی پێشـانگایەکی لـە هۆڵـی مدیـادا بە

بریکارێکی وگتبوو هەموو پیاوەتی تۆ لە دامێنی ژنێکەوە سەریهەڵداوە. ئەو دەیگوت قەت مافی ئیمە لە سەر دەستی دووژمنی ڕاستەقینەمان دانیە، درۆیە پیاوی ڤێمێن دۆست هەبێت، بۆ سوێند کەوتن نەبێت تەنیا ئەو زڕ پیاوە نەبێت کە باوڕی سەد دەرسەدی بە ئێمەی ژنانە دژی ڕەگەزەکەی خۆی بێت ئەویش تەنیا ئەحەی سەر ژنانەیە. لە بەر گەرمایی تیشکەکانی ڕۆژ خوێن ڕژانەکەت کەلایەکی لاشەکەی سڕکردبووی گەوزێکت لە نێو پووش و پەڵاشەکەدا لینگەکانت تێکوەژاند درێژەت بەخۆ دووانەکەت دەدا.

هەموو بەیانیەك کە لە خەو هەڵدەستام وێنەیەکی تری یەکێك لە کچە کوژراوەکانم دەبینی کە لەلایەن دەستێکی وون هەڵدەواسران یاخوود بەیاننامەی تازەو بەرنامەکاری نوێی لە نۆژەن دا دەڕێژرایەوە و لە خوارووشیدا نێوی سەرۆکی ڕەگەز و پێشەوای ئاییندە دەنووسرایەوە، بەروارەکەشی بەکات و ڕۆژی لە دایك بوونی مێینەیەکی تر دەستی پێ دەکردەوە، لە شەوە زەنگە تاریکەکاندا لە ژێر هەر دەرگەو سەر پەنجەرە و کۆڵانی ماڵەکان و نوێژخانە و بارەگا و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەم نووسراوە دەبینرا، تەنگی بە پیاوانی ڕیش دریژ و چاویلکە لە چاو، پۆشتە و ڕووت و ڕەجاڵ، زانا و نەزانن، ڕۆشنبیر و کۆڵەوار، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات هەڵچنیبوو، هەموو شەوێك لە بیابانە چۆڵەوارەکاندا تەرمی پیاوێکی نە ناسراو و شێواو بێ ناسنامە دەدۆزرایەوە، پیاوان ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کار و کاسبی، دایرەکان و بەرەی سیاسەت، خوێندن گاکان و نوێژ خانەکان کەمتر دەبوون و دەستیان لە کار دەکیشایەوە، کوشتنی پیاوان لە نێو بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان بۆتە شتێکی ئاسایی هەر یەکەو بە بیانوێك دەکوژران زۆرترینیان بە تۆمەتی بێ شەرەفی سەر دەبڕان. ووردە ووردە ئافرەتەکان بە کۆمەڵ لە بازارو سینەماو پارك و مەیخانەکان تاکو درەنگە شەوانێك دەبینران، کوڕە گەنجەکانیش خۆیان لە ئاپۆڕی کچە شەڕانگێزەکان دەپاراست زۆرجار بە تەنیا لە

سـەر ڕێگاکانـدا هەتـك دەكـران دەسـت درێژیـان دەكرایـە سـەر، هـەر لـەو شـەوەی خۆپیشـاندانە خوێناوییەكـەی كـە لەگـەڵ سـەرباز و پیـاوە پاسـەوانەكانی وڵات كەمـتر گەنجـەكان لـە ئیـواران بـە دواوە دەردەكەووتـن ناچـار لەگـەڵ مریشـكە ڕەشـەكان هەڵدەنیشـت.

گوڵدانـە یەكێـك بـوو لـەو ژنـە جوامێرانـەی كـە لە لایـەن خودی هەفرەسـەی سـەرۆكەوە كرابـووە لێپـرسراوی یەكێـك لـە دەسـتە هێـرش بەرەكانی شـەو، كە بەجـلی ڕەشی ژێـرەوە و چـەكی قورسـەوە ئارامـی شـاریان دەشـێواند، پیـاوە مـەزن و خـۆ هەڵكێشـەكانیان دەدزیـن بـۆ ئەودیـووی هەرێمـی دارسـتانە چـڕو پـڕەكان دەیـان بـردن بـە شـەرمەزاری و ئابـڕو و چـون و خوێـن تكانەوە دەیانگەڕاندنـەوە. بەیانیـەكی زوو هەفرەسـە بـەر لـە تێـك قـژ قژانەكـەدا خـۆی گەیانـدە لای ئەحـە سـەرژنانە لـە ماڵبـەڕی خەونەكانیـدا خـەونی ئـەو هەنگانـەی نـاو حەوشـەكەمانی بـۆ گیرابـووەوە كـە لـە ئێـوارە بەهارێـكی تـەڕدا هەنگـە مێینـەكان بـە فەرمـانی شـاژن گشـت نێرینەكەیـان لـە نـاو بـرد نێـرە مـردووەكان لـە سـەر دارو گـەڵاو بـەردو كووچـەو شـەقامەكان و ژووری كتێبخانـەكان، گومبـەتی نوێـژگاكان، لـە هەمـوو لایـەكی شـاردا كەوتبـوون. ئەحـە پێـی گوتبـوو ئیـتر هەمـوو شـتێك لـە دوای خەونـەكانی تـۆ سـەرەتایەكە بـۆ كۆتایـەكان. هـەر لـەو ڕۆژە بـە دواوە مەملەكـەتی پیـاو وێـران بـوو تەختـی سـەدان سـاڵەیان ڕووخـاو كۆشـكی نێـرەو زوەوقـی مێرڤانەیـان داڕمـا. شـەهوەتە پیسـەكانی خۆیـان دەرخواردەیـان دەدانـەوە، نـاوە قەبـەكانی یـان لـێ دەسـندنەوە سـمێڵە زڵەكانیـان پـاك تاشـین سـەرەتا لـە فەرمانگـەو خوێندنـگا، مەڵبەنـدگاكان و پاشـانیش لـە كارخانـەو چایخانەو مەیخانـە، خۆشـخانە، جبەخانـە، كۆڕخانـە، پیاوخانـە، نفوسـییان كەمـتر دەبـوون، ئەسـتەم بـوو لـە كوچـەو كـۆڵان دەركەوتبـان ڕەنگـە ڕۆشـتنی پیاوێـك لـە ڕێـگاو خـواردنی ئایسـكرێمێك هێنـدەی گوناهـی كوشـتنی فرشـتەیەك لـە سـەریان دەكەوتـەوە، یاخـوود پیاسـەی ئێـوارە پاركێـك، بـە قـەد سـووتانی ووتـەكانی جبریـل ئاسـمانی وێراندەكـرد، پیـاوان هەمـوو پۆسـت

و کورسیەکانیان جێدەهیشت لە بەرەی جەنگە دژوارەکان دەکشانەوە لە پێشنویژ و وتارخوێن، لە چایخانە، کارخانە، خۆڕیخانە، شێتخانە، لاتخانە، چیشتخانە، سەرتاشخانە، دیوارخانە، بەندیخانە، قەسابخانە، نۆشخانە، تێرخانە، دەسڵمینەوە، تاکو لە دواین ڕۆژگاری حوکمرانی باوك سالاریدا ژنەکان دەرەکەووتن، لە باژێڕو کۆڵانەکان هاواریان دەکرد وتافیان لێدەدا «چیتر فرمێسك و گریان چەکمان نیە، هونەرو دەست ڕەنگینی کوونجی ماڵەوە نیە، حەیاو شەرەف جوانی نیە، ناوەندی بڕیارو سەرکردە مان پیاو نیە» ئەو ڕۆژە ئەم هەراو هۆریایە درێژەی کێشا دواین ئێوارە پاییزێکی کوشتنی نێرینەکان بوو، دێرە گۆڵەکانیان دەکووشت، ماکەو کەوەکان، ماکەر کەرەکان، هێستر ماچەکان، چین ماچینەکان، مریشك کەڵەشێرەکان، عاشق مەعشوقەکەی..، پاشان خۆێن باران دەستی پێکرد کانیاوەکان پڕ بوون لە خوێن دارەکان خونیان دەردەدا، شەقام و کۆڵان، دیوار، تەڵی کارەباو گڵۆپە کانیش دڵۆپ، دڵۆپ، خوێنیان لێ دەتکا، ئامان، مەنجەڵ، پەرداخ، دۆڵکە، تەژی لە خوێن بوون. بووبە جۆگەڵە پاشان بووبە دەریا وەڵاتی لە لاشە هە ڵوەریو و ڕزیوەکانی نێرڤانان لە هەموو سەرتاسەری وەڵاتدا چۆڕاندەوە، ئیتر لەوە بە دواوە، وەڵاتێکی تر نیشتیمانێکی تر هەرێمەك لە یەکەم ڕۆژی ئیمپاراتۆرییەتی مێینەوە دەستی پێکرد، خاڵی لە پیاو لە مێژوو ڕەشەکانی شارستانییەتی زۆرە ملێی خۆ بە زڵزانی و تۆغیانی هەموو شتێك گۆڕدرا یاساوڵ و سەربازو سەرۆك و فەرماندەکان، پڕۆفیسۆرو مامۆستاو قوتابی، لە خوێندنگاکان سەراپای پایتەخت و شارو و لادێکان، کوچەو کۆڵان و قەیسەری و بازار، دەرو دراوسێ، کۆگاو کارگەکان، مزگەوت و کلێساو نەزرگاکان، نویژخانەکان، لە سەر مینبەرەکان دەگوترایەوە، شاعیرو ڕۆشنبیر، نووسەران و هونەرمەندان لە شانۆکان و ئۆکسترا میوزیکیەکان نمایش دەکرا، لە ئێستگەو تەلیفزیۆن، مانشێتی ڕۆژنامەکان نووسیرایەوە، مێژوو نووسەکان لە سەر تاشە بەردەکانی جیهان بە چاخێکی نوێ و تازەگەرایی

هەڵیاندەكەنـد.
جووتیـارو كرێـكارو ئاغـاو گـەداكان لــە دیوانەكانیـادا، كـەڕو كوێـرو شـەلەكانیش دوو جاریـان دەكـردەوە، لـە گـۆرانی و بەنـد، لاوك و حەیـران و سـیاچە مانەكانـدا دەوترایـەوە، كونـدە بەبـۆ و تـووتی و بەبەغـە و كوكووختیەكانیـش ئەزبەریـان دەكـرد، لە هەموو شـوێنێكی ئـەم مەملەكەتەدا دەگوترایـەوە، بۆیـە خـواش ناچاربـوو یەكێـك ڕاوانـە بـكات پێغەمبەرێـكی ژن و بـە زمـانی ژن بـدوێ.
پـاش ئـەوەی جـوان دسـت و قاچەكانـت لـە لایـەن دەموچـاوە پـۆشراوەكان شـەتەك درا، بـەدەم ڕاكێشـانەوە بـە سـەر تاوێـرە تیـژەكان و بـە نێـو دڕك و گـژو گیـای نێـو دۆڵ و نـزارەكان، لوتكـە هەڵدێـرو هەڵمووتەكانـدا، تاكـو بـەردەم دارە مەزنەكـە پەڵكێشـیان كردیـت دەسـتە، دەسـتە، چیـن، بـە چین، بـە خەنجـەری تیـژو زەرگـەو دەف كووتانـەوە بازنەیەكیـان بە دەورتدا كێشـا، بـەدەم زیكـرو تەهلیلـە یاهـوو... یاهـوو، لـە زەردەپـەرەوە تاكـو گزنـگ بـە سـەریان دا دەقیژانـدی گـورگ و ڕێـوی، كـە ڤتیـارو توورگـە كێویەكانیـش دەیـان لوورانـد، هەڵـۆو قەڵـەڕەش و سیسـاڵكەكان لـە ئاسـمانی سـەرتەوە دەیـان قریوانـد، دواتـر بـە دەسـت ڕێـژە گوللەیـەكی تـووڕە هەمـوو شـتێك بـێ دەنـگ بـوون بێدەنـگ تـر بـەر لـە سـپێدەی لـە دایكبوونـت .

**هاوینی / ٢٠٠٥**

**تێبینی:**
ئـەم چیرۆكــە لــە گۆڤـاری چیرۆكنــما ژمــارە (٢) ی ســاڵی ٢٠٠٥ بڵاوكراوەتــەوە.

## ٩

# سێبەری مەرگ
# لە مەڵەکەتێکی سامناکدا

(ئێـره مەملەكـەتی مرۆڤـی وەهمیـەكان و تارمایـی و تـرس و ئـۆف و بڤەكانـە جگـە لـە پێچەوانـەی جوانیـەكانی ژیـان هەمـوو شـتێك تەنیـا سـێبەری مەرگـە لـە مەملەكەتێـكی سـامناكدا) ئەمـە وتـەی دوایـن سـەری مـردووی بـێ گۆڕسـتان بـوو كـە چەنـد ڕۆژێـك لـە مەوبـەر بـۆی نـووسی بـوو.

ئـەو پێـی وابـوو هەمـوو ڕووداو و گۆڕانـەكانی ئـەم جیهـانی سـێبەری مەملەكەتـە سـامناكەكانی ژیـان مشـتێكە لـە نـا بەجێـی و بەدیهێنـەری درۆ و تـاوان و خیانـەت، ئیـتر هەمـوو جوانیـەك و نازكیـەكی ئـەم نیشـتمانە شـوومە لـە خاڵـی سـفرەوە دەسـت پێـدەكات. بـەڵام هەرگیـز سـەری لەمـە دەرنـە دەكـرد كـە ئـەو كەسـە دەمامـك دراوە كـێ بـوو؟ كـە بـۆ یەكەمیـن جـار بـە چرپـە و لـە بـن گوێیـدا ئەمـەی پـێ گوتبـوو كـە بـۆی لـە سـەر پەڕۆیـەكی شـڕو ڕەش بنووسـێت (بـە داخ و پەژارەیـەكی زۆرەوە هەواڵـی لـە دایكبـوونی كۆرپـەی تازەتـان دەبیسـتم هاوبـەشی خەمتانیـن

خـوا سـەبوریتان بـدات)
زۆر جـار کاتـێ پەڕۆیەکـەی دەکـردەوە سـەرنجێکی ناقـوڵای تێدەگـرت وەك مەتەڵێـکی هەڵنـە هێنـدارو وابـوو دەگرژیـەوە تاکـو دەدایـە قاقـا... دواتـر گـرژ و مـۆن نـۆرەی گریـن و نـووزە و گریـان تاکـو لـە هـۆش خـۆی دەچـوو، ئەمـە بـوو پیشـەی پیـرە خۆشـنووسی کەنفـت و قـرژن و پەڕپـووت، ڕەنگـە ئەمـە دوایـن وێسـتگەی نـووکی فلّچەیـەکی مانـدووی ژیـان نەبێـت کـە بـە دڵشـکاویەوە خـۆی لـە لاپەرەیـەکی تـازەی جیهانـدا خشـاندبێت و بەخۆشـحاڵ تریـن مـەرگ و بەدتریـن لـە دایـك بـوون لـە دوای خـۆی هەژمـار کردبـێ، بـەلام هەمیشـە نامـۆ تـر نووسـینەکەی دەهاتـە بـەر چـاوانی.
بۆیـە منیـش وەسـتایانە هـەر لـە وێـوە دەسـت بـە تۆمارکـردن و گێڕانـەوەی مێـژووی حەقیقەتـە ڕووت و تفتـەکانی ژیـانی مرۆڤـە خەسـی و بۆگەنـەکانی ئـەم وڵاتەتـان بـۆ دەکـەم، بـەلام هەرگیـز بـە هەڵـە دانەچـن ئـەم دێـرە بڵحانـەی سـەرەوەو خـوارەوە نـە هیمنـە نـە خـاوەنی ئـەم چیرۆکـەو نـە پاڵـەوانی ڕووداوەکـە (تکایـە مـن نیـم و ناشـبم، گەربـووم و هەشـبووم، هـەروەك یـەك ئاسـا خودایـە لێـم پەسـت مەبـە) ئەمـەی بـە خەتێـکی سـپی و شـاش و جـوان لـە سـەر یەکێـك لـە لافیتـە ڕەشـەکانی بەردەمیـدا نـووسی کەمێـك قـژە سـپیە ئاڵۆزەکـەی سـەری خـۆی خوراند، بە باوەشـکێکەوە دەیگـوت ئەمـە نـە یەکەمیـن پەرگرافی نووسـینە سـەیرەکانمە و نـە دواهەمیـن دواتـر لـە سـەر داوای خۆیـان دەنووسـم بـە مـن چـش..! بـا لـە مـەش زبرتـر بێـت. ئـەم جارەیـان لـە لایەکـی تـردا نـووسی (مـن فاشـل تریـن مرۆڤـی ئـەم جیهانـەم) یەکێکـی تـر (مـن دڕنـدەم، جانـەوەرم، وەحـش و کاڵفامـم) هەمـوو ئـەو نووسـینانەی بـە کەیفسـازیەوە بـۆ ئـەو کـوڕ و کچـە عازەبـە خۆڕسـکەکان دەنـووسی کـە لـە دوای کوشـتن و پـەتی سـێدارە و شرقـەی کەوتنـە خـوارەوەی قەوانـەی فشـەك و شـەرم دزرا و بـە جێـماوی قەمـاغـە خویـن لـە سـەر سـینە و مـەم و جەسـتە و سـۆمـاکەی

لاشـەیانەوە دەمـا.

بـەڵام هەمیشـە دەیگـوت مـن نازانـم چیرۆکـەکانی ژیانـم چـۆن لێـرەوە دەسـتپێ دەکـەن هـەروا بـە سـانایی سـەرتایەکە بـۆ کۆتاییـەکان یـان کۆتایـی سـەرتایەکانی دیـرۆکی گێرانـەوەی ڕووداوە تۆمـار نەکـراوەکانی زەمەنـە زەقنـە بووتـەکانی گەڕانەوەیـە بـۆ ژیـان، ئیـتر خۆشـم تێناگـەم لـەوەی کـە مـن هـەم و دەشـبم، یـان نیـم، ئەوەتـە نیـم و ناشـبم، دەبـا گرنـگ ئەوەبێـت کـە دەبینـم، دەبیسـم، دەڕیسـم، دەکەنـم، دەقەپـم ، دەڕیخـم، دەخـەوم، دەحەپـم دەدەدەدەدەدەپـەڕم.

باشـە بـۆ دەبێـت ڕۆژانـە هەمـوو چرکـە ساتەکانی ژیـان وەك یـەك بێـن و بچـن میـل ژمێـری ژیانیـش بـە دەوری قیبلـە نومـای قەدەرێـکی پوچـدا بخولێتـەوە، هێندێـك جـار خـۆم وەك گێلێـکی سـەرخۆش دێتـە بەرچـاو ئـێ باشـە مەگـەر مـن حاکـم و شـای وڵاتـم یـان قەواڵـە نـووس و بـەش نـووسی ئێـرەم، مـن تەنیـا یـەك شـت دەنووسـم ئـەوەی بمـرێ وەك شـەوی تاریـك ڕەش دەبێتـەوە یـان هەروەکـو لافیتەرەشـەکان خـۆی لـە ڕەنگـی سـپی داماڵێـت یاخـود گـەڵای ووشـك بـووی پیـرە دارێکـە، ئێـرە ڕەنگـە تەنیـا وڵاتی زەنـگ، یـان ڕەنگـە تارمایـەکان بێـت مەگـەر لـەم وڵاتـە مـرۆڤ دووجـار دەمرێـت یەکەمیـان بوونیـەتی دووەمیـان مردنیـەتی ڕاسـتە مـن هەمـوو مـردوەکانی ئـەم مەملەکەتـە ڕەشـە دەناسـم نـاوی هەموویانـم لایـە، تەنانـەت شـەوانە هەنـدێ جـار لەگـەڵ ئەوانـەی کـەل و پـەل دەبـن، یـان ئەواتـە تەنیـا لاشـەن و بـێ سـەر یاخـوود سـەری بـێ لاشـەن یـا ئەوەتـە تەنیـا زەکـەر و لـووت و گوێـن، ئەوەنیـە مـن هاورێـی هەمـوو مردوێـکی ئـەم تاریکسـتانەم، دز، حیـز، گـەواد، جـەردە، تیرۆرسـت، بـێ گونـاە، گچکـە و گـەورە، تەڕپیـر و تێرپیـر، ژن و منـداڵ، بـاش خـراپ... زەریفـزادە و خۆڕیـزادە، ئیـتر هەموویـان بـۆ مـن وەك یەکـن، بەڵـێ وەك یەکـن، تەنیـای نوتفەیەکـن لـە ئێسـك و خوێـن. هەمیشـە مـن لـە دڵەڕاوکـێ یـەکی مەزنـدام بـە دڵنیایـەوە هەمومـان پیسـدانی پاشـەڕۆی

وڵاتێـکی زبڵیـن، مەگـەر تەنیـا خوێـن پاکـمان کاتـەوە گەرنـا بـۆ دوماهـی ئاواهـی دەحەوێینـەوە. ئێمـە لـە گەمەیـەکی سـەیر دایـن چەندەهـا جـار ئەمـە دووبـارە و سـێ بـارە و دەبـارە و هـەزار و یـەك جـارە دەبێتـەوە، کەچـی هەروایـن وەك بەرداشـێکی بـێ جوڵـە و فەسـڵێکی نـە گۆڕیـن.

دەڵێـن بـەر لـە ئـازدای ئـەو لـە یەکێـك لـە شـەقامچە خراپـگاکانی پێیتەخت دەژیـا، بـەڵام ژیانێـك بەدتـر لـە کوڵـە مەرگـی هەمـوو ڕۆژانـەی ئـەو پیـاوە تەنیـا لـە سـەر بـە کێـردانی کیژۆڵـە تەڕگەیـوەکان بـوو، لـە بـڕی وەرگرتنـی چەنـد عانەییێـك چەنـد تڤێـکی خەسـتی دەکرایـە نێـو چـاوان، ڕۆژانـە دەیان و سـەدان و بگـرە هـەزاران ژنی ئـەم وڵاتـە ڕەش پـۆش دەبـن، سـەدان دایـك مەرگـی زنـدووی ڕۆڵەکانیـان بـۆ دەچێتـەوە، هـەزاران ژن بـێ بـەش دەبـن لـە چرکـە سـاتەکانی خـۆش بەختـی ژیـان، تونێڵـی گەرمبوونەوەیـان ووشـك دەبێـت، هەزارەهـا زارۆ بیـژی مـۆت دەردچێـت لـەم هاوارسـتانەدا ئارایشـتگاکان دەبـن بـەوە حشـیەتگا، ئەویـش بـە گۆڕسـتان، گۆڕسـتانیش دەبـێ بـە باژێـر و باژێریـش دەبێـت بـە مزگـەوت، مزگەوتـەکان دەکـرێ بـە مەعسـکەر، معەسـکەر بـە قەسـابخانە، قەسـابخانە، تەویلـە، تەویلـە بـە ئالیـکگا، ئالیـکگا بـە خواردنـگا، زانسـتگا بـۆ خورتـگا، خورتـگا بـە مەستخانە، ئیـتر ئێـرە جێـگای لـە دسـتدانی ناسـنامە و دەنـگ و ڕەنگـەکان و پـەردەی کچـە خـەون بەخـۆ نەدیوەکانـە. هیـچ شـتێك وەك خـۆی نامینێـت ڕەنـەگان تەنیـا بـە سـور سـاون دەنگـەکان تـۆنی لێـدانی سـوڕن خۆشـترین بـۆن خونـە، کۆڵانـەکان و دیـوارەکان، ماڵـەکان و خوێنـدگاکان، گـۆڕە پانـەکان، قەحپـە خانـەکان، مەسـتگاکان، پەرسـتگا و مەزهەبـگاکان هەموشـتێك گـۆڕاوە، ڕۆژانـە بـە هـەزارن ڕەنـگ بـە نەفـەرت دەکرێـن، پیـرۆزەکان پیـرۆز تـر دەکرێـن، بـەدەکان بەدتـر دەبـن و خـووە جوانـەکان خـورد تـر دەکرێـت، هیـچ شـتێك لێـرە نیـە تەنیـا حـەز و خولایـا و پڕکردنـەوەی پەڕۆیـە ڕەشـەکانە. ڕۆژانـە هـەزاران خۆشـنووس خۆشـتر دەنوسـێت، گرمـەی بـازارە نوسـتوەکانە لێـرە هیـچ کاڵایـەك هێنـدەی

مرۆڤی ڕفێنرا و نافرۆشرێت جگە لە ڕەنگی ڕەش و بۆیەی سور و بۆنی خوێن، کەللەی مرۆڤ، شتێکی تر باوی نیە، ئێرە مەلەکەتی خوێن بارانە، من لە سورەی بەیانیەوە تاکو زەردی ئێوارە تەنیا ڕەشەکان بەڕنگە سپیە سورنشیوەکان دەنووسمەوە، گەر ڕۆژانە بە دەیان و سەدان و هەزارەها پەڕۆی ڕەش پڕکەمەو هەر دەبێت، بەردەوامبم لێرە بەردەوامی واتە پێش ئەجەڵ کەووتن، مردن هیچ واتایەکی نیە جگە لە خۆشاردنەوەیەکی چاوشلکانێی هەزاران کەس وەك ئەو پیاوەی چوون و نە هاتنەوە تاکو ئێستا نەهاتنەوە، مردن لێرە عەیبێکی گەورەیە یاخود درۆیەکی مەزنە، ژانیش بریتیە لە چاوەڕوانی مەرگ مەرگیش گورگێکی وونە بەڵام هەموو ئەمانە نامترسێنێت چونکە من و ترس هەمیشە دووانەین ڕەنگە هەر من وا نەبم هەموو خەڵکی ئەم لێرەوارە پێکهاتەی ترسێکی بێ وێنە بن.

ئەوەی سەری لێ تێکداوم ورو گێژی کردووم هەر ئەوەیە کە پێم گوتن پێم ناڵێن چۆن دەبێت سەر و ڕیشم تەنیا بە دیار یەك ئالاو مارشەوە سپی کردبێت، هەموو تەمەن تەنیا بۆ نووسینی یەك لایفتە و وتافێك بەڕێ کردبێت، هەموو ژیانم بۆ یەك خودا و پێغەمبەرێکی درۆین و قەسابەکانی مەرگ و بازرگانەکانی زگ و بە لێندەرەکانی دامێنی ژن و چارۆگی بێ شەرفەکانی زەمەن و گورگەکانی شاخ و نەسیحەتکەرانی مەسیح و هێزی فریادڕەسکەی خاچ و شەیتان بە سەر بردبێت، هەموو شتێك لای من کۆتایی هاتووە تەنیا ئەمە نەبێت. کە ساڵەهایە چاوەروانم بێگومان دەیدۆزمەوە وەکو مانگی دوو ڕۆژە دەردەکەوێتەوە، تەنیا لە بری هەموو سەربردەکان تاکە هیوایەکم ئەوەیە کە چۆن ئەو مرۆڤە دەمامکدراوە دەگەڕێتەوە، هەر چەندە دەڵێن تیرۆر پارێزەکانی شەو بینیویانە کە چۆن خۆیی و ئۆتۆمبیلێکی ئاگرین لە بەردەم یەکێك لە ئەپارتومانە شاخدارە مەزنەکان خۆی تەقاندۆتەوە، کەچی گوایە قەسابەکانی ڕۆژی نیوەرۆ بە

چەنـد دەفتەرێـك لـە یەكێـك لـە بانـدە میهرەبانـەكانی خوایـە ڕفێنـەرەكان كڕیویانەتـەوە، هەندێـكی تـر پێیـان وایـە لەیەكێـك لـە زیندانـە بـزرەكانی مەزهەبێـك بـۆڕی هەڵكێشـان كـردووە. یـان كەوتۆتـە بـەر لوولـەی ئاگـر بـارانی شـەقامەكان، بـە دڵنیایـەوە مەتـر و گەزێـكی ئـەم دونیایـە نەمـاوە بـەر گوللـەو ئاگـر نـە كەوتبێـت، یـان كەسێك نەمـاوە قەدەغـە و پەنهـان و نامـۆ نەبێـت، ئـەوەی لـە ڕەشـەبای بیابـان و شـەڕی نـەوەكان و پاكتـاوی ڕەگـەزەكان و بـەرەی جەنگـەكان، سـەنگەری لینگـەكان، سـنوری هەرێمـە دیاریكـراوەكان، قـڕی نەتـەوە و بـە زۆر سـەپاندنی ئایـن و مەزهەبـەكانی زەمەنـە دوور و درێـژەكانی ئـەم وڵاتـە دەرچووبێـت، دەبێـت ئەمـرۆ رۆح بـۆ باچـی رزگاربـوونی لـە تاوانـەكانی دەرپێـی كـورتی حـەوا و شـەرواڵە شـڕەكەی باوكـە ئـادەم بـدات.

لـەم نیشـتمانە تەنیـا و تەنیـا شـەقامی هێمـن و تەنیـا شـەقامی گۆڕسـتان و خۆشـنووس و مـردوو شـۆرەكانە بێگومـان لـە گـەڵ هـوڕە و كریـوەی تـەپ و تـۆزی شـەقامەكان و زریـانی ئاگـر دەر دەكەوێتـەوە، هـەر چۆنێـك بێـت لێـرە داوی چـاوەڕوانی زۆركورتـە، ڕۆژێـك، دووان، هەفتـە و مانـگ و سـاڵێك و دەیـان و سـەدان سـاڵ هـەر دێتـەوە. ئـەو رۆژە لای پیـرە خۆشـنووس بـە دوایـن رۆژی پركردنـەوەی لافیتـەكان و هاورێیـەتی ڕەنگـەكان و دەنگـە نەشـازەكان بـوو، لەگـەڵ دەركەتنـەوەی هاوسـەفەری رێگـە و بڕكـردنی تەمـەن و دانـانی ئـەو فڵچەیـەی كـە لـە شارسـتانەیەتی سـومەر و بابـل و ئاشـور و هیتـەوە بـۆی بـە جێمابـوو گەلێـك قـورس بـوو، بـەڵام ئـەو ڕۆژەی لـە بەیـانی یەكەمـەوە بـۆ بـەرە بەیـانی دووەم و سێهەم، كـە فڵچەكـەی لـە نووسـین و سـەمای سـەر پـەرۆ ڕەشـەكان نـە دەكـەووت، هەمـان پیـاوە دەمامـك دراوەكـە هاتـەوە بـەڵام هاتنەوەیـەكی نامـۆ، نامـۆ تـر لـە هاتنـی پیـاوە ڕیشـە كێشـەكەی مـەرگ، تەنیـا بـواری بـە جیهێنـانی یـەك دواوای هەبـوو ئەمـەش ڕازی نووسـینێكی بـەد بەخـت بـوو، بـۆ دواجـار دەیگـوت ئـەو كەسـە كـێ بـوو چـۆن ویسـتی بمرێـت،

یـان بـەر لـە مـردنی ئەمـەی پـێ گوتبـووم کـە بـۆم نووسـی (خۆشـحاڵین بە شـدار بوونتـان لـە ئاهەنگـی کۆچـی دوایـی خوالـێ خۆشـبوو .... ئامـادە بوونتـان ئاهەنگەکەمـان بـە جـۆش و خرۆشـتر دەکات) ئیـتر ڕقـمان لـێ هەڵمەگـرن چونکـە ئێمـە هیـچ نیـن وەکـو ئێـوە تەنیـا زمانێـکی گێـڕەوەی چیرۆکـە مانـدووەکانی مێـژو و سـەربردە ڕاستەقینەکانی ژیانیـن، کاتـێ ڕەش دەبێتـەوە بۆیـە سـێبەری مـەرگ لـە مەملەکەتێـکی سـامناکدا وەك هـەر شـتێك لـە دوای ڕەشـە بایـەکی بـە هێـزی دەسـتکردی مـەرگ کۆتایـی پێـد ێــت .

**وەرزە پاییزی / ٢٠٠٦**

**تێبینی :**

ئـەم چیرۆکـە لـە کـۆڕی چیـرۆکی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لقـی هەولێـر لـە سـاڵی ٢٠١٠ لـە شـەقڵاوە خوێندراوەتـەوە.

هەروەهـا ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری نمـای ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠٠٧) بـڵاو کراوەتـەوە.

# ١٠

# گەڵای وەریو

بەدەم پێکەنینەوە ناوە ناوە سەری بە سەر دارە درێژەکەی دەستیدا شۆڕ دەکردەوە، هەر جارە و گسکەکەی بەم لاو ئەملای شەقامەکەدا دەهێنا و دەبرد و چەند پەڕە کاغەزێکی دڕاو و گەڵای هەڵوەریووی دار چنارەکەی بەردەم باڵاخانەکەی کۆدەکردەوە، دواتر سەری هەڵدەبڕی و کەمێك بە دەوری خۆیدا دەیڕوانی بە هەمان شێوە خۆی خەریك دەکردەوە.

دوای ئەم هەموو ساڵە کە بۆ یەکەم جار و دوایین جار بینیم هەر وەك خۆی ئاسا هیچ نە گۆڕاوە تەنیا باڵای گرتووە، جوان گوێم لێبگرە راستە من نەمدواند بەڵام هەمان گلحۆی جارانە، ڕەنگە مرۆڤ نەتوانێ تەنیا بە پشت بەستن بە چاو بڕیار لە سەر هەموو شتێك بدات و گوللە بە تاریکیەوە بنێت، بەڵام گومانم لەوە دانیە منداڵی دوێنێ و پیاوی ئەمڕۆ هیچ لە ژیان و گوزەرانی ناگۆڕێت، چونکە باشم لە بیرە، کە هەموو خوێندکار و فێرکارەکانی سەردەمی قوتابخانە لە

بـەر دەسـتیدا ڕیزیـان دەبەسـت، لێـی دەترسـان، هەترەشـیان چـوو بـوو حەپەسـابوون، ئەمـرۆش هـەر وایـە ئـەوەی گـۆڕاوە، تەنیـا منـی سـواڵکەر و بەدبەخـت و چـارە ڕەش و بێمەفـەڕم، تەنیـا ئەمـە نەبێـت، هـەر چۆنێـك بـوو بـە ڕازێـکی دەیـان ساڵە گەییـم، ئـەوەی منـی کـردە خۆڵرێـژ و زبڵچـی و هاورێـی کوچـەو شـەقامەکانی شـار. تـەواوی ئـەو پرسـیارانەی کـە بـۆم شـی نـە دەکرایـەوە، هەرکـە گەیشـتە بـەردەم ئەپارتمانەکـە لەگـەڵ دەنگـی زیـڕە سـتۆپی ماشـێنەکانی وەك خـۆی هەمـوو شـتێکم بـۆ ڕوون بۆتـەوە، هـەر چەنـدە هێـلی تـەزووی سـەرجەم خـەون و خەیاڵـەکانی پچڕانـدم، کـە عەیامێکـە لەخانـەکانی مێشـکمدا دێـن  وەدەچـن، لـەم  ڕۆژەی فێریـاری مـەزن، کـە یەکێـك بـوو لـە چاکتریـن مامۆسـتاکانی سـەردەمی زێرینـم دا، دێتـەوە بیـرم کـە لـە نێـو قوتابیانـدا پێـی گوتـم ها..بیریـاری گـوێ بـە تـۆز ئەمـە خەریـکی کامـە کیشـوەری تازەمـان بـۆ دەدۆزیتـەوە؟! ئیـتر لـەم ڕۆژە بـە دواوە بڕیارمـدا نابێـت ئـەم ڕازە سـەر سـەختە بدرکێنـم، کـە ڕەهـای کـوڕە دەوڵەمەندەکـە بـۆی باسـکردم، بـەڵام تکایـە، دەجـار تکایـە ئێـوەش بـۆ کـەسی تـر بـاس مەکـەن و نهێنیەکانـم مەدرکێنـن. ئەمـەش بـە هەڵـە تێمەگـەن، کـە نازنـاوی گـوێ بـە تـۆز لـە بـەر تەمبەڵـی و نـەزانی و تێنەگەیشـتوویی مـن بێـت، یـان خـوا نـە خواسـتە بـە شـتێکی تـر بۆمـی لێـك بدەنـەوە، گـوێ بـە تۆزیـش سـەربردەیەێکی تـری خـۆی هەیـە:. بـۆ یەکـەم جـار بـە هـەزار پاڕانـەوە و تـکا و رەجـا باوکـم ڕەوانـەی بەرخوێندنی کـردم، بۆیـە لـە خۆشـیاندا ئـەو بەیانـەی زوو لـە خـەو ڕابـووم، چونکـە لەگـەڵ باوکـم لـە یەکێـك لـە خانـووە قـوڕ نشـینەکانی لاپەڕگەیـەکی شـاردا دەژیـام، لـە بـەر پەلـە پەلکـردن و دوانەکەوتنـم، بـێ ئـەوەی دەم و چـاوم بشـۆم خـۆم بـە خوندنگاکـەدا* کـرد، تومەزانـە شـەو وردە خۆڵـی بانەکـە بـە سـەرمان دا باریبـوو، هەمـوو سـەر و گوێـم بـە تـۆز و خۆڵبـوو، ئیـتر هـەر لـەم کاتـەدا ناویـان نـام کـوڕە گـوێ بـە تۆزەکـە.

کـە ماشـێنەکانی وەسـتان، وەکـو فیلمـی مافیاکانـم هاتـە بـەر چـاو، لـە

گــەڵ چرکــەی کردنــەوەی دەرگای ئۆتۆمبیلــەکان ئــەو بــێ جووڵــە لــە شــوێنی خۆیــدا دانیشــتبوو، کاتــێ لــە بــای غــاردا ئەفەندیــە چاویلکــە لــە چــاوەکان دەرگای دواوەی ماشــێنە خۆڵــە مێشــیەکەیان بــۆ کــردەوە، ئەمیش بــە ئاســپایی قاچــی ڕاســتی هێنایــە دەرەوە، مــن لــەو کاتــەدا خــۆم بــۆ ڕانەگیــرا لــە قرتــەی پێکەنینمــدا، هــەر چەنــدە ئــەو لــە بــەر کامێــرە بــە دەســتەکان، ئــەو قەرەباڵغییــەی دەوروبــەری منــی نەبینــی، کەچــی پێکەنینــی مــن زۆر لــەو ژاوە ژاوە گەورەتربــوو، کــە کــەس نەیبیســێت، بــەڵام کــوا گریــان و پیکەنینــی هەژارێــك لای ئــەو جــۆرە کەســانە گرنگــە، تەنانــەت بــە یــەك پەنجــە ئیشــارەتێکی بــۆ پاســەوانەکانی کــرد، بازنەیــی لــە چــوار لاوە گەمارۆیانــدا لــە نێــو ئاپــۆڕی خەڵکەکــەدا دووریــان خســتەوە، منیــش بــۆ دواجــار بریارمــداوە هــەر پێبکەنــم، هــەر چەنــدە بینینــی ئــەو، هیچــی لــە غــەم و ژانــەکانی ســوك نەکــردم، بــەڵام ئــەوەی زەمانێکــە تەمەنــم لــە خزمەتیــدا نــاوە ســاڵەهای ســاڵە بــە دوایــدا وێڵــم، بــۆم لێــك نەدرایــەوە و ســەرم لێــدەر نەکــرد لــە ســاتێکی بینینــم دا وەکــو پیــازی ســپی کــراو هاتــە بــەر دەســتم، ئیــتر لــەم ڕۆژە بــە دواوە زانیــم مــن بیرمەنــد و بلیمەتــم بەردێکــم خســتۆتە ســەر دیــواری جیهــانی فەلســەفەو بیرکردنــەوە، داهێنــەر و پســپۆڕم لــە ژیــان و گــوزەرانی دەوڵمەنــد زادەکان و مەعیشــەتی خــۆش ژینــەکان، تەنیــا منــم، کــە لــە ڕاســتیەکان و حەقیقەتــە ونــەکان و ئەفســانە زەبەلاحــەکان و ماهیەتــەکانی ژیــانی هەمــوو شــازادە و خۆشــزادە و دونیــا زادەکانی ئــەم جیهانــە دەزانــم. بــەڵام چــش..! هەروەکــو دۆنی گــونی گا وایــە، گــەر نــا دەبــوو هــەر ئێســتا زوومــی کامێــراکان بخرێنــە ســەر مــن و ڕۆژنامــە و گۆڤــارەکان ســەرە هــەواڵ و مانشــێتەکانیانم پــێ بڕازێنــەوە، لــە ڕادیــۆ و بڵنــد گــۆکان نــاو و شــۆرەتی مــن بــە دەنگێــکی زوڵاڵ بە تــەواوی دونیــادا پــەرش و بــڵاو بکەنــەوە، لــە ســەر هەمــوو لافیتــەو دار و بــەردی ئــەم وڵاتــە نــاوم بنووســرێــت، هاوڵاتیــان بڕژێنــە ســەر شــەقام خۆپیشــاندانم بــۆ بکــەن وتــاف و دروشــمەکانم بڵێنــەوە، وەزیــر و گزیــرەکان و ســەرۆك و

فەرماندەکان یەك ڕیز لە کۆشك و تەلارەکانیان دەست لە سەر سنگ بوەستن لە هەموو کوچەو کۆڵانەکانی شار و هەرلایەکی ئەم نیشتمانە شوومە فەرشی سورو تیتلە و بێبلە و ڕازاوەبێت، خانمان و زارۆکانیش چەپڵە ڕێزان و گوڵبارانم بکەن نوێنەر و باڵیۆزی وڵاتان پێشوازی و سەردانم بکەن، شێخ و مەلاو پاشا و گەدا سەر و ملم ماچ بکەن، پیاوی ژیر و شێت و دز و حیز و گەوادەکان پێڵاوەکانم بلێسنەوە، هەر لەم ڕۆژەدا مەلا و قەشە و مالمەکان لە سەر مینبەری مزگەوت و کڵیسا تێکەڵ بە نوێژ و نزا و پاڕانەوەکانیانم بکەن. مامۆستا لە وانەکانیان هونەرمەند و شاعیر و دەربارەکان بملاوێننەوە، نوسەر و مێژونوس و لێکۆڵەرەوەکانیش لە سەر کەسایەتی و مەزنیم بنووسن، پێویستە وێنەکانم لە ماڵ و دیوەخانەکان، فەرمانگەکان، دادگا، زیندان، تەکیە، خانەقا، بگرە مەیخانەو مەلهاکانیش هەڵبواسرێت، منیش لە سەر ئەپارتمانە بەرزەکان لە لوتکەو شاخە سەر سەختەکان لە هیمالایای بەرزترین شوێنی دونیا نزیکتر لە عەرشی خودا، تێکەڵ بە هەورە سەرشتێتەکان دەبم وەك شرقەی برووسك دەنگ هەڵدەبڕم تاکو تەوای مرۆڤینەکان بزانن ئەمن کێم..؟؟ بەڵام خودا ئەو باوکە بێ مێشك و نەفرەتیەم بگرێت لە بڕی ئەوەی گرێکۆڵەکانی ژیانم بۆ بکاتەوە، وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، سەرکۆنەی دەکردم، جوێن ڕێژی دەکردم، لە ژیان بێ هیواو ئۆمێدی کردم، لە بەردەمی زاتی ناموبارەکیدا هەموو شتێك عەیب و شەرم بوو، گریان، پێکەنین، دانیشتن، نان خواردن، خۆڕاکشان، پاڵکەوتن، تێفکرین، تفکردن، زانین، نەزانین، قین، تڕین، فسین....چوزانم بۆیە ئەم پیاوەم لێدەرچوو!!

دێتەوە زەینم، کە فێریار چۆن باسی سەرهەڵدانی بیرۆکەکانی فەیلەسوف و بلیمەتەکانی دونیای دەکرد، کە چۆن یەکێ کێشی موگناتیسی، لە کەوتنە خوارەوەی سێویێك بۆ سەر زەوەی دۆزیوەتەوە، یەکێکی تر لە بەرد گرتنە دارێکی بەرهەمدار، کە چۆن ئەو دارە لە بڕی بەرد

بەرهەمەکـەی خـۆی لـە مـرۆڤ دەگرێـت، سـەرکردەیەکی شۆڕشـگێرش لـە مێـرو لەیـەك فێـرە خۆڕاگـری و قارەمانیـەتی دەبێـت، کـوڕی بەدریـش لـە دڵۆپـە ئاوێـك، هەمـوو ئـەو پرسـیار و پرسـە گرنگانـە بـوون خۆیـان لـە مێشـکمدا مەڵاسـدابوو کـە ئەمنـی بـەم ڕەوشـە ڕەشـە گەیانـد، ڕۆژانـە بیـرم لـی دەکـردەوە بـەدەوری ئـەم حـەز و خولیـا رەزا قوڕسـە دەکەوتـم و دەخولامـەوە، خـۆم دەدوانـد، تـۆ بڵێـی چـۆنی بـۆ چـووم هـەر وابێـت.؟!

هەمـوو ئـەو شـەوانەی بـەر لـە خەوتـن لـە سـەر بـانی ماڵەکەمانـدا ڕادەکشـامێ سـەیری مانـگ و ئەسـتێرەکانم دەکـرد، کـە چـۆن مـن و دراوسـێکان و شـارەکەم تـەواوی ئـەم دونیایـەی درەوشـاندۆتەوە، دەبێـت ڕۆژێـك بێـت ڕاسـتیەکانم ئـاوا بگەشـێتەوە و سـەرنجی مرۆڤایـەتی بـۆ لای خۆیـدا ڕابکشـێت، هەنـدێ جـار دەمگـوت لـە بێـزار و دژواری هاوڕێـم بپرسـم یـان لـە مامۆسـتا و شـێخ و مـەلا و یاسـا ناسـان و سیاسـیەکان، زۆر جاریـتر خەریـك بـووم لـە شـێوەی یاداشـت نامەیـەك بینوسـمەوە بیخەمـە بـەردەم دەسـەڵاتداران و لێپـرسراوانی دەوڵـەت و ئەنجومـەنی نیشـتمانی، بـەڵام کـە ڕۆژ دەبـووەوە پاشـگەز دەبوومـەوە نـەوەك کەسـێك بێـت و ئـەم بیرۆکـە نایابـەم لـێ بدزێـت و خـۆی بـکات بـە خـاوەنی زۆرجـار بێـزار و دژوار دەیانگـوت ئـەو شـعیرو چیرۆکانـەی مامۆسـتاکەمان لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـار و بەرنامـەی عاشـقانی ڕادیـۆ بـڵاوی دەکاتـەوە هـی خوێندکارەکانییـەتی.

لـە دوایـن شـەوی بەدبەختیـدا نزیکـەی سـەت و چـواردە جـار لـە نێـو پێخـەف و جێگاکەمـدا خـۆم هەڵگێـڕو وەرگێـڕ دەکـرد، ئیـتر دوا بڕیارمـدا کـە لەگـەڵ کۆتـای هاتنـی خوێندنـدا هەمـوو ئـەو بەخشیشـەی لـە مـاوەی مانگـی ڕابـردوو کۆمکردبـووەوە خسـتمە دەسـتی شـوفێرێکی بـێ نەزاکەت، دوای ئـەو پاسـە کەوتـم کـە قوتـابی و منداڵـی خـوا پێـداوەکانی بـەرەو ماڵـی دەکردنـەوە، دوای چەندیـن پێچکردنـەوە سـەرم گێـژە لووکـەی دەخـوارد گـەر درۆم نەکردبێـت بـۆ جـاری یەکەمـم بـوو سـواری ئـەم جـۆرە شـتانەبم

لـەو سـەری شـاردا ماڵـی ڕەهـای کـوره دەوڵەمەندەکـەم دۆزیـەوە، کـە لـە کۆشـکێکی سـپی تەنهـادا دەژیـان.

هــەر چەنــدە بــۆ منێــکی هــەرزەکار، کارێــکی گەلــێ قــوڕس بــوو بــەڵام هــەر چۆنێــك بێــت بــۆ شــەوی دواتــر، کــە لــە ڕەهــام بیســتبوو باوکــە نەگریســـەکەی شـــەوانە درەنگانێـــك دەگەڕێتـــەوە، بۆیـــە کـــە تاریکایـــی و زوڵمـەت دونیـای داپـۆشی ئەمـن خـۆم گەیانـدە بـەر دەرگا زەبەلاحەکـەی ماڵــی ڕەهــا، ســەرەتا دوو گڵۆپــە جــوان ڕەنگینــەکانی ســەر دەرگاکــەم، بـە بـەرد شـکاند، نـەوەك بکەومـە بـەر ڕوونـاکی چراکـە و ئاشـکراوەبم، بـم بەنـەوە بەردەسـتی باوکـم تیـرو پـڕ شـەقم بـکات، هەرکـە خـۆم لـە سـەر دیـوارە بەردینـە بەرزەکـە ئاودیـو کـرد بـۆ نـاو ماڵەکەیـان کەوتمـە خـوارەوە، بـۆ نـاو ئـەو باخچـە بچووکـەی کـە کەوتبـووە نـاو ماڵیـان لـە هـۆش خـۆم چـووم ئیـتر نەمـزانی چیـم بـە سـەرهات و کویـم شـکاوە، دوای چەنــد کاتژمێرێــك لەگــەڵ دەرکەوتنــی چــرای ئۆتومبیلــەکان و دەنگــی هــۆڕن بــە هــۆش خــۆم هاتەمــەوەو کەمێــك خــۆم قیتکــردەوە، هەوڵمـدا لـە سـەر چۆکەکانمـدا ڕونیشـتم کـە ئازارێـکی بـی َوێنـە یـان هەبـوو، بـە ئەسـتەم سـەرم بەرزکـردەوە لـە خـۆشی ئـەوەی تاکـو بـە جــوانی ڕاســتیەکانی قســەکانی ڕەهــام بــۆ دەرکەوێــت، ســەبارەت بــە چۆنیـەتی دابەزینـی بـاوکی لـە ماشـێنەکەیدا ببینـم، کـە بـەردەوام لەنێـو هــاو پۆلەکانمانــدا دەیگــوت: کاتــێ باوکــم لــە ئۆتمبێلەکــەی دا دەبەزێــت دەرگای ماشـێنەکەی ناکاتـەوە، سـەرم لـەوە سـوڕماوە تـۆ بڵێـی بـاوکی ڕەهـا چـۆن لـە سـەیارەکەی دێتەخـوارەوە و سـوار دەبێـت بـێ ئـەوەی دەرگاکـە بکاتــەوە.؟ تــۆ بڵێــی لــە جامــی ســەیارەکەی بێتــە دەرەوە؟! باوەڕناکــەم چونکــە ئەوانــە وەك باوکــم گوتــەنی ئەقــڵ زادەکانــن ئــەی چــۆن، بــەر لـەوەی ئۆتۆمبیلەکـەی بـاوکی ڕەهـا بوەسـتێت ئەمـن خـۆم وێکهێنابـوەوە لـە تـاو ئـازار و خوێـن بەربـوون، کەچـی بـۆ نەگبـەتی لـە دواوە یەکێـك پشـتی مـلی گرتـم و بـەرزی کردمـەوە، هـەر چەنـدە هەوڵمـدا و خـۆم

ڕاتەکانـد هــەر نەبێــت دوایــن دیمــەن و مەشــهەدی نوانــدنی شــانۆی ڕازەکـەم ببێنـم، بـەڵام سـوودی نەبـوو، ئێسـتاش لـە گەڵدابێـت نەمزانـێ بـاوکی ڕەهـا چـۆن لـە سـەیارەکەی دا دەبەزێـت، کەچـی هەرئـەم شـەوە بـە منداڵـە دزو چەتەیـان لـە قەڵەمـدام، جـا هـەر چـی ئـەو بابـەت و تاوانانـەی لـە مـاوەی سـاڵێك لـە گەڕەکـە زەریفنشـینەکان هەبـوو، بـە منـی نـەزان و کڵـوڵ و بەدبەختـدا سـاغیان کـردەوە، بڵێـم چـی ڕەنگـە تـاوانی منیـشی تێدابێـت، کـە بۆچـی بزانـم بـاوکی ئـەو چـۆن سـواری ئۆتۆمبیـل دەبیـت و دادەبەزێـت، بـەڵام هـەر کـە پیـاوە قەڵافەتدارەکـە شـەپە زەلەیـەکی پێـدا کێشـام ووڕو گێـژ و کاسـبووم، زێـڕی خاتمـی سـوور تـۆ دزیوتـە سـەگباب ..بێگومـان، دەخیەلـەی حاجـی قرچـۆك ئەویشـیان هـەر خـۆم بـووم، مانتـۆڕ سـکیلی فـڵان بەگـزادە..؟ بەڵـێ، دەرپێـی فیسـکە خانـم ..ئەمیـش..؟! چوزانـم کـەسی تـری لـە مـن باشـتر و گێـل و نەفـام و زارەتـرەك چوویـان دەسـت نەکـەوت. گـەر یەکێـك نەهامـەتی ڕووی لـە ژیـانی کـرد حاڵـی لـە مـن چاکـتر نابێـت، کـە سـاڵانێکی تەمـەن لـە زیندانـدا لـە پێنـاوی هیچـدا بـە سـەر بەرێـت، بـەڵام بـا ئەمـەش وەکـو چیرۆکێـکی تەوانەکـراوی ژیـان بـە زیندوویـی لـە نێوانمانـدا بمێنێتـەوە.

ئـەو هـەر لـەم سـەین و بەینـەدا بـوو، کاتـێ لـە گـەڵ خێرایـی دەرچـوونی ماشـێنەکان سـەیری کاغـەز و گـەڵا وەریـووەکانی کـرد شـەقامەکەیان وەك خـۆی دا پۆشـیتەوە بـەدەم ڕاماڵینـەوە زەردەخەنەیـەکی کـردو کەوتـە پێکەنیـن.. پێکەنین...پێکەنیـن.

**بەهاری / ٢٠٠٧**

*__خوێندنگا:__ مەبەست خوێندنگایە بەشێوەزاری ناوچەی کۆیە.

**تێبینـی:** ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری نووسـەری نـوێ ژمـارە (٣٩) ی سـاڵی ٢٠٠٧ی لقـی هەولێـری یەکێتـی نووسـەرانی کوردسـتان بـڵاو کراوەتـەوە.

١١

# ماری ڕەش و داپیرەی ڕەش

دەڵێـن داپیـرەی ڕەش لـە بنمیچـی ژوورێـکی بچـووك و ڕەش و لەگـەڵ مارێـکی ڕەش و بـە جلێـکی ڕەش و کفنێـکی ئامادەکـراوی ڕەش بـۆ دوا جـار ماڵـی ئەبەدییـەتی خـۆی لـە شـەوێکی تاریـك و ڕەشـدا تێکنـا. ڕەنگـە ئەمـە بیرۆکـەی دوا نووسـین و چیـرۆك نەبێـت بـۆ ئەوانـەی بیانهەوێـت کـە ڕووداوێـکی بەرواڵـەت هەڵبەسـتراوێکی ڕاسـت و نـە دوور لـە تەکنیـکی چیـرۆك و نـە لـە بیـردا کاریگەرانـە لـە وانـەی تـر خـۆی بـە ئاقـاری حەقیقەتـەکان بخشـێنێت، بەڵکـۆ لـەم میرنشـینە شـومەی ئێمـەدا و لـە دوایـن سـەردەمی ژیـانی مرۆڤایـەتی لـە سـەردەمانی سـەرۆك نشـینێکی سـەدەی بیسـت و یەکەمیـن ژیـان و مەحیشـەتە خۆشـزادەو و ڕەهاژینـەکان، ئـەو ڕووداوە نـە بـە دوایـن سـەربردەو نـە یەکەمیـن لـە سـەرجەم بـە سـەرهات و کارەسـاتە سـەیرەکانی دوایـن مـاوەی کوشـتن و قڕکـردنی مـارە ڕەشـەکان بینیـم.

جیـا لـە هەمـوو ئـەو چیـرۆك و حکایەتانـەی کـە لـە سـەردەمانی زوو

پـیـش سەرۆکنشـینەکان بیسـتووم، ئەمیـان ئەفسـانەو ئامـۆژگاری مێـژووی درۆیـن و پێغەمبەرێـکی بەرژەنـدی خـواز نیـە، کـە چـۆن داپیـرەی ڕەش، بـە ڕەشـترین مـەرگ و دڕندەتریـن ئەجـەل و دوورتریـن سـەفەر لـە دونیـادا هەژمـار کرابێـت. ئـەو ڕۆژەی کەمنـی بینـی ئەمـەی پێگوتـم مـن هـەر لـە هەوەڵـەوە دەمگـوت: چـۆن دەبێـت لـە پێنـاوی زاڵمێـك تـەواوی زاڵمـەکانی دونیـا لـە نێـو بچێـت، لـە بـڕی کەسێك یەکێـکی تـر بکوژرێـت، بـۆ مەبەسـتێکی تایبـەت تـەواوی ئاواتـەکانی تـر لـە نێـو ببردرێـت، لـە سـەرەتاوە نەمویسـت، بـەڵام چیبکـەم کاتـێ سـەرۆك فەرمـووی ئیـتر کۆتایـی هەمـوو شـتێکە هـەر شـتێك مەیـلی ئـەو بێـت خواسـت و خـەون و بیـر و کارو هـزر و خـۆشی و ناخۆشـییەکانی واتـە هـی تـەواوی خەڵـك دونیـا و کۆخسـتانەکەیە، قـەرارگاو بڕیـاردەر تەنیـا خۆیـەتی ئـەو دەتـوانی لـە سـەر ڕاسـت و چەپـی ئـەم لێڕەوارسـتانە قسـە بـکات.
ئیـتر هـەر لـەم شـەوەی کـە دوا شـەوەی مـارە ڕەش و بـۆرو کـۆرەوەی بابـەکان بـوو، داپیـرەی ڕەش کۆچـی دوای کـرد دڵنیامـە ئەمـەش نهێنیـەکی قـووڵ پـڕ بـە ئێـش و ژانی دەهەنـدوڕ دایـە، بەڵـێ ئەمـە مەرگێکی نائاسـایی بـوو، هـەر چەنـدە مـن مـاوەی دەیەهـا سـاڵە پاسـاوان و دەرگـەوان و لێپـرسراوی دەسـتەی پارێـزەرانی شـاهانەی سـەرۆکی سـەرۆکزادەم بـەڵام، هەمـوو قەتـڵ و عامـەکانی پێشـەکەو کێـچ و مەگـەز و تەیرو تـوارم بینیووە، هیچـان نەبۆتـە هـۆی گیـان لـە دەسـتدانی کەسێك، هـەر کاتـێ نـەوەکانی سـەرۆکزادەکان هەوەسـتی کوشـتن و لـە ناوبـردنی هـەر دەعبـاو درنـدەو ئـاژەڵ و پەڵەوڕێکیـان کردبایـە، مـن بـەوکارە هەڵدەسـتام بـۆ منێـکی سـەر بـە قـووڕ شـەڕەفێکی مـەزن بـوو کـە سـاڵانێکە لـە بـاوە گەورەمانـەوە خزمـەتی سـەرۆکزادەکان دەکەیـن، بـاش دێتـەوە بیـرم کاتـێ کـوڕە مێـرد منداڵەکـەی سـەرۆکمان ڕقـی لـە پەپولەیـەك هەڵسـا هـەر لـە هەمـان ڕۆژ توانیـمان تـەواوی مەملەکـەتی سەرۆکنشـینەکە لـە پەپولـە نەگریسـەکان پـاك بکەینـەوە سـەدەها و هەزارەهـا پەپولەمـان سـوتاند کردمـان بـە

پەنـدو عیـبرەت بـۆ ئەوانـەی تـر کـە سـەرۆکزادەکان زویردەکـەن، یاخـود خانمـی سـەرۆك ئـەو شـەوەی لـە بـەر دەنگـی بۆقـەکان خـەو نـە دەچـووە چـاوانی ئیـتر لـە هەمـان شـەو سـەرۆك فەرمانیـدا کـە هەمـوو بۆقـەکانی دونیـا بدینـە بـەر سـەرە نێـزەو بـە بـەرد پانیـان بکەینـەوە، هـەر جارەو کۆتایـی شـتێك و ڕۆح لـە بەرێـك بـوو، کـە گشـت کـۆڵان و کوچـەو شـەقام و شـاخ و لوتکـەو پێدەشـت کـون و کەلەبـەری ئـەم مەملەکەتەمـان دەکرد، تەنانـەت دەبـوو هـەر دانیشـتووێکی ئـەم مەمەلەکـەت نشـینە خۆیـی و عەلاگـەو چـارۆگ و جامانـەو پشـتێن و زەنبیـل و گونیـە و بگـرە دەرپێـش پـڕ لـە مشـك و پشـیلەو قـاز و مـراوی کۆتـرو کـەو کەروێشـك و جـورج و ڕێـوی و سـەگ و تـاژی بێتـەوە بـەردەم کۆشـك و تەلاریـی سـەرۆك نشـینەکە، گەرنـا دەبـوون بـە قیـڕو سـیای نێچیرێـکی بێسـەرو گـوێ.

مـن هەمـوو ئەوانـەم بەچـاوی خـۆم بینـی هـەر لـە بەیانێـکی زووەوە بـەر لـە هەڵاتنـی ڕۆژ بـە سـەدان و هەزارەهـا پیـرو گەنـج و ژن و منداڵ و گـەوەرەو بچـووك لـە نێـو پەرێـز و کێڵگـەکان بـە دەیـان و بـە سـەدان هەزارەهـا دۆنـم و ئۆلـك زەویـان سـەرەو ژێـر دەکـرد، تاکـو کـرم و حەشـەڕاتەکان بدۆزنـەوە و ئێـوارە بـەر لـە ڕۆژ ئاوابـوون لـە پێـش دیـوارە بەردینـەکانی کۆشـك و پاسـاوانەکانی سـەرۆك ناوەکانیـان تۆمـار دەکـرد، تەنیـا و تەنیـا لـەم شـارەدا داپیـرەی ڕەش نەبـێ کـە هەرگیـز تەنیـا بـۆ سـاتێکیش و نێچیرێـکی ڕاو نەدەکـرد، ئـەو جیـا لـە هەمـوو ئـەم نشـتمانیانە سـەرپێچی یاسـانامەی سـەرۆکایەتی میرنشـینەکانی دەکـرد، ڕەنگە سـەرپێچی و دەرچـوون لـە یاسـا دەسـتکردەکانی سـەرۆك هێنـدە ئاسـان و سـانا نەبێـت کـە پیرێژنێـکی بێدەسـەڵات بتوانـێ سـەرەرۆیی بـکات، هەمیشـە دەیگـوت: کوشـتنی مێشـوولەیەك هیـچ جیـاوازی نیـە لـە نێـوان کوشـتنی مرۆڤێـك ئێـو هەمووتـان قاتـل و پیاوکـوژن ڕۆژانـە هەزارەهـا گیـان لەبەری بێتـاوان لـە بەیـن دەبـەن کوشـتنی گیـان واتـە کوشـتنی خـودا، هـەر ئـەو ڕۆژەی لـە سـەرتای کوشـتن بازیەکـەدا و لـە ڕێگـەی چەندیـن کـەسی

باوەڕپێکراو خەبەرنێردا بۆ مان دەرکەووت کە سێك هەیە دەیەوێت یاساو بنەماکانی ژیان تێکبدات دژ بە ئیمپراتۆریەتر یاخی لە فەرمانر شارستانیەتی مرۆڤایەتی ستایشی سەرۆك و پادشا زادەکان، ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە سەرۆکزادەی مەزن تەواوی حەسحەس و پیاوەکانی جاڕدا تاکو ئەو کەسە لە خۆباییەو خۆ نەویستە بهێننە بەردەرگای بارگای سەرۆکنشینەکان شەق و پەقی بکەن فێری زانستی گوێرایەڵبوون و مێبوون و سەر دانواندن و لێستنەوەی کەوشی بەگزادە حوکم تیژەکان بێت.

ئیتر ئەم ڕۆژە سەرتای وێرانبوونی دنیا و تێکچوونی زێدی سەرۆك نشینەکان بوون، کەس نەیزانی ئەم زریان کوتان و تۆفان و ڕەهێلە لە تەبەقەی حەوتەمی ئاسامانەوە بوو یاخود چۆن لە چەند چرکەیەکی خێرا و تیژ ڕەوو هەموو پەلە هەورەکانی دنیا بۆ سەر ئاسمانی میرنشینەکەمان گڵبووەوە، هەندێ بە غەزەبی خودا هەندێکی تر بە فڕ و فێڵی شەیتان و بەعزێکیان ڕاوە جنۆکەو پەریان لە قەڵەمدەدا، هێنانی داپیرەی ڕەش بۆ کۆشك بە بەد بەخترین کات و ناخۆشترین سەردەمانی کۆشك دەزانرێت بۆیە نەیانتوانی هیچ سزایەك ڕوو بە ڕووی داپیرە بکەن، ناچار هەروا مایەوە بەڵام بە فەرمانێکی سەرۆکە زلەکان داپیرەی ڕەش بارنجکرا لە هەر شتێك کە لەم مەمەلەکەتەدا هەبێت، کڕین، فرۆشتن، مامراد، سەردان، هاتووچۆی شادی و ناخۆشی، بێبەش لە تەواوی پێداویستیەکان، بگرە هیچ دانشتوێکی مەملەکەتەکە بۆی نەبوو بیدوێنێت، تەنیا بە فەرمانی سەرۆکی میرنشین جگە ماری ڕەش نەبێت کە هاودەم و هاوڕێ و هاوژینی داپیرە بوو ئەمیش حەکایەتێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. دەیانگوت ئەم مارە ڕەشە یەکێکە لە ئەولایاکانی زەمانە، خدری زندەیە پیری لاسە، زۆرتر لە سەر ئەوە کۆك بوون کە ماوەی سی ساڵ لە مەوبەر لە بەیانێکی زوودا بەر لە خۆرهەڵاتن، کوڕە تاقانەکەی داپیرەی ڕەش لە نێو پێخەفەکەیدا دەردە

وەکەویت لە ماڵ دوور دەکەوێتەوە تاکو ئێستا نە گەڕاوەتەوە، کاتێ داپیرە دەچێت کورە تاقانەکەی لە خەوی شیرن وریاکاتەوە مارێکی ڕەش خۆی لە نێو جێگاو پێخەفەکەیدا ئاڵاندبوو، ئیتر تا ئەمرۆ بە نێوی کوڕەکەی بانگی دەکات و نان و ئاو لە گەڵدا لە نێو یەك ئامان و پەرداغدا داخوات و دەخواتەوە و شەوانەش لە نێو پێخەفی کوڕەکیەدا دەیخەوێنێت.

ئەم ڕۆژە بە دوا ڕۆژی بوغزی سەرۆکزادەکان دەزانرا، تاکو ئەو شەوەی کچی سەرۆك لە گەشتێکدا و لە کاتی گەوزاندنی نێو باوەشی کوڕە جحێڵەکی سەرۆکزادەکاندا، لە گرمەی عشقبازی و گەمەی ووردە حەزەکانیدا لە نێو پوش و پەڵاشی لێوار تەپۆلکە شاخێکدا شێتانە خۆیدا بە مارێکی ئاشقەو باشقە ئەمانیش لە ترسی لێك دابران و لێك ترازانی مەعشوقانەیاندا پەلاماری کچی سەرۆکیاندا، ئیتر هەر لەم شەوەوە بە فەرمانی سەرۆك قەڵاچۆکردن و قڕکردنی مارەکان دەستی پێکرد.

گشت شوێن و بن بەرد و شاخ و لوتکە نەما ماری ئاشقەو باشقە و ڕەش و بۆرەو تیرە و گەورەو بچووك کەوتنە ژێر گورزی پیاوانی سەرۆکزادەکان هەر ئەم شەوە دوا شەوی مارەکان بوو، لە هەر لایەکەوە کوشتنی مارەکان دەستی پێکرد گەورە و گچکە، پیر و جاحێل، ژن و منداڵ شەلەو کوێرە، ساغ و ناساغ، جیا لە هەموو هەرەوەزێکی تر گرتن و لە ناوبردنی مارەکان لەلایەن سەرۆکەوە بەخشیشی مستێ زێڕ و زیوی پڕ بە دەستی زەبەلاحترین کەسی ئەم مەلەکەت نشینەبوو، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا چاك و خراپ پیاو ژن، زاناو نەزان، مەلاو قەشە، ئاقڵ و شێت، حیز و دز، دەوڵەمەندو فەقیر، سەگ و تاژی پێکڤە دەچوون و دەهاتن، جۆرەها مارو مر، تیرەو گەورە، بێ گوناح و گوناحکار، تاوای لێهات گردۆڵەیەك تەنیا لە مار درووست کرا و پاشان بە فەرمانی سەرۆك سوتێندرا، ئیتر لەم ڕۆژەدا

بـە دوا ڕۆژی نەمـانی مـارەکان و میرنشـینێك پاکـژ لـە مـار ناسـێندرا، دوای کوشـتنی مـارەکان داپیـرەی ڕەش و مـاڕی ڕەش هەردووکیـان لـە سـەر جێگا و پێخەفەکەیانـدا وشـك هەڵاتـن و بوونـە بەردێـکی زینـدوو و رۆح لەبـەر، لـە یەکێـك لـە مۆزەخانـە نهێنیـەکانی ئـەو دونیـا مانەتـەوە. بـێ ئـەوەی بزانیـن ئـەو مـارە کـێ بـوو هـەروەك خـۆی تاکـو ئێسـتا بەزینـدووی مـا یەوە.

**هاوینی / ٢٠٠٧**

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری کاروانی ژمـارە (٢٢٠) ی سـاڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی ڕۆشـنبیری حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە.

## ١٢

# نمایشی پاڵەوانێکی دۆڕاو

دوای ئـەوەی لـە لایـەن دەرهێنەرەکـەت رۆڵـی ئـەو پاڵەوانـە عەرەبـەت پـێ سـپاردرا، کـە لـە یەکێـك لـە هۆڵـە بەنـاو بانگـەکانی پایتەخـت پێشـکەش دەکـرا. پیرۆزییـەکی گەورەبـوو بـۆ تـۆ کـە بتـوانی بچیتـە قاڵبـی یەکێك لـە پیاوە نـاودارەکانی نەتەوەکـەت، تاڕادەیەکیـش لات زەحمـەت بـوو، چونکە لـە ماوەی پرۆڤـە کردنەکەشـتدا چەندیـن پەیوەنـدی تەلەفۆنیـت لـە لایـەن سـەرانی وەڵاتەکـەت لـە گەڵـدا دەکـرا.
هێنـدەی تـر دڵـت بـەوە دا خورپا کاتـێ نوێنەرێکی هەواڵگری ڕاسـتەوخۆ سـەر پەرشـتی شـانۆکەی دەکـرد، چەندیـن جاریـش زانایـە ئاینیـەکان ئامۆژگاریـان دەکردیت.
«ئەرکێـکی زۆر گرینگـە پابەنـدە بـە چارەنووسـت» بە هەشـتێکت بۆ مسـۆگەر دەکات؟!
جگـە لـەوەی رۆشـنبیران و نووسـەرانیش هێنـدەی تـر بـە شـان و باڵیـان هەڵدەدایـت.

مـاچ و مووچـی سـەرو شـانت لـە لایـەن پیـر و پەکەوتـەکان و خەڵـکی سـەر شـەقام هـەر مەپرسـە!

لـە سـەرووی هەمووشـیان ڕاموسـانی کچۆڵـە شـۆخ و شـەنگەکانی خوێندنگاکان حەزمانیـان لـێ بڕیبوویت.

دواین تەلەفۆنت لە لایەن باندێکی تیرۆرستیەوە بۆکرا.

بەبێزارێکەوە وەڵامت دەدایەوە:

-فەرموو.

-بەڕێزتان...

-بەڵێ خۆمم.

- منیش وتەبێژی فەرمی ...؟!

بـە تـەواوی شـێوایت تەلەفۆنەکـەت لە مدەسـت بۆ ئەو دەسـت دەگواسـتەوە، لە پشـت مێزەکەوە پیاسـەت دەکـرد، پچڕ.....پچـڕڕ.. دەتگوت:

-بەڵێ..بەڵێ...دەنگت دەناسمەوە.

لـە شـێوەی فەرمانێکـەوە قسـەی بـۆ دەکردیت تـۆش گوێەکانـت قوڵاخکردبوو دەتگـوت لـە هەنسـك کەوتوویت.

-لە خزمەتتدام .

-فەرمایشتێکی ترت نیە؟

-زۆر چاکە.

-دەزانم

- ئەمرەکەیت.

-وایە.

دواین وتەی ئەمە بوو:

- کارەکـەی تـۆ بەقـەد ئەوکـردە خـۆ کوژیانـە دەبێـت کـە دڵـی تـەواوی ڕۆژئاوایـەکانی دەهەژێنێـت!

-بە چاوان.

-خواتان گەڵ.

وات هەستدەکرد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت دایت، تەنانەت کوچە و کۆلانەکانی شاریش پێتدەڵێت زایەڵەی هەنگاوەکانت ئەزموونێکی قورسە.

هەر لەو ڕۆژانەی دەستت داوەتە گێڕانی ئەم ڕۆڵە هەموو شتەکان گۆڕان، تەنیا سەرقاڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بوویت ئێجگار هەراسانی کردوویت، هەر لە ئیمێڵ و پۆستی نامەبەرو، تەلفۆن، چاوپێکەوتن، میوان بەڕێکردن، نووسین، ڕۆژنامە، واژوکردنی دەست، سەر، عەگال، پێچە.

بۆ چەند هەیڤێك دەچێت لە گشت میدیاكان بانگەوازی بۆ دەکرێت کە نمایشەکە ڕاستەوخۆ دەگووازرێتەوە.

کات، ڕۆژ، شوێن، هەموو شتێك دەستی پێکرد بەزەحمەت حەشاماتی خەڵك خۆیان لە هۆڵەکە دەئاخنی، دەرزی بە حەرز نە دەکەووت.

تەنانەت شەقام و کۆڵان، چایخانە، مەیخانە، کارخانە، چاوەڕوانی ئەم ساتە وەختە مێژوویە بوون کە نواندنەکە دەستیپێکرد.

لە گەڵ هەڵدانەوەی پەردەی یەکەم هەواڵێکی تازە و بە پەلە نەفرەتی سەر هەموو کەناڵی tv، ئینتەرنێت، ڕادیۆ، تەنانەت میلی کاتژمێرەکانیشی گرت. سەرنجی بینەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ئەویش دەرکەووتنی پاڵەوانی یەکەم بوو! دووای ونبوونی بە سەر و ڕیشێکی درێژو و لوول و شێتانەوە. هەر با بایە و پشتی لە شانۆکە کرد یەك یەك.، دوو دوو، سێ سێ... چوار چوار ... هۆڵەکەیان جێهێشت، تەنیاخۆت و دەرهێنەرەکەت مانەوە و ئەویش بە چرپەوە لە بن گوێت (ئەم جارەیان نا...با بۆ جارێکی تر و شۆڕە سوارێکی تر بێت)!!

*ئەم چیرۆکە بۆ دڕندەترین دکتاتۆری جیهان نووسراوە.

**تێبینی:** ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری ((سابات)) ژمارە ی((١)) بە هاری ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

١٣

# ڕازێکی سەخت

دەمــەو ئێــوارە بــوو تــازە ڕۆژ وردە بێچــووەکانی خــۆی دەکێشــایەوە، زوڵمەتیـش خۆیـی و بوخچـەی پڕ لـە پرسیار بـوو بـە میـوانی ژوانەکەمـان تریفـە لـە سـەر کورسـیەکەی بەردەمـم دانیشـت بـوو، ئەنیشـکی دابـووە سـەر لێـواری پەنجەرەکـە نمـەی بارانیـش دەپڕژایـە سـەر جامەکـە و هەناسـەی سـاردی گووناهـەکانی دەسـڕیەوە، چێژێـکی سـەمفۆنیای دەبەخـشی هـەر چەنـدە هەوڵـم دەدا بیدوێنـم ڕازەکانی بدرکێنێـت، کەچـی تەنیـا جەسـتەیەکی سـڕبوو نیـگاکانی دەبریسـکایەوە و بێدەنـگ هەڵکورمـا بـوو، نـاگانی لێـوەکانی هێنـدە وشـك بـوو، دەتگـوت دەزووە لـە چـاوان دەچەقـەێ بـەڵام زەردەخەنـە نـا ئومێدیـەکانی نـە دەشـاردەوە، بزەیـەکی بـۆ کـردم منیـش بزەیەکـم بـۆ کـرد بـە نـا دڵیـەوە کاغەزەکانـم لـول دایـەوە پێـم گـوت: قەیناکـە بـا ئـەم ژووانـەش بێدەنـگ ئاسـا مـن تێدەگـەم بـا بـۆ دیدارێـکی تـر بێـت، دەنگێـك لـە نـاکاو ڕایچڵەکانـدم سـەر تاپـای لـەشی هەژانـدم، گەرەکـم بـوو لێـی بپرسـم بـەڵام ئـەو جلـەوی لـە دەسـتدا و

توونـد دەسـتەکانی گووشـیم بـەم دوو ووشـەیە دایگرتـم، نا..نا...ناتـوانی بینووسـیتەوە، ڕۆژگار پێـم دەڵـێ : نا..نا..نا...منیـش دانیشـتمەوە سـەرێکم بـۆ لـە قانـد زۆر بـە کـوڵ و کۆڤـەوە هـاواری دەکرد منیـش دەمنووسـییەوە :

مـن چـاك لـە گـەڵ خامۆشـی و گریانـدا سـەنگەرم گـرت بـە هەمـوو کـون و کەلێنـی ئـەم مەملەکەتەمـدا چرپانـد ئـارام بگـرن ..ئـارام ...بـاسی چیـت بـۆ بکـەم ؟! بـاسی کامـە دەسـتە خووشـکە مەزنەکانـت بـۆ بکـەم!! دیـلان ..ئـای دیـلان کـە ناتناسـن چ مەریەمەیـەك بـووی! پـاش حـەوت شـەو حـەوت ڕۆژ لاشـە ڕزیووەکـەت دۆزرایـەوە، خوشـکەکەی لـە خـۆی ژێـر تـر بـوو مێردەکـەی  لـە خەوێـکی بەرائیانـەدا بـە سـەرینەکەی خنکانـدی، ئـەی نەرمیـن لـە یەکێـك لـە بیابانـەکانی کۆنـە مەعسـکەرێك تێکـەڵ بەلمیـان کـرد.

بـەڵام مـن هەمـوو شـتێکم بـۆ ئـەوان بـوو هـەر لـە خەتەنەکـردن و لـە چـك کـردن، نەخوێنـدن، سـەراپای ژیانـم بـۆ ئـەوان بـوو! کەچـی چەندیـن پرسـیاری تـرم بـێ وەڵام مانـەوە !! وەڵامـی هەمـوو ئـەو پرسـیارانەش فیشـەکی دەمانچـەی بەرپشـتی مێـردە بەنـاو نـوێ خووازەکـەی بـوو...

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لـە ژمـارە (١٢) تەمـوزی ٢٠٠٤ لـە گۆڤـاری (نواڵـەی نـوێ) بڵاو کراوەتەوە.

# ١٤

# دوا گەڕانەوەت

کاتێ لە پێپلیکانەی پاسەکە دابەزیت مشتو مڕێکت کرد لە گەڵ شوفێرەکە، پاشان سەرت هەڵبڕی بەملاو ئەم لات دەڕوانی. لە شێوەی زارۆیەك کاتێ لە باوەشی گەرمی دایکیەوە دەکەوێت بە هەموو هێزو توانایەوە هەوڵدەدات بگەڕێتەوە باوەشی.
ئاوا خۆت کرد بە کۆڵانەکەدا لە بەر خۆشتەوە دەتگوت:
-بەڵی ئەمە هەمان کۆڵانە بەڵام ئەم باڵاخانانە نەبوون، هەنگاوەکانت خێراتر دەبوون قاچەکانت یەکییان ئەوەی تریان دەخستە پێشەوە ناوە ناوەش سەیری ئەم بەرو ئەو بەری باڵاخانەکانت دەکرد. زیاتر دڵت دەگوشرا و ئارامت لێهەڵدە گیرا، باڵندەیەکی لانە وێران بووت بە هەموو لایەکدا هەڵدەفریت، چاوەڕوانی دۆست و ناسیاوێك بوویت تەنیا خەڵکی بیانیت دەبینی نەتدەزانی ڕووی پرسیار لە کام لابکەیت، بەڵکو لە شێوە و جل و بەرگ و زمانەکانیشت نەدەزانی بەلاتەوە ڕووداوێکی سەیر و دڵ تەزین بوو.

تـۆ بڵێـی لـە نـاو ئـەم هەمـوو خەڵکـە تەنیـا مـن غـەوارەم  نا...نـا تەنیـا من...بەڵـێ مـن بیـر و هۆشـت لای خـۆت نەمابـوو بـێ ئومیـد و پـڕ لـە گێـژاوەوە کۆڵانەکـەت دابـووە پێشـەوە، بـە تـەواوی کەوتبوویـە پەلـە قـاژەی نیـوە خنـکاوی نێـو بیرەوەرییەکانـت.

_کتێبەکانـم دەخسـتەبن هەنـگڵ بـە بیانـووی خوێنـدن خـۆم دەگەیانـدە سـەربانی کۆنـە حەسـارەکەی بـەر ماڵـمان تـا ئێـوارە زەردەی دەدا بەرامبـەر چـاوە سـیحراوییەکانی سـەیران پیاسـەم دەکـرد.

ئـەو رۆژەم بـاش لـە بیرەکاتـێ ئۆتمبیلـە جـام ڕەشـەکە هاتـە بـەردەم حەسـارەکە و سـێ کـەس دابەزیـن بـەرە و ڕووم هاتـن یەکـەو ویزەیەکیـان بـە دەسـتەوە بـوو گوتیـان :

_تەشریف بێنە کەمێك کارمان پێتە.

_منیـش سـەیری چـاوەکانی سـەیرانم کـرد دەیویسـت شـتێك بدرکێنێـت بـەڵام نەمـزانی ئـەم ڕازە چیبـوو لـە دوا جاریشـدا نەیدرکانـد، منیـان بـردە بـەردەم پیـاوە ورگ زڵـە عەینـەك لـە چاوەکـە پـڕسی :

_تۆ جوتیاریت ؟

_(...)

فەرموو بۆ دایرە پرسیار و وەڵامێکە دواتر دەتهێنینەوە.

هەنـگاوە کانـت خێراتـر دەبـوون شـانەکانت بـەم و ئـەو دەکـەووت هـەروەك کـەڕ و لاڵ داوی لێبووردنـت دەکـرد، خەڵکەکـە یەکـە یەکـە سـەیریان دەکـردی تـۆش بـە خێـرای تێدەپەڕیـت گومانـت لـە خـۆت و لـە بونـت دەکـرد.

کەمێـك هەنگاوەکانـت هێـواش کـردەوە قاچەکانـت تێـك دەئـاڵان ڕۆژیـش بـە تـەواوی بێهێـزی کردبوویـت، گەیشـتیە بـەردەم چێشـتخانەیەك لێـی چوویتـە پێـش خـۆت  لـە جامخانـە کریسـتاڵەکە بینیـەوە سەرسـام بوویـت:

_منم ...نا من یم؟

بـە گومانێکـەوە سـەیری شـێوەی خـۆت دەکـرد کەمێـك خـۆت جووڵاندەوە

وێنەکـەش لـە گەڵـت دەجووڵایـەوە دەسـتێکت بـە سـەر و ڕیشـە سـپیەکەتدا هێنـا و چاوەکانـت فرمێسـکی دەباراند وێنـەی گەنجیـت لـە تـەك وێنـەی پیـری لـە جامەکـە بـەدەر کـەووت تـۆش پرسـیارت دەکـرد:

_کامەتان منم؟!

هەردووکیان بەیەك دەنگ هاتنە وەڵام .

- منی لاو!

- منی پیر!

دووبارە بەڕوو گرژیەوە پرسیارت کرد وەڵامیان دایەوە:

- منی لاو منی لاو منی لاو منی لاو منی لاو منی لاومنی لاو منی لاو.

- منـی پیـر منـی پیـر منـی پیـر منـی پیـر منـی پیـر منـی پیـر منـی پیرمنـی پیر .

لـە گوێچکەکانـت دەزرینگایـەوە، ئـەم جارەیـان بـە هەمـوو هێزتـەوە نەڕانـدت.

- کامەتان منم ..کامە؟!!

وێنـەی گەنجیـت لـە بـەر چـاوان ونبـوو، خەڵکێـکی زۆر بـە دەورتـدا کۆبوونـەوە وایـان دەزانی کـە تـۆ شـێتی بـەڵام بەڕاشـکاویەوە لـە نێـو ئاپـۆڕی خەڵکەکـە دەرکـەوتی ڕەنگـت زەرد هەڵگـەڕاو شـێواو بوویـت، لـەو کاتـەدا نـە زەوی دەقڵێشـایەوە تیا ڕوبچیـت و نـە ئاسـمانیش بـۆ لای خـۆی هەڵدەکێشـایەوە، بـەڵام چـارت ناچـارە ئـەم جـارەش ڕێگـەت گرتـە بـەر مێشـکت وەکـو ئاشـێکی لـە کار کەوتـووی لێهاتبـوو لـە بـەر خۆتـەوە بۆڵـە بۆڵـت دەکـرد:

مـن هەڵـەم ئێـرە مەملەکـەتی مـن نیـە، ئێـرەش بـە کۆڵانەکەمـان ناچێـت کـوا ئـەم کۆتـرە سـپیانەی بەیانیـان و ئێـواران بـە سـەر بـانی ماڵەکانمـان هەڵـدە فڕیـن و لـە شـەقەی باڵەکانیـان دەداو بـەرەو ئاسـمانی کۆڵانـەکان دەچـوون .

- ئاخـر وا تەمەنێکـە ئێـرەم نەبینیـوە شـوێنەکانیش گشـتیان گـۆڕاوون

کۆترەکانیــش ســەفەریان کــردووە.

- نا ..نا..باوڕناکەم هەرگیز.

- بـۆ بـاوەڕ ناکەیـت ئەوەتـا دڵەکـەم خەریکـە کـۆت و زنجیـری سـینەم تێکدەشــکێنێت دەیــەوێ هەڵفرێــت بــە ئاســماندا بســوڕێتەوە ئــاوازی گەڕانــەوە بچڕێــت.

ئیـتر تـۆ لـەم سـەین و بەینـەدا بوویـت، ئەفسـوس بـۆ لای ڕاسـت ئاورێکت دایـەوە، شـوێنێکی خاپـوور کـراووت بینـی و ناسـیتەوە، ئـەم کۆنـە حەسـارە بـوو کاتـێ لێـی دەسـگیر کرایـت، دات لـە پـڕژنی گریـان لاشـەکەت کەوتـە سـەر زەوی خەڵـك بـە دەورتـدا کۆبوونـەوە...

# ١٥

# هەرگیز پاشگەز نابمەوە

شەوێکی تاریك بوو مانگ تازە پڕشنگەکانی خۆی بڵاودەکردەوە، لە سەرووی ژووری بەندیخانەکە کونێکی بچووك لە شێوەی دەلاقەیەك تیشکی ڕووناکی مانگەکەی تێیدا دەچوە ژوورەوە، دیوارەکانی ڕەش هەڵگەرابوون، بەخەتی سوریش نووسراوی تێکەڵاوی لە سەر دیوارەکانی نووسرابوون هەندێك شوێنیش خوێنی پێدا هاتبوە خوارەوە وشك ببوو، دەرگایەکەشی لە ئاسنی پۆڵاین درووست کرابوو، لە ناکاو شرقەی زنجیر لە دورەوە دەهات و تەپەی پۆستاڵەکان دەبیستران، پاشان دەنگی قفڵی دەرگاکە دەهات سەربازێك دەرگاکەی دەکردەوە و بە چرایەك ڕوناکی لە ژوورەکەداو (بەدەم هاوارەوە)

_ یەك دوو، سێ ،چوار، پێنج، شەش، حەوت.

( بە دەستێ چراکەی بەوەی تریان قامچیەکەی بە دەستەوە بوو)

لەم لاشەوە دەنگی تێهەڵدان، لە ژورێکی تر قیژەی ئافرەت دەبیسترا، زیندانییەکان کپ دامابوون بە تیلەی چاو لە یەکیان دەڕوانی دەنگی

سـەربازێك دەهـات.

((ئەمە سەگێکی ترمان هێنا))

وردە وردە نزیـك دەبـوو تـا گەیشـتە بـەر دەرگای ژورەکـە بـە پـاڵ یەکێکیـان هەڵـدا ژوورەوە، لـە بـەر ڕونـاکی چراکـە بـە دەرکـەوت کـە پیرەمێردێـك بـوو سـمێڵە زڵەکـەی لـە گـەڵ ڕیشـە سـپیەکەی تێکـەڵ بـە یەکببـوو، پاسـەوانەکە نەڕانـدی ((ئێـوە دەبێـت تاکـوو مـردن لـەم ژوورە تاریکـەدا بڕزێینـەوە چونکـە تێکـدەرن)) دەرگاکـەی داخسـت، پـاش بێدەنگیـەکی دوورو درێـژ یەکێـك لـە بەندکـراوەکان ڕووی پرسـیاری لـە پیـرە پیاوەکـە کـرد:

-تۆ چیت ؟

-من مرۆیەکم

-دەزانین تۆ مرۆڤیت

–بەڵام مەبەستی من ئەوەیە بۆ گیراویت؟

-جـا کـوڕم ئەمـە پرسـیاری دەوێ ؟ بـۆ نـازانی ئێمـە مانـان بۆچـی دەسـتگیر دەکرێین؟

(یەکێکی تر لەولاوە قسەی بڕین)

-(باشە خاڵە ناوت چیە)

-(بەداماوی) ڕۆڵە من ناوم (کاوە) یە

هـەر بـەم دەردە ئـەم شـەوە هەتـا بەیـانی سـێ جـار بردیـان بـۆ لێـدان، کەچـی دادی نـەدا هیچـی نـەوت کـە ڕۆژ بـووەوە هـەر بـە لێشـاو خەَلکیـان دەهێنـا و لـە ژووریـان دەکـردن بـەڵام یەکـە یەکـە دەیـان بـردن و نـە دەگەڕانـەوە .

شـەوێك کاوە پاڵـی بـە دیوارەکـەی پشـتی دابـوو خـەو نەدەچـوە چـاوەکانی لەبـەر خۆیـەوە وورتـە .. وورتی دەکـرد.

(دەبـێ پاشـگەز ببمـەوە بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر نـەورۆزی کـوڕم لـە گـەڵ نشـتیمانی کچـم ببینمـەوە هـەر بـە گریانیش..نا...نـا چـۆن دەبـێ

پاشـگەز ببمــەوە سـەر بـۆ دژمنــان و داگیرکـەران دا بنوێنـم. ورده، ورده، فرمێسـکی بـە سـەر ڕیشـە سـپیەکەیدا دەبارانـد دەچـووە نـاو شـەپۆڵەکانی دەریـای خەیاڵـەوە.

هاوڕێکانـم ئـەوە دەرگای بەندیخانەکـە کراوەتـەوە ژوورەکەمـان بـووە بـە ڕۆژی ڕوونـاك ئەوەتـە باڵنـدەکان بـە ئاسـوودەی بـە ئاسـمانی سـەرماندا دەسـوڕێنەوە، بـەر دەرگای زیندانەکەمـان بۆتـە دۆڵێـکی فـراوان پـڕە لـە گـوڵ و گیـای سـەوز، بەهارێـکی پـڕ لـە جـۆش و خرۆشـە دەنگـی سرودی (ئەمـڕۆژی سـاڵی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە) دەبیسـتم وا دیـارە نـەورۆزە ئێمـە نەمـان زانیـووە. شـایی و زەماوەندێـکی گەورەیـە نشـتیمانی کچـم سـەرچۆپی گرتـوە، نـەورۆزی کـوڕم دەسـتی ناوەتـە نـاو دەسـتی بـووك و بۆتـە زاوا ئاپـۆڕی لاوانی بـە دەورەوەیـە، سـەیرکەن گونـدە کاولبووەکەمـان ئـاوەدان کراوەتـەوە، خانووە ڕووخاوەکانمـان بوونەتـە کۆشـکی بـەرز.. بـەرز)) لـە خۆشـیان خـۆی پێرانـە دەگیـرا، ڕاپـەری بەڕاکـردن خـۆی بـە دەرگا ئاسـنینەکەدا و کەوتـە خـوارەوە لـە هـۆش خـۆی چـوو گیـراوەکان گشـتیان لـە خـەو ڕاچڵەکیـن بـڕێ ئـاو لـە نێـو قتووێـکی ژەنـگ هەڵێنـاو کردیانـە سـەردەم و چاوییـەوە.

دەنگـی دەرگاکـە هـات بەندیـەکان هـەر یەکەیـان بـە پەلـە لە شـوێنی خۆیان دانیشـتنەوە، سـەربازەکە لیسـتێکی بە دسـتەوە بوو.

کامەیان کاوەیە ؟

تۆزیك بە هێواشی و بە یەکەوە گوتیان ئەمەیە .

سـەربازەکە لێـی چـووە پێـش بـە پۆسـتاڵەکەی پێیـەکی خسـتە سـەر کەللـەی بەزەویـەوە قیڕسـاندی خوێـن لـە دەم و لـووتی فیچقـەی دەکـرد، پاشـان شـاپێکی تێهەڵـدا ئەمیـش وەهـۆش خـۆی هاتـەوە ڕاپـەری ((کـوا نـەورۆز کوانـێ نیشـتمان ئەکـوا ئـازادی)) سـەربازەکان دەسـتیانکرد بـە قاقـای پێکەنین پەلبەسـتیانکرد، بـەرەو ژوورەکەیـان برد...!!ئـەو ژوورە بـە سـەدان رۆڵـەی کـوردی لـێ فەلاقەکـراوە !

لـە سـووچێکی دیوارەکـە هەڵیانـواسی، بینـی کوڕەکـەی لـە بەردەمـی لـە

دار دراوە بــە دەنگێــکی نــزم وخــۆ ڕاگرانــە ((نــەورۆز گیــان ئــەوە تــۆی)) دوای لێــدان و کوتانێــکی زۆر و بەکارهێنــانی وزەی کارەبــا و جۆرەهــا ئــازارو ئەشــکەنجەی بــێ رەحمانــە، پیــاو کوژەکــە نەڕانــدی ((کاوە گــەر دەتــەوێ کــوڕە خۆشەویســتەکەت بــە زیندویــی لــە گــەڵ خــۆت ببەیتــەوە چیــت لایــە پێــمان بڵــێ گەرنــا ئەنجامەکــەی بــاش نابێــت...)) نەورۆزیــش بێباکانــە ڕووی لــە بــاوکی کــرد ((نا...نــا باوکــە مــن خۆزگــە ســەت گیانــم هەبوایــە لــە پێنــاوی ئــەم خاکــەدا بەختــی بکــەم)) کەچــی ئــەو خــۆشی نازانــێ ســۆزی نەتەوەکــەی یاخــوود کــوڕە تاقانەکــەی بــە ســەر دڵ و دەروونیــدا زاڵدەبێــت، لــە نــاکاو بــێ دوو دڵــی ســەرێکی ڕاوەشــاند کــە نیشــانەی نــاڕەزای بــوونی بــوو، کەچــی جەلادەکــە خەنجەرەکــەی لــە ســەر ســنگی چەپــی نــەورۆز چەقانــد، فەرمانیدا کــە کچەکــەی بێنــن .

کاوە چــاوەڕوانی هەمــوو کارەســاتێك بــوو کەچــی بیــری بــۆ ئەمــە نــە دەچــوو. کاتــێ نشــتیمانیان هێنــا لــە بــەردەم باوکیــدا هەڵیانــواسی و جلەکانیــان لەبــەر دادڕی، کاوە بــە تــەوای دونیــای لەبــەر چــاوان تاریــك بــوو خوێــن لــە شــادەمارەکانی هاتــوو چوویــان نــە دەکــرد هــەر دوو چــاوەکانی داخســت، ئەوان بــە گاڵتەجارییــەوە ((کاوەی قارەمــان پاشــگەز دەبیتــەوە یــان لــە بەردەمــی خــۆت ئابــڕووی کچــە خونچــەی تــازە پێگەیوەکــەت ببەیــن و بیکەیــن بــە... )) کەچــی کاوە کۆڵــی نــەدا هــاواری دەکــرد هەرگیــزا و هەرەگیــز پاشــگەز نابمەوە نا..نا...نــا بــە گریانــەوە ســەری خــۆی دەدا بــە دیوارەکــەی پشــتی تاکــو مێشــك و خوێنــی بــە یەکــەوە ڕژانــە ســەر خــاك و دوا گیــانی لــە دەســتدا. بۆیــە خوێنــی ســنگ و دڵــە بــە ســۆزەکەی نــەورۆز و ســەڕو مێشــکی کاوەی دڵســۆز لــە گــەڵ خوێنــی دامێنــی پــاکی نیشــتمان، بــە یەکــەوە ڕژانــە ســەر خــاك لەگــەڵ گریــانی خــاك، بــوو بــە جۆگەڵەیــەك پاشــان بــوو بــە دەریــا، ســەربازەکانی تێــدا خنکانــدو دەرگا پۆڵاینــەکانی شــکاند.

**هاوینی / ١٩٩٦**

# ١٦

# دووکەڵ

بـۆ ڕۆژی حەوتـەم دەچـوو لـە بـەردەم باڵیۆزخانەکـە لـە چاوەڕوانیـدا بوویـت، کەوتبـووە نێـو یەکێـك لـە کۆڵانـە ڕازاوەکانی پایتەخـت.
ئـەو ڕۆژە تاریـکی تـەواو ئـەم نـاوەی داگـرت کەچـی هیـچ وەڵامێـکی نەبـوو، تاکـو تـووك خەڵکـت لـە شـەقامەکەدا دەبینـی هاتـوو چوویـان دەکـرد، ڕەش پێسـت، سـپی پێسـت، سـوورە ..هەنـدێ جـار خـۆت بـە خوێندنـەوەی تابلـۆکانی سـەر دیـوارەکان خەریـك دەکـرد کەڵـکی نەبـوو، نـا چـار وەکـو ڕۆژانی ڕابـردوو ڕێگـەی بـێ ئومێدیـت هەڵبـژارد.
خـۆت گەیانـدە ئـەو کۆنـە قاوەخانـە بچووکـەی بـەردەم باڵاخانەکـە، کاتـێ خـۆت بـە ژووردا کـرد ئێسـتێکت کـرد بـە دەم وەسـتانەوە ژووری قاوەخانەکـە پـڕ لـە جەنجاڵـی مـرۆڤ بـوو، هـەرا و زەنـای قسـە و بـاس و تـاق و تریقـی سـەر مێـزەکان لەگـەڵ دووکەڵـی سـیگارو قەلیانـەکان ئێجـگار شـلەژایت.
هـەر چۆنێـك بـوو خـۆت خزانـدە سـەر کـورسی ژێـر مێزێـك کـە لـە

ســووچێکەوە دانرابــوو چرکــە ژمێــری کاتژمێرەکــەت جــارێ بــە دەوری خۆیــدا نــە خولایەوەیــەوە کاتــێ خزمەتچیەکــە لــە بەردەمــت ئامادەبــوو.

_گەورەم فەرموو چی دەخۆیتەوە؟

-(....)

-چای ... قاوە...نسکافی؟

-هیچ

کابــرا وەرێنەیــەکی کــردوو بــە تەنیــا جێیهێشــتی، ســەرت ئاونێکبــوو مێشــکت تێیــدا دەکوتــرا، دەســتت لــە گیرفانــە بــە تاڵەکانــت گێــڕا تەنیــا پاکەتــێ ســیگارو چەخماخەکــەت کەوتــە دەســت، ســیگارێکت نایــە نێــو دوو پەنجــە لەرزۆکەکانــت داتگێرســاند. نیــگای چاوەکانــت خســتە ســەر دووکەڵــی ســیگار ڕامایــت: پەیتــا پەیتــا دووکەڵەکــە ڕووی لــە زیادبــوون دەکــرد تاکــو ژوورەکــەی قــاوەدا، بــوو بــە دۆزەخ تەنیــا چاوەکانــت دەبینــی چــاوی رەش ...چــاوی شین...باشــقاڵ.

چــاوەکان لــە کەللــە ســەرەکان جیــا دەبونــەوە هەندێکیــان ســەرە تاتێکیــان تێدەگــرتی هندێکیــان بەزەییــان پێیــان دەهاتیــەوە، ســەرە کوێرەکانیــش کۆخــە کۆخیــان بــوو، ئالۆســەکانی مــەرگ بــوون، کفــن کــران بوونــە تارمایــی ونبــوون چاوەکانیــش هــەر بــۆ خۆیــان بوونــە مەیــت شــۆرو گــۆڕ هەڵکــەن، کفــن دوربــوون، لــە بەردەمــت گۆڕێکیــان هەڵکەنــد کەســێکیان بــە زیندویــی چــاوان تێــدا نێــژت، دەمــت نــا بــە ســیگارەکەت ســەرت کەوتــە ســەر مێزەکــەو ســیگارەکەت کەوتــە ســەر زەوی.

**تێبینی:**

ئــەم چیرۆکــە لــە گۆڤــاری ((چیرۆکنــما)) ژمــارە ((٢)) نیســانی ٢٠٠٥ دابەزیــووە.

# ١٧

# ئاسۆیەکی ون

بە تەواوی گومانت لە هەڵاتنی تیشكە پڕشنگ دارەكانی ئەو دیووی هەرێمە بە ستەڵەك و كڵۆ بەفرە مەزنەكانت دەكرد، سەرنجێكت تێگرت ...(ڕۆژانی زوو ئێجگار وا نەبووم، ئەمرۆ ئۆقرەی لێبڕیووم!
ئەو بەیانییەی كە لەخەو هەڵسام وام مەزندەكرد هەموو د ونیام لێ هاتۆتەوە یەك ..نەم دەزانی چیبكەم؟ بڵێم چی ..بۆ كوێ ئۆغركەم؟!
ئێ دەباشە كەسیش ناڵێ چیتە..؟
ئەژنۆ كانت تەتەڵەیان بوو هەر لە چاوەڕوانی شەمەندەفەرەكە دا بوویت، لە ناخی خۆتدا ڕوو چوویت ((ئەوە بۆ یەكەم جارە دوای بیست و دوو ساڵ ئاوارەیی بڕیاری وا بە كتووپڕم دابێت سەر بڕین ..یان...)) زەنگی كلێساكەی بەردەمت بێدەنگی شكاند هێڵی بیركردنەوەت پچڕا، سەرێكت بەرزكردەوە دواتر لە دەور و پشتی خۆت ڕوانی كەست بە دەورەوە نەماوە سەیری كاتژمێرەكەی دەستت كرد، كات درەنگە..بڕوات نەكرد بە هێواشی بارگەكەت هەڵگرت.

ناچـار بـەرەو دووڕیانێـکی ئاسـۆیەکی ون هەنـگاوت دەنـا، بـە پێکەنینـەکی گومانـاوی و لـە بـەر خۆتـەوە دەتگـوت: دەی چـۆن چـوو بـا هـەر وا بچێـت.

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری (( چیرۆکنـما)) ژمـارە ((٢)) نیسـانی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتـەوە.

# ١٨

# دێیەکی خاپوورکراو

کـوڕە لـە وێـوە وەسـەر گـردە بەرزەکـە کـەوت بـە دڵێـکی فراوانـەوە هەناسـەیەکی قووڵـی هەڵکێشـا ((ئۆخـەی وا جارێـکی تـر گەڕامـەوە بـۆ زێـدی بـاوو باپیرانـم)) سـەیری دۆڵـە فراوانەکـەی کـرد وەلـێ بـە حەپەسـانێکەوە بـەری چـاوی تاریـك بـوو زمـانی لاڵ بـوو ئەژنـۆکانی هێـزی وەسـتانیان نەمـا ((ئە...ئەم...ئەمـە ...بـۆ؟؟))

بـۆ خـوارەوە ژوور داگـەڕا چانتاکـەی بـە دووای خـۆی داکێشـا تـا بـەردەم دارتـووە بـەرزە وشـکەکە چـوو، نـاڕەزای لـە قـەدی دارەکـەدا دەبینـی کـە کەوتبـووە سـەر ئـەو کانیـاوەی چەندیـن تاشـە بـەرد سـەریان بـە یەکـەوە نابـوو ((لاو و پیـرەکانی دێ گشـتیان لێـرە کۆدەبوونـەوە ئـەم جارەیـان تەنیـا گـەڵای هەڵوەریـووی پیـرە دارەکـە ڕیزیـان بەسـتووە)) لـە وێشـەوە تێپەری خانـووی داڕمـاو، پـاش مـاوەی گوللـەکان، سـەنگەرە بچـووك بچووکـەکانی دەبینـی. ڕووە و ڕۆژئـاوای دێیەکـە ڕێگـەی گرتەبـەر، ڕوو گـرژی ڕۆژو ڕقـی خـاك، ئـەم کارەسـاتە دڵتەزێنـە تـەواوی ڕێـڕەوی هەنگاوەکانـی گـۆڕی

هـەر چۆنێـك بێـت خـۆی گەیانـدە گۆڕسـتانە تازەكـە، پاڵیـدا بـە یەكێـك لـە كێڵـەكان دوای كەمێـك حەسـانەوە گۆڕێـكی بینـی، دوو كێڵـەكانی زۆر بـە زەقـی كەوتـە بـەر چـاوان و نووسـینێكی لـە سـەر هەڵكەنـدرا بـوو لەگـەڵ سێ چوارێـكی بچـووك تەلبەنـد كرابـوون، بـە دەم هـاواری ((دایكـە)) دوا هێـزی لێـبرا.

**شەقڵاوە / ١٩٩٧**

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆكـە لـە گۆڤـاری (( چیرۆكنـما)) ژمـارە ((٢)) نیسـانی ٢٠٠٥بڵاوكراوەتـەوە.

## ١٩

# پیاوە هەژارەکە

لەوەتـەی ڕووی کردۆتـە شـار بـۆ ماوەی سی سـاڵی ڕابـردوو هەمـوو ئێواران کاتی لـە چایخانـەی بایـز بـە سـەر دەبـات لەگـەڵ هاورێـکانی دادەنیشـێت ئـەو ڕۆژە ئێوارەیـەکی زوو وەکـو ڕۆژان ئاسـا ڕووی لەوێکـرد، لـە چـاوەڕوانی دۆسـتانی دابـوو گوێیـەکانی هەڵخسـتبوو بـۆ کێشـمە کێشـمی خەڵـکی نـاو چایخانەکە.

((دەڵێن ئەم جارەش خەڕمانە گەنم  زۆر سووتاون ...؟!))

ناکاکە گیان شەڕ دوورە!!

گەر وانەبێ بە شکانی ئێمەیە..!

نـاوە نـاوەش گرمەیـەك ئـەم نـاوەی دەهەژانـد، ئەویـش لـە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت: شـەڕ دوورە ...؟! ((لـە کۆڵـمان نابنـەوە تـا سـەری خۆیـان نەخـۆن !))

کەچی لە چاو ڕۆژان شەقام چۆڵ دێتە بەر چاوم.

بـەڵام ئـەم جارەیـان نیـگای چاوەکـەنی سـەرنجیان بـۆ لای ئـەو پیـاوە

لـە ڕووو لاوازە ڕاکێشـا کـە پاڵـی بـە دیوارەکـەی بەردەمـی دابـوو سـەری خسـتبووە نێـو ئەژنـۆکانی جامانـە شـڕەکەی ڕاخسـتبوو سـێ چـوار دینـاری ئاسـنی لـە سـەر کەوتبـوو .

**هەولێر / ١٩٩٩**

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری (( چیرۆکنـما)) ژمـارە ((٢)) نیسـانی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

## ٢٠

# نووسەری چاو پێڵاو

ئـەم ڕۆژە بـە قژێـکی خـاو درێـژو لـول و ڕدێنـە تەهریشـکراوە کەیـەوە هاتـەوە، ددانـە گـڕەکانی دەرخسـتنەوە سـەرەتا لـە دەرگاکـەوە مـاچ و مـوچ دواتـر هەندێکیـان دەسـت گوشـین ئەوانـەی تـر سـەری بـۆ لەقانـدن دواتـر لـە سـەر هەمـان کورسـی لاپەرگەییـەکی چایخانەکـەوە دانیشـت، پـارەی هەمـوو ئـەو چـاو قاوانـەی وێردکـرد کـە لـە پێـش هاتنـی ئـەودا خورابوونـەوە، هەمـوو نووسـەرەکانی ئـەم شـارە دەناسـێت، هاورێیەتـی لەگـەڵ زۆربەیانـدا هەیـە، ئـەی شـاعیر و چیـرۆك نووسـەکان بـۆ ناڵێـن وەك کـوڕی پوریـان وایـە، نـاوی یەکـە یەکەیـان دەزانێـت، وەك خـۆی وتـەنی سـوێندی بـە سـەری دەخـۆن بـەڵام هەمیشـە داخێـك کوشـتوویەتی کـە بۆچـی نابێـت بـە نووسـەر بـۆ ناوبانـگ و شـۆرەت هێنـدی منـارەی چـۆلی نـاسراوە، لەگـەڵ سـەر نوسـەری گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان دایـك و بـاوك بـرا، کەچـی هەرگیـز نابێـت بـە نووسـەر دوایـن ڕۆژ دایـکی بـە گریـان و فیغانـەوە بـۆ بـەردەم چایخانەکـە هـات و کروزایـەوە، بۆچـی

کـوڕە تاقانەکـەی ناکەیـن بـە نووسـەر بۆچـی بـەم دەرد و کەسـەرە سـەر بنێتـەوە، لـە هەمـوو کـۆڕ و کۆبوونەوەیەکیـش لـە پێشـەوە بـوو، بـن باڵـی ڕۆژ تـا ئێـوارە پـڕ لـە ڕۆژنامـە و سـێ قەلـەم بـە سـەر کراسـە سـپیەکەیەوە خـۆی دەردەخـات، زبڵـدانی ڕۆژنامـەکان و گیرفـانی نووسـەران نـە مابـوو دەستنووسـێکی ئـەوەی تێـدا نەبێـت، بـەڵام تـا ئێسـتا بـۆ ڕۆژێکیـش بـە مـوراد نەگەیـی. ڕۆژی پێشـتر زۆر لـە خـۆی بێـزار دەبێـت، بۆیـە هـەر لـە چایخانەکـەوە دەردە دڵـی خـۆی بـە سـەر کاغەزێـکی سـپیدا هەڵدەڕێژێـت، بـە مانشـێتەکی گـەورەو قەبـەوە دەنووسـێت «مـن هـەر دەنووسـم ئێـوەش بڵاویمەکەنـەوە» لـە ڕێـگای پۆسـتەوە لەگـەڵ وێنەیـەکی گـەورەی خـۆی بـۆ ڕۆژنامــە دەنگــی میللــەت دەنێرێــت، کاتــێ بــە نــا ئومێــدی لــە چایخانەکـەوە دەرکـەوت بـۆ ئـەوەی پێـڵاوەکانی لای منداڵـە بۆیاخچەکـەی بـەردەم چایخانەکـە بێنێتـەوە، سـەیری وێنـەی ئـەو ڕۆژنامەیـەی کـرد کـە لـە ژێـر پێـڵاوەکانی ڕاخسـتراوە، بـە حەپەسـاویەوە خـۆی لـە ڕۆژنامـە بۆیاغاوەیەکـە کـرد و بـە دەم ڕاکردنـەوە هـاواری کـرد ئیـتر لـە مـڕۆ بـە دواوە نـە چـا دەخۆمـەوە نـە پێڵاویـش بۆیاغدەکـەم.

**تێبینی:**

ئـەم چیرۆکـە لـە گۆڤـاری کاروانی ژمـارە (٢٣١) ی سـاڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی ڕۆشـنبیری حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە.

# ٢١

# دادگا

ژیـان لێـرە دادگایـە مـرۆڤ کەرسـتەیەکە خـودا بەڕێـوەی دەبـات، هێـز دادوەری و مـردن و ژیانــە، هەمــوو شــتێك لێــرەوە دەســت پێــدەکات هــەر لێــرەوەش کۆتایــی پێدێــت، دادگا خۆشەویســتی دەڕوێنێــت بــە هەمـان شـێوە دەبێـت ڕق بڕوخێنێـت، بونیـاد، تێکـدان، پێکەنیـن، گریـان، هەناسـەدان، هەنسـکدان، گـوڵ بـاران، قـوڕ پێـوان، زینـدان، ویـژدان، مـان و نەمـان، تەنیـا دادگایـە بڕیـاری خـۆی دەدا.

**دانیشتی یەکەم**

لـە یەکێـك لـە هەرێمـە دوورە دەسـتەکانی زەمـەنی ئـەو دیـوی هـزری مـرۆڤ، دەڵێـن دادگایـەك هەیـە، کـە هەمـوو شـتێك لـەوێ گونـاە و تاوانـە، کوشـتن، بڕیـن، دزیـن، کڕیـن، گریـان، پێکەنیـن، ڕق، خۆشەویسـتی، حـەز، عەقـڵ، بیرکردنـەوە، زانسـت، تێفکردیـن، تفکـردن، تڕیـن، فسـین، قنیـن، تەنانـەت وەڕێنەکـردن و شـەیتانی بـوون، گەورەتریـن سـزای خـۆی

هەیـە، لێـرە مرۆڤـی بـێ ڕیـش، ڕیشـدار، قـژن و پەڕپـوت، بـێ شـەرەف و شـەرەفدار، جـوان و ناشـیرین، بـاش و خـراپ، ڕۆژانـە هـەزارن مـرۆڤ بـێ سـەر و هـەزاران سـەر بی لاشـەن، دەمـەکان بـێ زمـان و زمـان بـێ گفتوگـۆ، چـاوەکان بـێ کەللـە و کەللـە بـە تـاڵ، لێـرە بێدەنگـی واتـا لـە سـێدارەدانە، هـاوار هاواریـش بـەر زللـە دانـە، دەڵێـن یاسـای خـوا لـەوێ بـەکارە، هەرگیـز هەقـی مرۆڤـی قۆچـداری نیـکل لـە سـەر مرۆڤـی بـێ قـۆچ نامێنـێ، گـورگ و مـەر بـە یەکـەوە میـزی یەکـتر دەخۆنـەوە.

## دانیشتی دووەم

لـە هەرێمـە نزیکـەکانی دامێنـی حـەزی مـرۆڤ، دەڵێـن خەڵکەکـەی دادگایەکیـان دروسـت کـردوە، هەمـوو حـەزەکانی مـرۆڤ لـەوێ بـوونی هەیـە تەنیـا بیـر و عەقـڵ نەبێـت، باشـەکان خـراپ دەکرێـن، خراپـەکان بـاش، حـەزەکان تێـر دەکرێـن، حیـزەکان حیزتـر دەکرێـن، پاکـەکان سـەر زەنشـت دەکرێـن، تاوانبـاران خـەڵات، هیـچ شـتێك لێـرە پرسـینەوەی لـە سـەر ناکرێـت، کوشـتن، بڕیـن، وێرانکـرد، کاوڵـکاری، گیرفـان بڕیـن، بـن بڕیـن، تێبڕیـن، خواردنـەوە، کردنـەوە، بردنـەوە، شـکاندن، سـوتاندن، غافڵانـدان، خەڵفانـدن، قرتانـدن، فڕانـدن، حەزانـدن، قەپانـدن، تەپانـدن، ڕەپانـدن، شـەپاندن، سـەرپەڕ، دەسـتپەڕ، سـەر پـەل، تەنیـا تاوانێـك کـە لـە وڵاتـەدا یاسـاغ بێـت ئەویـش لێپرسـینەوەیە، داوای مـاف و هەقکردنـە. بۆیـە دەڵێـن لـەو هەرێمـە سـەگ خـاوەنی خـۆی نـا ناسـێتەوە.

## دانیشتنی سێیەم

دەڵێـن لـە هەمـوو هەرێمـەکانی ژیـانی مـرۆڤ دادگایـەك بوونی نیـە، هەموو حـەزە و هیـوا و ئاواتـە جوانـەکانی مـرۆڤ لـەوێ بەرجەسـتە کرابێـت، ویـژدان تێیـدا پادشـا بێـت، تەخیتـی لـە فـەرشی بەرائەتـەوە بـۆ ڕاخرابێـت، هەرێمێـك نیـە لـە پـاکی، سـنورێك دوور لـە دوایێـی پیـسی مـرۆڤ، وڵاتێـك

خاڵـی لـە خـووە ناشـیرنەکان، دارسـتانێك نیـە بـە جـوانی دەوەر درابـێ، لـە دیـواری خۆشەوەیسـتی کۆشـك و تـەلاری بـۆ سـازکرابێ، ڵـق و پۆپـی درەختـەکانی لـە عیشـق ڕوابـێ، پیـرۆزی تێیـدا پادشـابێ، هەژاریـش لـەوێ گەدابـێ، هەمـوو مافێـك لـەوێ ڕەوابـێ، تەنیـا داوەڕێـك لـەوێ باڵابێـت، هەمـوو مرۆڤێـکی وەك یـەك لـەلا یەکسـان بێـت، چونکـە لـە دوا بڕیـاری دادگادا هاتـووە و دەڵێـن «شـوێنەك نیـە تـەواوی مافـەکانی مرۆڤـی تێیـدا بـەر قـەرار بێـت، گـەر مـرۆڤ خـۆی بڕیـار دەری دادگا بێـت»

۲۲

# ئەوەی نەموێرا بیڵێم نووسیمەوە

تابڵی نووسەرێکی زۆر ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆی، بەژنەکەی ناوێرێت گەر بۆی بلوێت بە چیرۆك زیندە بەچاڵی دەكات، هێندە لە بەرێوەبەری فەرمانگەکەی بێزارە، بە درِندە و ئەژدیها ناوی دەبات لە دەست خاوەن خانووەکەی ڕۆژانە گۆشەیەك لە سەر کرێچییەتی پڕدەکاتەوە، لە بەر جوانی لەش و لاری کچە فەرمانبەرەکەی بانك جگە لە شیعرە تەر و ناسکەکانی بە ناوی قژی با، مەمکی ئیلاهی، نینۆکی حەوا، لەش و لاری ماسی، ڕۆژێك نا ڕۆژێکیش بە ناوی پارەی خوردە و پارەی دڕاو پارەی چاپ، پارەی بڕاو، دراوی بیانی، دەنووسێت لە سەر گرانی بازار و قەرەباڵغی بێکاری و سوتەمەنی و کارەبا هەر مەپرسە، دوایین جار لە سەر گۆشتی باش یان گۆشتی خراپ قەسابەکان تێر و پڕ تێی هەڵدەدەن بۆیە دوا جار دەنووسێت «تێم هەڵدەدەن یان تێم هەڵنەدەن ئەوەی نەم وێرا بیلێم نووسیمەوە».

**تێبینی:**

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (۲۳۱) ی ساڵی ۲۰۰۸ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

## ٢٣

# لە پڕێك چۆن دەبێت بە کوڕێك

ماوەی شەش حەوت ساڵێکە بە هۆی برادەرێکەوە دەستی داوەتە نووسین، تاکو ئێستا بیست و پێنج بەرهەمی چاپکردووە، سەرەتا بە شیعرە مۆبایل دواتر شیکردنەوەی گۆرانی هونەرمەندان و دوای ئەوە چەند سەت زانیارییەك، ئەم جارەیان بوو بە سەر نووسەری دوو گۆڤاری مانگانەی سی لاپەرەیی گەنجانە، بە فەرمانێکی حزبی کەوتە بەشی ڕاگەیاندن و سەرپەرشتی دەزگایەکی فکری و ئەدەبی دەکرد، لە دوای ئەوەش لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەك پسپۆری وەزارەت کاردەکات، لە دوا کارەکانیدا بیرەوەری و ئەزموونی ئەدەبی ئەو چەند ساڵەی خۆی نووسێتەوە بە سێ بەرگی جوان ڕەنگاو ڕەنگ کەوتە بازاڕەوە.

# لەبارەی نووسەر

**دڵشاد کاوانی**

ناوی دلشاد رزاق ڕەسووڵ لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٨ی شاری قەزوینی وەڵاتی ئێرانە.

لە ساڵی ١٩٨٤ لە کاوانیانی سەر بەقەزای شەقڵاوە چووتە بەرخوێندن.

یەکەم وێستگەی نووسینی لە ساڵی ١٩٩٦ بە شیعر دەست پێ دەکات.

لە هەمان ساڵدا یەکەم چیرۆکی بە ناوی «هەرگیز پاشگەز نابمەوە» دەنوسێت.

زیاتر لە ٢٤ چیرۆکی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کردۆتەوە، چەند چیرۆکێکی لە زمانی فارسی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

خەڵاتی یەکەم و دووەم لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ ی لەسەر ئاستی کوردستان و هەولێر بۆ چیرۆکی لاوان لە فیستیڤاڵی ئازادی لاوان وەرگرتوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و براقی ڕۆشنبیری ئاکرێ خەڵاتی ڕێزلێنانی «ڕۆژی هەڵبەست» بۆ شیعر وەرگرتووە.

لە هەمان ساڵ خەڵاتی کوێستان بۆ نووسین لە وەردەگرێت. لەساڵی ٢٠١١ لەلایەن کۆمەڵەی رۆشنبیران و پێشکەوتنخوازانی شەقڵاوە خەڵاتی

«مەم» ی بۆ چیرۆك پێدەدرێت.
لە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن سەنتەری ڕۆشنبیری حەریر و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هونەری شەقڵاوە خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ چیرۆك وەردەگرێت.
لە ساڵی ٢٠١٣ خەڵاتی باشترین چیرۆکی لاوانی لەلایەن «شێرزاد حەسەن» لە ڤیستفاڵی لاوانی سۆران پێ دەبەخشرێت.
دواین جار لە ساڵی ٢٠١٩ خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی فیستڤاڵی ماڵی کتێبی بردووە. نووسەر تائێستا خاوەن هەشت خەڵات و حەوت بڕوانامەی ڕێزلێنانی ئەدەبیە.
ئامادەکارو پێشکەش کاری بەرنامەی «ئەدەب و چیرۆك» بووە. لە ڕادیۆی ئازادی دەنگی شەقڵاوە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سابات و گۆڤاری کوێستان بووە.
جگە لە بواری ئەدەبی چالاکوانی مەدەنییە و زیاتر بۆ ماوەی دە ساڵ وەك ڕۆژنامەنووس لە هەرسێ بواری بیندراو بیستراو نوسراو کاری کردووە.